زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# ڕۆڵی بەرنامەی بنکۆڵ لە کەناڵی (K24) لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێری کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەکو بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە میدیا/ تەلەڤزیۆن

لەلایەن

**هەڵات جعفر خورشید غەفوری**

بەکالۆریۆس- ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر -2019

بەسەرپەرشتی

**پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفی**

هەولێر - 2022

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەر نامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (ڕۆڵی بەرنامەی بنکۆڵ لە کەناڵی (K24) لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو :

ناوی قوتابی:هەڵات جعفر خورشید غەفوری

ڕێکەوت:

پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادە کراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی میدیا / تەلەفزیۆن من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو : پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفى

واژوو:

ڕێکەوت:

پشتگیری دەکەم هەموو پێداویستیەکان جێبەجێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: م. منصور نورالدين حسن

سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا

ڕێکەوت: ١٠/ ٩/ ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم هەموو پێداویستیەکان جێبە جێکراوە، بۆیە من ڕازیم ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

واژوو: ....................

ناو:م.ی. کۆسار نجم الدين محمد

ڕێکەوت: ..............................

بریاری لیژنەی تاوتوێکردن

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە (ڕۆڵی بەرنامەی بنکۆل لە کەناڵی (K24) لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا) خوێندەوە و قوتابیەکەمان ناوی (هەلات جعفر خورشید غەفووری) بوو، لە ناوەرۆکەکەی تاقی کردەوە. ئێمە بڕیاردەدەین پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی میدیا/ تەلەڤزیۆن تێدایە.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. سامان جلال مولود

ئەندام

ڕێکەوت:

واژوو:

ناو: پ. ی.د. عبدالخالق ابراهیم مصطفی

ئەندام

ڕێکەوت:

واژوو:

ناو: پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفی

ئەندام وسەرپەرشتیار

ڕێکەوت:

واژوو:

ناو: پ.د. هێرش رسول مراد

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت:

واژوو:

ناو:پ.ی.د. ئازاد احمد محمود

ڕاگری کۆلێژیەوەکالەت

ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٦/٢٦

## پێشکەشە

- بە دایک و باوک و خانەوادەکەم .
- بە هاوسەرم و منداڵە چاوگەشەکانم (راڤیۆل و ڤارنا ) خوای گەورە پارێزراویان بکات.
- بە هەموو مامۆستایان و هاورێکانم لە زانکۆکانی ( سەلاحەدین و پۆلیتەکنیکی هەولێر).
- بە هەموو ئەو کەسانەی کە بە وشەیەک هاوکارییان کردووم.
- بە ئەو توێژەی کە لە فۆرمی راپرسی بەشدارییان کردووە.

هەڵات جعفر خورشید غەفوری

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە کە یارمەتی دەرم بووە بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکە.
- سوپاس بۆ بەڕێز (پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مصطفی) کە ئەرکی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ، ڕێزی لە راو بۆچوونەکانی گرتم لە هەموو هەنگاوەکانی دارشتن و نوسینەوەو وەرگرتنی مشتەکانی توێژینەوەکە
- سوپاس بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی پۆلیتەکنیک و راگرایەتیی کۆلێژی تەکنیکی کارگێری و سەرۆکایەتیی بەشی تەکنیکی میدیا و تەواوی فەرمانبەرەکانی کۆلێژەکەمان. بە تایبەت (د. ئازاد احمد محمد ، د. دلێر احمد حمه ، م. منصور نورالدین حسن ، د. عبدالخالق ابراهیم مصطفی، د. سیروان انور مجید ) کە بەهەرشێوەیەک هاوکارم بوون بۆ ڕاییکردنی کاری زانستی و کارگێری، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی نامەکە.
- سوپاس بۆ مامۆستایانی هێژا . پ.ی.د. سامان جلال و مامۆستا ارشد خلیل شوانی، کە لە زۆربەی بابەتەکان راو سەرنجی زانستیمان گۆریوەتەوە.
- سوپاس بۆ تەواوی فەرمانگە و دامەزراوە میدیا و کتێبخانەکان لە ڕاییکردن و کاری کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و بەخشینی زانیاری بۆ ماستەرنامەکەم.
- سوپاس بۆ هاوسەرم (پ.ی.د. ئاراس اسماعیل خضر) کە لە زۆربەی کایەکانی ژیانم پاڵپشتم بووە و هێزێکی گەورەی پێبەخشیوم.
- سوپاس بۆ تەواوی مامۆستایان کە لە قۆناغی بەکالۆریوس بە وشەیەکیش فێریان کردووم لە پسپۆڕیی میدیا لە زانکۆی سەلاحەددین بەشی راگەیاندن.
- سوپاس بۆ تەواوی مامۆستایان کە لە قۆناغی ماستەر بە وشەیەکیش فێریان کردووم لە پسپۆڕیی میدیا لە بەشی تەکنیکی میدیا لە زانکۆی پۆلیتەکنیک – هەولێر.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە؛ ئامانج لێی زانینی ڕۆڵی بەرنامەی بنکۆڵ لە کەناڵی (K24) لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا ، بۆیە توێژەر لە چوارچێوەی توێژینەوەی (وەسفی) پشتبەستوو بە میتۆدی ڕووپێوکاری بە هەردوو شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک ورای جەماوەر هەنگاوە میتۆدیەکانی پیادەکردوە.

هەروەها لە تیۆرینامەدا پشتی بەتیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەستوە لای جەماوەر، یەکێکە لەتیۆرە دیارەکانی بواری ڕاگەیاندن تایبەتە بەدروستکردنی کاریگەری یان ڕۆڵ لەسەر جەماوەر، وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی کردەی پەیوەندیکردن، هەربۆیە توێژەر هەردوو کۆمەڵەی شیکاری (بەرنامەی بنکۆلکاری) ورای گشتی (جەماوەر) وەرگرتوە و مشتەی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ (5) بەرنامەی بنکۆلکاری تایبەت بە ڕەهەندەکانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردوە، بۆ شیکارکردن و مشتەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بۆ (200) هاوڵاتی لە پارێزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە هەڵبژاردوە بۆ ڕاپرسی و فۆرمی ڕاپرسی .

بێگومان بۆ کردەنیکردنی هەردوو ڕێکاری شیکاری وجەماوەر توێژەر فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوە. توێژینەوەکە لەپلەی پشتبەستنیان بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەگوێرەی (ڕەگەز ، تەمەن ،ئاستی خوێندەواری ، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە، دواتر جیاوازی ئاماژەی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لە ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەگوێرەی: (ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە، پاشان جیاوازیی ئاماژەی پەیوەندیی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەگوێرەی: (ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.

گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە،ئەمانەن:

1. بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان بایەخ و گرنگیدانیان بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەرومالی میدیاییاندا لاوازە.
2. ڕەچاوکردنی بنەما زانستیەکانی بەرنامە بنکۆڵکارییەکانی کە لە کەنالی ئاسمانی K24 وەرگیراون بە پشتبەستن بە لایەنی فۆرمی راپرسی و شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ ٥ بەرنامەی وەرگیراو . و شیکردنەوەی تەواوی بەرنامەکانی کەلە سنوری توێژینەوەکە ئاماژەی پێکراوە.
3. بەرنامەکانی بنکۆڵ تاڕادەیەکی باش پرۆسەی بنکۆڵکارییان بۆکراوە، ڕومالی ڕەهەندەکانی نێو بابەتەکانی بەرنامەکان کراوە بەپێی کات و سات بە پشتبەستن بە تیۆری پشتبەستن و وەرگرتنی داتا وزانیاری لە سەرچاوە و بەڵگە رەسەکانی نێو ڕووداوەکانی بەرنامەکە.
4. بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان زیاتر کار لەسەر ئەرکی تۆماری زانیاریەکان دەکات لەکاتی ڕومالی میدیایی پەیوەست بەبەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.
5. هاندان و رایکردنی کردە زانستیەکانی نێو بەرنامەکان و ئاشکرا کردنی کردە نایاساییەکان نێو کۆمەلگا و دامەزراوەکان و پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەستەبەر بکات.
6. بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان زۆرتر زیاد لەدیدیک دەخەنەروو لەهاوسەنگی ڕومالی میدیایی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.
7. جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا پشت دەبەستن بە بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ ئاشنابون بەبابەتی جۆراوجۆر.
8. مشتەی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم ئامانجی هۆشیاری وئاگادارکردنەوە لایان پەسەندە لەنێو بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لەکاتی ڕومالی میدیایی پەیوەست بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتیدا.
9. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە ڕاگەیاندنی تەلەڤزیۆنی و بەرنامە بنکۆڵکارییەکان لە هەرێمی کوردستان نەگەیشتووە بە ئاستی کارامەیی بنکۆڵکاری و بەو ئاستەی

که ژینگەیەکی لەباری میدیایی برەخسێنێت کە ڕۆژنامەکار و بەرنامەی بنکۆڵ بتوانێت بە ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی خۆی بکات.

10. ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری هەندێکجار کاری لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پرسی ئاشتەوایی کردووە.

11. جیاوازی هەیە لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لەپشتبەستنیان بە بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان وهۆشیاریان سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - ئاستی خوێندەواری – پیشە - شوێنی نیشتەجێبون).

12. ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی لە هەرێمی کوردستان ئاستەنگ و لەمپەر لە سازدانی بەرنامەکانی بنکۆڵ هاتونەتە ئاراوە، کە ئەمەش بەشێکە لە کارنامەی و کاری دەستوەردانی سیاسی کە وا دەکات کەناڵەکانی بەشێوەیەک لەشێوەکان نەگەنە بەڵگەنامە و داتا و زانیاری تەندروست .

لە کۆتا بەشی توێژینەوەکەدا توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی خستوتە ڕوو بۆگرنگیدان بە بابەتی بنکۆڵ لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە پرسی ئاشتەوای کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستادا: ڕاسپاردەکانیش ئەمانەن:

1. زیاتر ئاشناکردنی دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بابەت بنکولکاری و ئاشتەواییەکان لە ژێر هەژموونی ڕۆژنامەنووس و دەزگا حکومی و ناحکومیەکان کە بەچ شێوەیەک کار لەسەر سەقامگیری ئاشتەوای خێزان و کۆمەڵگا بکەن .

2. بە هاناوە چوونی کایە میدیاییەکان بۆ زیاتر گرنگی دان بە پرسە کۆمەڵایەتیەکان و بنکۆلکردنیان و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی بنکۆلکار لە ڕێکخستنەوەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری و تەندروستی و تەکنەلۆجی ، کە تاکی کۆمەڵگا وابەستەی ئەم جۆرە ڕەهەندانەن بۆ زیاتر فەراهەم کردنی پرسی ئاشتەوای کۆمەڵایەتی .

3. دامەزراوە میدیاییە کوردییەکان زۆر تا کەم ئاستی کارکردنیان لە بابەتە بنکۆلکارییەکان لاوازە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی بابەتە بنۆولکارییە هەستیارییەکان لە نێو کۆمەڵگای کوردی زۆر بەزەقی بوونی هەیە، بەلام بەهۆی مەترسی کارکردن لەم جۆرە تیۆرەی میدیاییە ئاستەنگ بۆ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامە بنکۆلکارییەکان دروست دەکات ، کە ئەوەش وا دەکات دامەزراوە میدیاییەکان کەمتر پەی بۆ ئەم جۆرە بابەت بنکۆلکارییانە ببەن ، بە هۆی دەستوەردانی چینی خاوەن هەژموونی دەسەلات وەک لایەنە حزبیەکان و پالپشتی نەکردنی دادگاکان لەم جۆرە کەیسانە ، کە ئەوەش وادەکات دامەزراوە میدیایی و رۆژنەمانووسان کار لەم جۆرە بەرنامە بنکولکارییانە نەکەن .

چەند پێشنیارێکیش لە توێژینەوەکە خراوەتەڕوو گرینگترینیان ئەمانەن:

1. پێویستە لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری پشتگیری لە تەواوی رۆژنامەنوسانی بنکۆلکار بکات بۆ زیاتر بەدەست هێنانی داتا و زانیاری کە زۆرترین کاریگەری لەسەر پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دروست کردووە.
2. دەزگا و دامەزراوە میدیاییەکان رۆژنامەنوسان کارامە بکەن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی ئاشتەوایی و مەترسی داروخانی چین و توێژەکانی خێزان دەکەن . بۆ ئەوەی بەرنامە بنکۆلکاریەکان زیاتر نە بە هۆی پەرش بوونی هۆشیاری کۆمەلایەتی دوور لە هەموو پەیرەو پرۆگرامی هیچ تاقم و حزب و لایەنێک .
3. وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی گرنگی زیاتر بدات بەم جۆرە توێژینەوانە بۆ ئەوەی وەک تاکە پرۆگرامی زانستی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندنی بالا . بۆ ئەوەی بۆ دواجار زۆربەی هەلگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا لە پسپۆری راگەیاندن و میدیا و چین و توێژەکان هەلگری ئەو زانیارییانە بن کە چۆن مامەڵە لەگەل بابەت بنکۆلکارییەکان بکرێت.

**کلیله ووشەکان:** ڕۆل ، بەنامەی بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنیەکان، هۆشیارکردنەوەی جەماوەر،پرسی ئاشتەوایی، کۆمەلایەتی، هەریمی کوردستان .

## - لیستی بابەتەکانی توێژینەوەکە -


| ژمارەی لاپەرە | ناونیشانی بابەتەکان |
|---|---|
| .I | بەڵێنامە |
| .II | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| .III | بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن |
| .IV | پێشکەشکردن |
| .V | سوپاس و پێزانین |
| VII-X | پوختەی توێژینەوەکە |
| XI | کلیلە وشەکان |
| XV-XII | لیستی بابەتەکانی توێژینەوەکە |
| XX-XVI | لیستی خشتەکان |
| XXI | لیستی پاشکۆکان |
| 1 | پێشەکی توێژینەوەکە |
| 5 | بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە |
| 6 | ناونیشانی توێژینەوەکە |
| 6 | کێشە وپرسیاری توێژینەوەکە |
| 7 | گرنگی توێژینەوەکە |
| 7 | ئامانجی توێژینەوەکە |
| 9-8 | گریمانەی توێژینەوەکە |
| 17-9 | تیۆری بەکارهاتوو(تیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن) |

| | |
|---|---|
| جۆری توێژینەوەکە | 17 |
| میتۆدی توێژینەوەکە | 17 |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | 17 |
| مشتەی توێژینەوە | 18 |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | 18 |
| دەستەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە | 18 |
| گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە | 18 |
| ڕاستی فۆرمی توێژینەوەکە | 19 |
| جێگیری فۆرمی توێژینەوەکە | 19 |
| ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان لەتوێژینەوەکەدا | 20 |
| سنوری توێژینەوەکە | 20 |
| توێژینەوەکانی پێشوو | 37-21 |
| دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە | 39-38 |
| بەشی دوەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە | 40 |
| باسی یەکەم: بنەماو پێناسەی بنکولکاری و خەسڵەتەکانی | 39-41 |
| چەمکی بنکۆڵکاریی | 41 |
| پێناسە و دەستەواژەی بەرنامەی بنکۆڵ | 44-42 |
| بیرۆکەی سەرهەلدانی بابەتە بنکۆڵکارییە جیهانیەکان | 47-45 |
| خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری | 48-47 |
| ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی بنکۆلکاری لە ئاشکراکردنی پرسی سیاسی و گەندەڵی | 49 |
| سەرهەڵدانی و گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە کەناڵەکانی ئاسمانی | 50 |

| | |
|---|---|
| | کوردیدا |
| 54-51 | کارنامەی گشتی بەرنامەی بنکۆڵ |
| 56-55 | رەهەند و راپۆرتی بابەتەکانی بەرنامەی بنکول لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24دا. |
| 58-56 | دابەشکردنی بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 لە ڕووی بابەتەوە |
| 58 | دابەشکردنی ڕاپۆرتەکانی کەناڵی کوردستان 24 لە ڕووی جوگرافییەوە |
| 59-58 | ئاراستە و نماکانی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەسەلات و بەرنامەی بنکۆڵ |
| 61--59 | ئاستەنگەکانی دەرهێنەر لەبەردەم ئامادەکردنی بەرنامەی بنکۆڵ |
| 62 | باسی دووەم: بنەماکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی |
| 64-62 | مێژووی سەرهەڵدانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی |
| 67-65 | پێناسە وچەمکەکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی |
| 69-68 | گرنگی و تایبەتمەندییەکانی ئاشتەوایی |
| 73-69 | بنەماکانی ئاشتەوایی |
| 74-73 | میدیا و ئاشتەوایی کۆمەلایەتی |
| 75 | ڕۆلی میدیا لە بەرهەمهێنانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی |
| 76 | بەشی سێیەم: ئەنجامی کردەنییانە وپراکتینامە توێژینەوەکە |
| 77 | باسی یەکەم : ئەنجامی شیکاری وپراکتینامەی توێژینەوە |
| 83-77 | أ- دەستە ناوەڕۆکیەکان |
| 87-83 | ب- دەستە ڕواڵەتیەکان |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە (تایبەتمەندیە دیموگرافی مشتەی توێژینەوەکە) | 89-88 |
| باسی سێیەم: وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە | 101-90 |
| بەشی چوارەم: ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان و شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی | 102 |
| گریمانەی یەکەم | 103 |
| گریمانەی دوەم | 104 |
| گریمانەی سێیەم | 105 |
| گریمانەی چوارەم | 106 |
| گریمانەی پێنجەم | 110-107 |
| گریمانەی شەشەم | 116-111 |
| گریمانەی حەوتەم | 121-117 |
| گریمانەی هەشتەم | 126-122 |
| دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە | 131-127 |
| دەرئەنجام | 129-128 |
| پێشنیار وراسپاردەی توێژینەوەکە | 131-130 |
| سەرچاوەکانی توێژینەوەکە | R 132-R143 |
| پاشکۆکانی توێژینەوەکە | A144-A164 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | أ- ب |
| پوختە توێژینەوەی بە زمانی ئینگلیزی | A-C |

## لیستی خشتەکانی توێژینەوەکە


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
|---|---|
| 19 | جێگیری فۆرمی توێژینەوە |
| 77 | ڕەهەندەکانی پەیوەست بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنیدا |
| 79 | سەرچاوەی بەکارهاتوو لە بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی |
| 80 | ئەرکی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی پەخشکراو سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی |
| 81 | ئاراستەی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی پەخشکراو سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی |
| 82 | تەوەرەکانی جێگیربونی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی کوردی پەخشکراودا |
| 83 | هۆکارە زەقکراوەکان لە بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی پەخشکراو سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی |
| 85 | مامەڵەی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی لەگەڵ دید وبۆچونی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی |
| 86 | شێوازی خستنەڕوی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی |
| 88 | تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی مشتەی توێژینەوەکە |
| 90 | ئاستی تەماشاکردنی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی لە لایەن جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا |
| 90 | پلەی پشتبەستن بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی لە لایەن مشتەی توێژینەوەکە |
| 91 | متمانەی جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی |

| | |
|---|---|
| 92 | هۆکاری پشتبەستن بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەڤزیۆنی لە لایەن مشتەی توێژینەوەکە |
| 94 | گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکاندا جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا تەماشای دەکات و زیاتر ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەریان |
| 95 | دیاترین ئەو ڕەهەندانەی کە هانی مشتەی توێژینەوەکە دەدەن بۆ تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان |
| 96 | کارایی جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا لە تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکاندا |
| 97 | بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیۆنیەکان و روماڵی پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لای مشتەی توێژینەوەکە |
| 98 | ئامانجی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیۆنیەکان لە روماڵی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لای جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا |
| 99 | گرنگیدانی مشتەی توێژینەوەکە بەبەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیۆنیەکان پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی |
| 100 | بۆچونی مشتەی توێژینەوەکە سەبارەت بەبەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان و پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی |
| 103 | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان تەماشاکردن وپلەکانی پشتبەستنی مشتەی توێژینەوەکە بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی دیار دەکات |
| 104 | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندیی ئاماریی لە نێوان پلەکانی پشتبەستن و ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان لای مشتەی توێژینەوەکە هەیە |
| 105 | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندیی ئاماریی لە نێوان پلەکانی پشتبەستن و ئامانجی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیۆنیەکان لەروماڵی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتیدا لای جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە |

| | |
|---|---|
| هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندیی ئاماریی لەنێوان پلەکانی پشتبەستن و بۆچوونی مشتەی توێژینەوەکە هەیە سەبارەت بەبەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان و پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی | 106 |
| ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی: (رەگەز) | 107 |
| ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (تەمەن) | 108 |
| ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | 109 |
| ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (پیشە) | 110 |
| ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (شوێن) | 111 |
| ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (رەگەز) | 112 |

| | |
|---|---|
| 113 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (تەمەن) |
| 114 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشت بەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) |
| 115 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (پیشە) |
| 116 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (شوێن) |
| 117 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (ڕەگەز) |
| 118 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (تەمەن) |
| 119 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) |
| 120 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە |

| | |
|---|---|
| | ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (پیشە) |
| 121 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لە ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (شوێن) |
| 122 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (ڕەگەز) |
| 123 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (تەمەن) |
| 124 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) |
| 125 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (پیشە) |
| 126 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (شوێن) |

## لیستی پاشکۆکانی توێژینەوەکە

| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک | A140–A150 |
| 2 | فۆرمی ڕاپرسی ڕا. | A151–A159 |
| 3 | ڕەزامەندی بلاوکردنەوەی توێژینەوە. | A160 |

## پێشەکی

زۆربەی کەناڵە جیهانی و ناوەخۆییەکان شێوازێکی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ ڕایکردنی کارەکانیان، یاخود ڕێچکە و بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ شێوازی بەدواداچوون و تیشک خستنە سەر بابەتە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووریەکان لە ناوەرۆکی بەرنامەیەک کە پێی دەوترێت بنکۆڵ (الاستقصاء).

تەنانەت ئامادەسازی بۆ بەرنامەکانی بنکۆڵکاری لە زۆربەی کەناڵەکان کارێکی کەمێک ئەستەمە، بۆ ئەوەی بتوانێت تەواوی بابەتە هەنووکەییەکان بخاتە ڕوو، سەرەڕای ئەوەی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان بە یەکێک لەدیارترین هونەرە میدیاییە بینراوەکان هەژماردەکرێت.

ناوەرۆکی بەرنامەی بنکۆڵ و ئاشنابوون لێی قوڵبونەوەیە لە خستنەڕووی ڕاستی و واقعی ڕوداوێک یان بابەتێک یان دیاردەیەک یان کێشەیەک یان دۆسییەێک کەلەنێو کۆمەلگایەکی دیاریکراودا ڕویدا بێت، جا چ لەبواری سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلایەتی یان زانستی یان کەسایەتی یان تەندروستی یان رۆشنبیری پەخش بکرێن، ئەو جۆرە بەرنامەیە لە چوارچێوەی چەند تیۆرێک دێنە بەرباس. کە زۆربەی میدیاکاران و توێژەرانی میدیایی پشت بە چەند تیۆرێک دەبەستن لە بواری پەرەسەندنی میدیایی بۆ زیاتر دەستبەرکردنی متمانەپێکردن. یەکێک لە تیۆرانە تیۆری پشتبەستنە بۆ گەیشتن بە وەرگرتنی داتا و زانیاری.

هەرچەندە ئەم تیۆرە لەم توێژینەوەیەدا وەک تاکە تیۆری متمانە پێکراو بۆ زۆربەی باس و بەشەکانی پراکتینامە کەلکی لێوەرگیراوە، لە زۆرێک لە بەش و باسەکانی توێژینەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان میدیا و جەماوەر و سیستەمی کۆمەلایەتی لەرێگەی ئەم تیۆرە چ دەرئەنجامێکی دروستکردوە. بەهۆی ئەو هەماهەنگییەی تاک کە رەوشت و ئاستی تێگەیشتنیان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە پشتی پێدەبەسترێت. تەنانەت میدیا لە کۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر لە ڕووی پلە بەندی و گەشەکردنیانەوە جیاوازە،

تـا ئەو رادەیەی متمـانەی تـاک بە  میدیا و تێرکردنـی پێویسـتیەکانی جەمـاوەر لە ریـگەی دامەزراوە میدیاییەکان بەپێی جیاوازی ژینگەی کۆمەڵگاکەوە.

تەنانەت  لەم توێژینەویەدا چەندین بنەچەو بنەمای بنکۆڵکاری بۆ تەواوی بابەتە جۆراو جۆرەکان کراوە، کە رۆژنامەنووسی بنکۆلکاری مەبەست لێی گەیاندنی رووداوەکانە، یان بە مانا گشتیەکەی واتە بنکۆلکاری (investigative) پشکنین و لێکۆلینەوە دێت، لێرەوە هزرمـان لەسەر ئەو رووداوانە دەبێت کە کەم و کورتیان هەیە لە توێژینەوەکە کە خراوەتە بەر باس. وەک پرسێکی گرنگی کۆمەڵگا مامەلەی لەگەڵ بکرێت و  جەماوەر هۆشیار بکاتـەوە، کە وەک هەلسـەنگێنەرێک هەلسـەنگاندن بـۆ کـارە ئەرێنـی و نەرێنیەکـانی رووداوەکـان بکـات، کە ئەم تێـروانینە  دەمـانگێرێتەوە بـۆ تێگەیشـتن لە فەلسـەفەی مـرۆڤ و کۆمەڵگـا بـۆ بـابەت بنکۆلکارییەکان.

دەزگـا میـدیاییەکان و تـۆرە کۆمەلایەتییەکـان دەرفەتێک بۆ رەهەنـدە بەکارهاتووەکـانی بەرنـامەی بنکـۆل دروسـت دەکەن بە پێـی ئەو ئەنجامـانەی کە لە خشـتەکانی پراکتینـامەکە بەدەست هاتوون، بۆ ئەوەی متمانەی سیاسـی و کۆمەلایەتی و ئاینی لـە چاندنی رۆشنبیری تـاک بەدەسـت بێـنن. لە کاتێکـدا دەزگـا میـدیاییەکان و  لایەنـە سیاسـیەکانی پشـت دەزگـا میـدیاییەکان بەشـێوەیەک لەشـێوەکان ببنـە هـەوێنی چانـدنی ئاشـتەوایی کۆمـەلایـەتی لـە چوارچێوەی کۆمەلگایەکی رۆشنبیری سیاسی دیموکراتی.

ئەم تـوێژینەوەیە پێکـدێت لە چەنـد بەش و باسـی جـۆراو جـۆر کە هەلقـولاوی بـابەتە بنکۆلکاری و پرسەکانی ئاشتەوایی و کۆمەلایەتییە. دەستپێکی توێژینەوەکە بریتیە لە بەشی یەکەم کە میتۆدنامەکەیە، لەم بەشەدا ئەنجامی تیۆرینامەکە دەخاتەڕوو، سەرەڕای شیکردنەوە وراڤەکردنـی ئەنجـامی هەر یەک لەو دەسـتە وپرسـیارانە دەخـاتە بەربـاس. کە ڕاگەیانـدن بنکۆلکاری لە کەناڵەکانی ئاسمانییە کوردییەکـان پێیگەیشـتووە لە نیشـاندانی رووداوەکـان، بە روونی کێشەو پرسیارەکانی توێژینەوەکە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەو ئەو گریمانانەی کە توێژەر پێیگەیشتووە باسکراوە، تەنانەت هەر لەم بەشدا ئاماژەیەکی روون هەیە بۆ ناسـاندنی

تیۆری بەکارهاتوو ( تیۆری پشتبەستن)بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. هەروەها لە هەمان بەشدا باس لە جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە کراوە، لەگەل هەموو ئەو دەستەو یەکەو مشتانەی لە توێژینەوەکە بەکارهاتوون. سەرەڕای ئەوەی بەشی یەکەم زیاتر قولبوونەوەیە بۆ ئەو برگەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە گۆراوەکان و جێگیری توێژینەوەو ئامرازە بیرکارییەکان و سنوری توێژینەوەو توێژینەوەکانی پێشوو پێناسەی چەمکەکان.

لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە تیشک خستنە سەر دوو باسی تایبەتە بە تیۆرینامە. کە لە باسی یەکەم زۆرترین ئاماژە بۆ بنەماو پێناسەی بنکۆلکاری و خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆلکار و پێناسەی بەدواداچوون و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی بنکۆلکاری لە ئاشکراکردنی پرسی سیاسی و گەندەڵی کراوە، سەرەڕای ئەوەی هەر لە باسی دووەمی ئەم بەشە باس لە بیرۆکەی سەرهەڵدانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و بنەماو خاسیەتەکانی ئاشتەوایی و جۆرەکانییەتی و ڕۆڵی میدیا لە بەرهەمهێنانی ئاشتەوایی کومەلایەتی کراوە.

وەهەروەها لەبەشی سێیەمی ئەم توێژینەوە زیاتر گرنگیدانە لەسەر ئەو بابەتانەی کە پراکتینامەی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ناوەرۆک  لە خۆدەگریت. ئەم بەشە لە چوار باس پێکدێت، لە باسی یەکەمدا تیشک خستنە سەر ڕەهەند و ڕاپۆرتی بابەتەکانی بنکۆلکارییە لە کەناڵ ٢٤ ، وە لەباسی دووەمدا ئاماژەی بە لایەنی ئەنجامی شیکاری توێژینەوەکەیە لە نیشاندانی دەستە ناوەرۆکییەکان و ڕواڵەتییەکان، بەلام سەبارەت بە باسی سێیەم لە هەمان بەشدا باس لە ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە کراوە بەپشتبەستن بە مشتەی توێژینەوەکە، وەهەروەها لەباسی سێیەمی بەشی سێیەمدا تیشکخراوەتە سەر وەلامی تەواوی مشتەکانی توێژینەوەکە.

لەم توێژینەوەیەدا زۆربەی خشتە دەرئەنجامەکانی ڕاپرسی و ئاماژە سەرژمێرییەکان و داتاو زانیاری فۆرمی ڕاپرسی لە بەشی چوارەم خراوەتە بەرباس، کە بریتین لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان، کەلە 8 گریمانەی جیاواز پێکدێن.. تەنانەت چەند بابەت و کەیسی تر هەبوون کە بەدواداچوون بۆ کێشەی قەیرانی دارایی و گەندەڵیش باسکراوە، بۆ ئەوەی

بەرچاو ڕوونی هەبێت بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و جیهان. بە میکانیزمێک کە حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکار قسەی هەبێت بۆ خەڵک کە ئەو کەیسانە بەچ ئاقارێکدا ڕۆیشتوون، توێژەر لەم توێژینەوەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە دەخاتەڕوو، سەرەڕای شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەنجامی هەر یەک لەو گریمانانە دەخاتە بەرباس..

# بەشی یەکەم

# میتۆدنامەی توێژینەوەکە

# بەشی یەکەم

## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### 1-1 ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (**ڕۆڵی بەرنامەی بنکۆڵ لە کەناڵی (K24) لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا**)، هەوڵێکی زانستیە بۆ خستنەڕوی لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی ڕۆڵی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

### 2-1 کێشە وپرسیاری توێژینەوەکە:

بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان یەکێکە لە دیارترین هونەرە میدیاییە بینراوەکان کە لەڕێی ڕومالی قوڵەوە هەوڵ بۆ خستنەڕووی ڕاستی و واقعی ڕوداوێک یان بابەتێک یان دیاردەیەک یان کێشەیەک یان دۆسیەیەک دەدات، کە لە نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا ڕویدابێت، جا لە بواری سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان زانستی یان کەسایەتی یان تەندروستی یان ڕۆشنبیری بێت، بۆیە توێژەر ئەو تێڕامانەی لادروست بوە کە: (ئایا بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان ڕۆڵ دەگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی؟)، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرسیارەشدا توێژەر چەند پرسیارێکی لاوەکی دەخاتەڕوو کە مەبەست لێی ڕونکردنەوەو وردبوونەوەی زیاتری پرسیارە سەرەکیەکەیە، وەک:

1. شێوازی خستنەڕوی ڕەهەندەکانی وابەستەی شیکارکراو بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکاندا چۆنە؟
2. پلەی پشتبەستنی جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا چەندە بە بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان؟

3. دیارترین ئامانجەکانی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لە ڕوماڵی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتیدا چیە؟

4. دیارترین جیاوازی نێوان جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا چیە لە پشتبەستنیان بە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لە هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بە پێی: (ڕەگەز ، تەمەن ،ئاستی خوێندەواری ، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون).

## 1-3 : گرنگی توێژینەوەکە:

1. یەکێکە لەتوێژینەوە نوییەکان کە بە زمانی کوردی نووسراوە و پەیوەست کراوە بە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لە هۆشیاری جەماوەر سەبارەت بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و تییدا تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنراوە.

2. پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەخاتەڕوو لە دووتوێی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکاندا.

3. جەماوەری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زانستی لەسەر بنەمای داتا وزانیاری ورد بۆچونی خۆیان دەخەنەڕوو لەسەر پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی پشتبەستن بە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان.

4. ئەنجامی توێژینەوەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی هەیە، کە تییدا بەشێوەیەکی ورد وبابەتیانە شیکردنەوە وراڤەیان بۆ کراوە.

## 1-4 ئامانجی توێژینەوەکە:

1. زانینی ئاستی گرنگیپێدانی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.

2. خستنەڕووی دیارترین ئامانجەکانی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لە ڕوماڵی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتیدا.

3. زانینی ڕادەی هاوسەنگی خستنەڕووی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکاندا.

4. زانینی پلەی پشتبەستنی جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا بە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان.

5. گەیشتن بە دیارترین جیاوازیەکانی نێوان جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا لە پشتبەستنیان بە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لەهۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بە پێی: (رەگەز ، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، شوێنی نیشتەجێبون).

## 5-1 گریمانەی توێژینەوەکە:

1. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان تەماشاکردن و پلەکانی پشتبەستنی جەماوەر لە هەرێمی کوردستان بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە.
2. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان پلەکانی پشتبەستن و رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان لای مشتەی توێژینەوەکە هەیە
3. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان پلەکانی پشتبەستن و ئامانجی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەفزیۆنیەکان لەرومالی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لای جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە
4. پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان پلەکانی پشتبەستن وبۆچونی مشتەی توێژینەوەکە هەیە سەبارەت بەبەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان وپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.
5. جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی: (رەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.
6. جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەپلەی پشت بەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی: (رەگەز ، تەمەن ، ئاستی زانستی، پیشە ،شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.

7. جیاوازی ئاماژەی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لە ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ،پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.

8. جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.

### 1-6 . تیۆری بەکارهاتوو (تیۆری پشتبەستن بەئامڕازەکانی ڕاگەیاندن):

پەیدابوون و پەرەسەندنی تیۆری متمانەپێکردن و پشتبەستن چەندین بنەمای زانستی هەیە، بۆیە هەندێ لە شرۆڤەکاران و توێژەران لە سالانی 20 کانی سەدەی ڕابردوو باسیان لە رۆل و پێگەی تیۆرەکان کردووە بۆ گەیشتن بە وەرگرتنی زانیاری لەسەر کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر ئاستی مەعریفی تاک(حجاب، 2010، ص. 298).

وەهەروەها بەشێک لە توێژەران جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە جیاوازی ئاستی مەعریفی تاکەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کارلێککردن لەنێوان گۆڕاوەکانی پەیوەست بە سروشتی میدیا و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی جەماوەر، زۆرێک لە شارەزایانی ڕۆژئاوا پەیوەندی نێوان میدیا و سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوەکانیان لە کۆمەڵگەدا، لەسەر بنەمای چاودێری کردن و ئاراستەکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ خۆشگوزەرانی تاک و کۆمەلگا دیاریکردووە، کە بەشێوەیەک ڕوونکراوەتەوە کە گرنگی بەلایەنی کەمی سەربەخۆیی میدیا دراوە، تەنانەت چۆن مامەڵە لەگەل ئەم تیۆرە بکات، بەڵام ئەم تیۆرە لە لایەن ( ساندرا پاول روکیچ و هاوکارەکانی لە ساڵی 1976 ) هاتوتە نێو زانست و تیۆرەکانی ڕاگەیاندن (الطرابيشي، السيد؛ 2006، ص. 146).

لەم تیۆرەدا زیاتر گرنگی بە لایەن هەڵسوکەوتی میدیا دەدرێت کە چۆن بێلایەنی خۆی بپارێزێت، لەبەرئەوەی تاکەکانی کۆمەلگا پشت بە میدیا دەبەستن وەک سیستمێکی لاوەکی بۆ درککردن بەزانیارییەکان لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تەندروست، کە پەیوەندی بە کەم و کوری

و شـیکردنەوەی زانیارییـەکانەوە هەیە(دیفلـر ، روکیـتش ، 1999، ص. 41)، بـۆیە میـدیا نوێنەرایەتی ئەو زانیارییانە دەکات کە لای جەماوەر جێگای هەڵوەستەن، تا ئەو ڕادەیەی کە پشتبەسـتنی جەمـاوەر بە وەرگـرتن و فەراهەم کردنـی ئەو زانیارییـانەی کە ئاشـتەوایی لە میدیاکانەوە بگوازرێتەوە بۆ شێوازی تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەلایەتی دەوروبەریان، جا چ لەرێگەی کورتە فیلم بێت یان بابەتی سینەما و شانۆوە(عبدالله، 2010، ص ص. 227،228).

بۆیە تیۆری پشتبەستن وەک ئامرازێکی سەرەکی کاری پێدەکرێت، وەهەروەها تاکە بەستەری نێوان تاک و بەشێک لە سیستەمە کۆمەلایەتیەکان بەیەکەوە گرێدەدات، تا سیستەمە کارامەییەکـانی میـدیایی جیهـانی کـار لەسـەر ئەو بنەمـایە بـکەن بـۆ گەیانـدنی زانیـاری و ڕاوبۆچوونەکان لە نێوان کۆمەلگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (حجاب، 2003 ص ص. 2530-2531)، بەو ئامانجەی کە زۆرترین بینەرو بیسـەری نێو کۆمـەلگا پێویستیەتی بۆ گەیشتن بەو زانیارییانەی کە لـە دامـەزراوە میدیاییـەکان بڵاو دەکرێنـەوە (مکاوي، السید 2002، ص ص. 313-314) لە چوارچێوەی تیۆری پشتبەستن، تەنانەت لە بەرنامەی بنکۆڵی تەلـەفزیۆنی زۆبەی کات تیۆری پشتبەستن کە چەندین تێڕوانینی لەسەر هەیە بەلام بەشێک لە کرۆکی ئەم تیـۆرە سـەربەخۆیە لە نێـوان میدیای نـوێ و سیسـتەمی کۆمەلایەتیەکـان، کە پەیوەنـدی تیۆرەکە بە بنەمای سەربەخۆبوون لەگەڵ میدیا خۆی بگونجێنێت( إبراهیم،عبد الهادي؛ 2001 ، ص. 28).تەنانەت جۆر و سـەرهەڵدانەکانی تیـۆری پشـتبەستن و متمانەپێدان بە چەندین شێواز پەرەی سەندووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

**1-6-1: بیرۆکەی یەکەمی تیۆری پشتبەستن (1976):**

نوسـەرو لێکـۆلەری جیهـانی (میلڤین دیڤـلەر و سـاندرا پـاوڵ روکـیچ) یەکەم مـۆدێلی متمانەپێدانیان(تیۆری پشتبەستن ) لە سـالی 1976 خستە ڕوو، (اسـعد ، 2016، لا.31)، کە ئەم جۆرە بیرۆکەیە پەیوەندی نێوان سێ توخمی پێکهاتەکانی تیۆرەکە دەخاتەڕوو کە ئەرکی تیـۆری پشتبەسـتنە لە نێـوان (بینـەر و دامەزراوە میدیاییەکان)،(الطرابیشـي، السـید، 2006، ص.146)، ئەم جـۆرە پەیوەنـدییە لە کۆمەلگـاوە بـۆ کۆمەلگـایەکی تـرو سروشـتی میـدیاکە

چەنـدین گۆرانکـارییی بەسـەرداهاتووە، جـگە لە کـاریگەریی مەعریفـی و سـۆزداری و هەڵسوکەوتی تاک و وابەستەبوونیان بە میدیاکانەوە(عبدالله ، 2010، ص ص. 50-51) ئەم مۆدێلە سروشتی نێوان میدیا و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان و ڕای گشتی بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

### 1-6-1-1:میدیا و ڕای گشتی:

میدیا لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە ڕووی پلەی گەشەکردنیانەوە جیاوازە، تا ئەو ڕادەیەی میدیا توانای تێرکردنی پێویستیەکانی جەماوەر بەشێوەیەک پردەکاتەوە بەپێی جیاوازی ژینگەی کۆمەڵگاکەوە ، وەک ئەوەی تاکەکان بۆ پرس و بابەتە سەرەکیەکان دەگەڕێنەوە بۆ میدیاییەکی ڕاستگۆ ترو هەمەجۆرتر، یاخود ڕوونتر بڵێین گرنگترینیان ئەوەیە کە کۆمەڵگاکە وابەستەتر بکات بە میدیا بە تایبەت لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان (الدیک، 41/1986، ص.78).

### 1-6-1-2: میدیا و تیۆری پشتبەستن بە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان:

لە ڕووی ڕادەی سەقامگیری یان توانای خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو قەیرانانەی کە بەسەر کۆمەڵگا دادێت، لە ڕێگەی تیۆری پشتبەستنەوە باس و بابەتە شاراوەکان دەخرێتە ڕوو کە بە دۆخی ئەو دارمانە خۆجێیانە ناسراوە کە بەرۆکی کۆمەڵگایی گرتووە، تەنانەت لە ئەنجامی قەیرانی ئابووری یان هەڵویستە سیاسی و ناکۆکیەکانی پارت و لایەنەکان هاتوتە ئاراوە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، واتە لە سەردەمی گۆرانکاریەکان و نائارامی جەماوەر تاکەکان زیاتر پشت بە میدیاکان دەبەستن، کە میدیا و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان بەهاوبەشی سیستەمەکانی تر وەک خێزان و ئایین و دامەزراوەی پەروەردەیی و ئابووری لەچوارچێوەی یەک ڕەهەند کاردەکەن(Firth,1966: p.11 )، کە گرنگترینیان سیستەمە سیاسییەکانی میدیایە بۆ چەند مەرامێک بەکار دێن کە ئەمانەی خوارەوەیە :

أ-بەهێزکردنی بەها سیاسییەکان و هەمەجۆرەکانی وەک (ئازادی ڕادەربڕین ، کاریگەری میدیا ، دەنگدان لەسەر ڕاست و دروستی دامەزراوە میدیاییەکان، هێشتنەوەی فەرمان و گوێڕایەڵی دەوڵەت و ڕای جەماوەر و بەهێزکردنی هەستی هاوولاتیبوون.(عبدالله،2010، ص.51)

ب- کۆنترۆلکردن ولابردنی ناکۆکی لەنێو دەوڵەتدا وەک ململانێی ڕژێمەکان و لایەن و پارتەکان و کاری یاسادانان و جێبەجێکارەکان و پەیوەندی نێوان سیستمی ڕاگەیاندن و سیاسەت، بەهۆی ئەوەی کاری میدیا و ئامانجەکانی لە بەرامبەر هەڵویستی سیاسی سەربەخۆی بەرجەستە نابێت (مراد، 2011، ص ص.33-34) وەک:

- کاری دادوەری و ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی میدیا
- پاریزگاری لە ئەنجومەنی یاسادانان
- بەدەست هێنانی متمانەی میدیایی

### 1-6-1-3: مۆدێلی یەکخراوی تیۆری پشتبەستن سالی (1982):

مۆدێلی یەکخراوی تیۆری متمانەپێکردن لە نێوان توخمە سەرەکیەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن نێوان(میدیا و کۆمەڵگای گشتی)، کە دەبێتە هۆی کاریگەری میدیا لەسەر ئەنجامی پەیوەندی نێوان میدیا و سیستمە کۆمەلایەتییەکان (مکاوی،السید، 2002، ص.125) ئەو پەیوەندیانەی کە هێماکراون لەلایەن مۆدێلەکە بەم شێوەیە پوخت بکرینەوە کە بگەنە راستی زانیارییەکان (موسی، 2009، ص. 204)، چونکە توخمەکانی ڕۆشنبیری و بنیاتنانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر میدیا دروست دەکات، کە بریتین لە پەیوەندیی نێوان تاک و میدیا، کە ئەوەش وادەکات تاکی کۆمەلگا بۆ تێرکردنی بابەتە کۆمەلایەتییەکان پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببەستن، کە ئەو ئامرازانە کاریگەری لەسەر دەروونی تاک دروست دەکات لە کرداری گەشەی کۆمەلایەتی و ئەو گۆرانانەی کە بەسەر ژینگەی تاکدا دێت (Stanely,2003,pp.320-322) تەنانەت زۆربەی کات کۆنترۆلی کردارەکانی گەیاندنی زانیاری دەکەن.

## 1-6-1-4:مۆدێلی مەعریفی تیۆری باوەڕپێکراوی (1989)

ئەم مۆدێلە مەعریفییە لەگەڵ توانایی هێزی تاکەکانەوە دەست پێدەکات، کە بە وردی میدیاکان بەکاردەهێنن و تاقی دەکەنەوە، کە سەیری چی بکەن و چی بیخوێننەوە، یان کەسێک بە مەبەست یان ڕێکەوت پەیوەندی ببەستێت بە ناوەڕۆکی دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە. لە ژینگەی تاکدا کاتێک ئەم ژینگەییە کۆمەڵێک بابەتی نادیار و ناڕۆشنی تێدا بەرجەستە دەبێت (محمد. د.ت ، ص.365)، بۆ نموونە کاتێک پشتبەستنی تاکەکان بە سیستەمی ڕاگەیاندن زۆر بەهێز بێت کە بگەنە سەرچاوە و زانیاری باوەڕ پێکراوەکانی میدیایی (دیفلر، روکتیش، 1999 ص ص. 242-243)، زۆرجار پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ناڕوونی و کەمکردنەوەی ئەو بێ متمانەییە هەڕەشە لەسەر شیرازەی کۆمەڵگا دروست بکەن، هەروەها کاریگەریی لەسەر بەهێزی و نیگەرانیی تیۆری باوەڕپێکراو دروست دەکات، بۆیە زۆرجار تاکەکان پشت بە میدیا دەبەستن چەندین کاریگەری دروست دەکەن وەک: جۆش و خرۆشی سۆزداری: واتە مەیلی تاکەکان و خۆشەویستیان بۆ ئەو ئامراز و ناوەڕۆکەی کە دابین کراوە، کە مەبەست لێی ئەوەیە تاکەکان چۆن بەرژەوەندی و پێداویستی و ئامانجەکانی خۆیان لە بەردەم میدیاکاندا ئاشکرا بکەن (ابو اصبع، 2010، ص.212)، هەروەک لە توێژینەوەکەی (ساندرا پاول روکیچ ) و هاوکارەکانیەوە باسی لێوەکراوە، ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کاتێک بینەر تەلەفزیۆنەکەی بۆ هەڵکراوە، هەست بە بەهێزبوونی تەلەفزیۆنەکە بکەن، کە ئەو بابەتانەی لە تەلەفزیۆنەکە پەخشدەکرێت.(دیفلیرو روکتیش،1999، ص ص.425-428).

## 1-6-1-5: گریمانە سەرەکیەکانی تیۆری پشتبەستنی میدیا

لایەنی سەرەکی تیۆریی پشتبەستن ئەوەیە کە تاک پشت بە میدیاکان دەبەستن، هەر چەندە میدیا ڕۆڵێکی گرنگ لەژیانی خەڵکدا دەگێڕێت و پەیوەندی پتەوتر و کاریگەری زیاتر لە ئامرازە تەلەفزیۆنیەکان وڕاگەیاندنەکان لەسەر تاکی کۆمەڵگا دروست دەکات ،(مکاوی ، السید ،2009، ص. 327)، کە ئەمەش خۆ لە چەندین گریمانە دەبینێتەوە کە ئەمانەن:

- پلەی جێگیری سیستەمی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر زیادبوون یان ڕادەی پشتبەستن بە سەرچاوەکانی زانیاری میدیایی هەیە، کە بەم هۆیەوە هەندێکجار ناسەقامگیریی لە نێو کۆمەڵگادا زیاتر دەبێت بەهۆی سەرچاوەی زانیارییەکان، کە تاکەکان زیاتر پشت بە میدیاکانەوە دەبەستن(عبدالله، 2010، ص. 226-227)

- ڕادەی پشتبەستن بەمیدیاکان لەحاڵەتی نەبوونی کەناڵێکی باوەڕ پێکراو زانیاری زیاتر دەکات، بەلام لەحاڵەتی نەبوونی سەرچاوەی زانیاری باوەڕپێکراو لەلایەن تۆڕە تایبەتەکان یان فەرمیەکان یان سەرچاوە میدیاییەکانی دەرەوەی کۆمەڵگاوە ئاستی متمنانەکردن کەمتردەبێتەوە (لافرانس 2013، ص ص.11-13)

**1-6-1-6: دەرهاویشتەکانی پشتبەستنی گشتی بە میدیا:**

هەندێک لە توێژەران باوەڕیان وایە کە تیۆری پشتبەستن کاتێک کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت، کە بەرکەوتن لەسەر بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانی تاک و میدیا دروست بکات، بۆ وەرگرتنەوەی وەلام و ڕوونکردنەوە تەواو لەسەر ئەو ئەتوارەی کە هەبێت، بۆ ئەو ڕێگایانەی کە جەماوەر پشتی پێ دەبەستێت بۆ گەیشتن بەئامانجە کەسیی و گشتییەکان، وەک پشتبەستنی کۆمەڵگا بەمیدیاکان، وەهەروەها دەتوانرێت کاریگەرییەکان بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت(دیفلیر روکتیش، 1999، ص ص.425-428).کە ئەمانەن :

**یەکەم: کاریگەرییە مەعریفییەکان: چەندین کاریگەری هەیە بریتین لە:**

**أ-ناڕوونی:**

دوو ئاراستەی زانیاریی هەیە کە تاکی کۆمەڵگا وەریدەگرێت، کە ئاراستەیەکی زانیاری بەکەم و کورییەوە دەگاتە گوێی خەڵک کە ئەمەش وا دەکات دووڕوی زانیاریەکان ببەخشێت،(محمد،د.ت،ص.365)، بەلام ئاراستەی دووەم ئەو زانیاریانە لە خۆدەگرێت کە لە نێو خەڵک باس دەکرێت، کە بەجۆرێک لێکدانەوەی لە لایەن میدیاکانەوە دابین کراون ناڕۆشنی دەخەنە ڕوو(مکاوی، السید، 2009، ص. 320) توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەیان دەرخستووە کە نادڵنیایی زیاد دەکات، کاتێک ناڕوونی دروست دەبێت وەک کارەساتی

سروشت یان تیرۆرکردنی سەرکردەیەکی سیاسی، لە کاتێکدا میدیاکان زانیاری تەواو یان زانیاری ناکۆک لەبارەی ئەم جۆرە ڕووداوانە بلاودەکەنەوە، لەم حاڵەتەدا هەستی ناولێنان لە نێو تاکەکانی جەماوەردا دروست دەکات، کە ئەو جۆرە زانیاریانە لە ناتەواویی و نادیاریە وە سەرهەڵدەدەن یان ڕوداوی ناکۆک دروستدەکەن .

ب- **شێوەو ئاراستەکان:**

میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێکهێنانی ئاراستەی تاک بەرامبەر بە کێشە ناکۆکەکانی نێو کۆمەڵگا، وەک کێشەی ژینگەیی و قەیرانی وزە و گەندەڵی سیاسی و بێ پلانی خێزان و ڕەوتە نوێکان، بەشێک لەو دەستەواژانە لە ڕێگەی میدیاکانەوە زانیاریەکانیان بەرجەستە دەبن(مكاوي والسيد، 2009، ص. 320)

ت- **پێشینەکردن :**

میدیا تەنیا کێشە هەڵبەسێردراوەکان بۆ ڕای گشتی پەخش دەکات(صلوى، د.ت، ص.13) و جەماوەریش تێڕوانینی خۆیان لەسەر ئەم کێشانە پۆلێن دەکەن و جەخت لەسەر ئەو زانیاریانە دەکەنەوە کە بەپێی جیاوازی تاکەکەسی خۆیان دەتوانن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن . (ابو اصبع، 2010، ص. 209).

ث- **بەهاکان:** کۆمەڵێک بیروباوەڕن کە لە لایەن ئەندامانی گروپێکەوە گەشە دەکات وەک: ڕاستگۆیی و ئازادی و یەکسانی کە میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ڕوونکردنەوە و گرنگی ئەو بەهایانە .(Miller, 2002, p.274 ).

### 1-6-2: تیۆری پشتبەستنی باوەڕپێکراو:

بەو پێیەی ژیان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ئاڵۆزە و تەکنەلۆجیای میدیا بەردەوام لە پێشرەویدایە، گرنگی میدیا لە گواستنەوەی زانیاریدا لە زیادبووندایە، بۆ نمونە لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا میدیا چەندین کاری جۆراوجۆر ئەنجام دەدات، لەوانە دابینکردنی زانیاری دەربارەی حکومەت و خزمەتگوزاری فریاکەوتن، کە بە سەرچاوەی سەرەکی هۆشیاریی هاوڵاتیان لە ڕووداوە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت(عبدالمجید، 2009، ص.248)، بەڵام بۆ ڕووداو و کێشەکانی ژیان مرۆڤ زیاتر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پشتدەبەستێت بە سیستەمە ئابووری و سیاسی و ئایینییەکان، کە پەیوەندییەکی دووبارەیی نێوان میدیا و تاکی کۆمەڵگایە،(الهیتی، 2007، ص ص.133-134) دیفلیر و ڕۆیکتیش مۆدێلێکیان دانا بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان میدیا و هێزە کۆمەڵایەتییەکان ڕوونتر بکەنەوە، کە بە تیۆریی پشتبەستنی باوەڕپێکراو ناسراوە، سەرەرای ئەوەش بیرۆکەی گۆڕینی ڕەفتار و زانین و ویژدانی جەماوەر دەتوانێت ببێتە کاریگەرییەکی پاشگر بۆ گۆڕینی هەردوو چەمکی کارایی کۆمەڵگا و ئامرازەکانی میدیا(little John, A.2008,pp. 302-203).

### 1-6-3: پەیوەندیەکانی تیۆری پشتبەستن و هۆشیارییە میدیاییەکان .

پەیوەندی تیۆری پشتبەستن بە هۆشیاری میدیاییەوە پەیوەستە بە دوو هۆکاری سەرەکی کە ئەمانەن :

**هۆکاری یەکەم:** تاک زیاتر پشت بەمیدیاکان دەبەستن کە ئەوەش دەبێتە هۆی رادەی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاک، بەڵام میدیاکان پشت نابەستن بە پێویستییە دیاریکراوەکان کە تاک تێر بکات، کە زۆرجار بە دووئاراستەی دژیەک کاردەکەن، وەک دارشتنی ناوەرۆکی راپۆرتەکانی هەواڵ، ناوەرۆکی دۆبلاژ و فیلمەکانی رابواردن، کە دەبنە هۆی بەدەست هێنانی زانیاری بۆ هۆشیارکردنەوەی میدیاکان کە بە چ میکانیزمێک کاربکەن (Pablo,1994/Vol. 14, No. 3, p.60).

**هۆکاری دووەم:** سەقامگیریی کۆمەلایەتی و ناکۆکییەکان لە کۆمەلگادا، کاتێک گۆرانکاری کۆمەلایەتی یان ململانێی بەسەر دادێت تاک روو لە زیاد بوون دەبێت، بە بەکارهێنانی ئاستی راستەقینەی میدیا و چۆنیەتی هۆشیارکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایانە کە سەرچاوەی سەردکێن بۆ گۆرانی بنەرەتی تێگەیشتن لە واتایی هۆشیارکردنەوە( Little john,2008, p.302-203)، ئەوەی جێ سەرنجە کە چەند پرسیارێک گەلاڵە دەبێت بۆچی میدیا کاردەکاتە سەر بیروباوەر و هەست و رەفتاری جەماوەر لە کۆمەلگادا، لە چوار چێوەی پەیوەندییێک کە دەکرێت تاکەکان بتوانن ئامانجەکانیان لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی زانیاری و سیستمی راگەیاندن بەدەست بهێنن(.Pablo 1994, Vol. 14, No. 3, p.60).

## 1-7 جۆری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفیی و شیکارییە، ئامانج لێی شیکردنەوەی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان و راڤەکردنی رای گشتی بۆچونی جەماوەرە لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

## 1-8 میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بەمیتۆدی روپێوی بەستوە بەدوو شێوازی جیاواز لەروی چەندێتیەوە، شێوازی شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ شیکردنەوەی (5) بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەلبژێردراو، کە لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان k24 پەخشکراوە، شێوازی دووەم رای جەماوەر بۆ زانینی پلەی پشتبەستنی جەماوەر لە هەرێمی کوردستان بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی و رۆڵی لەهۆشیارکردنەوەی پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

## 1-9 کۆمەڵگەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی رومالی کۆمەلگەی توێژینەوەکەیە بۆ شێوازی شیکردنەوەی ناوەرۆک، هەروەها جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا رومالی کۆمەلگەی توێژینەوەکەیە بۆ شێوازی راستی دروستی شیکردنەوەی راپرسی.

**1-10 مشتەی توێژینەوە:**

توێژەر مشتەی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ پێنج بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەلبژاردراوە لەسەر پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی کە لە شاشەی کەناڵی ئاسمانی کوردستان k24 پەخشکراوە لە ماوەی 2021/9/1 تا 2022/3/31، کەتیایدا تیشک خراوەتە سەر ڕەهەندەکانی خودی پرسەکە، هەروەها مشتەی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا بەکارهێناوە کەژمارەیان (200) کەسە و بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی: (ڕەگەز، تەمەن،ئاستی خوێندەواری، پیشە، شوێنی نیشتەجێبون) وەری گرتوون.

**1-11 ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وڕاپرسی ڕا بەکارهێنراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا وزانیاری بەرێکاری شیکردنەوەی وەسفی چەندێتی کە ئاماژەی مشتەی توێژینەوەکە دەکەن.

**1-12 دەستە ویەکەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

دەستە ناوەڕۆکیەکان پێکهاتون لە: (بابەت، سەرچاوەی زانیاری، ئەرک، ئاڕاستە، تەوەرەکانی جێگیربون)، دەستە ڕواڵەتیەکان پێکهاتون لە: (هۆکارە زەقکراوەکان، هاوسەنگی ڕومالکردن، شێوازی خستنەڕوو)، یەکەی شیکردنەوەش بریتیە لە (بابەت) واتە (ڕەهەندەکانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی).

**1-13 گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە:**

گۆڕاوی پەیوەست بەتوێژینەوەی شیکارکراو بریتیە لە (دەستە ناوەڕۆکی و ڕواڵەتیەکان)ی شیکاری بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی، گۆڕاوی پەیوەست بەتوێژینەوەی پراکتیکراو بریتیە لە (پشتبەستن بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی و هۆشیاری جەماوەر بۆ پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی).

### 1–14 ڕاستی فۆرمی توێژینەوەکە:

توێژەر کاری لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازەکانی پراکتینامەی توێژینەوەکە، بەجۆرێک پاش گەلاڵەکردنی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وڕاپرسی ڕا بەشێوەی سەرەتایی، هەردوو فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێک لەبواری ڕاگەیاندندا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کەهاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت = بڕگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠)*

### 1–15جێگیری فۆرمی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ جێگیری فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک شێوازی هۆلستی بەکارهێناوە بەم شێوەیە: (CR = 2M÷(N1+N2) (M = ژمارەی ئەو دۆخانەی کەهەردوو توێژان لەسەری کۆکن)، (ن1 = ژمارەی ئەو دۆخانەی کەتوێژی یەکەم پێی گەشتوە)، (ن2 = ژمارەی ئەو دۆخانەی کەتوێژی دووەم پێی گەشتوە)**، هەروەها بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی توێژەر جێگیری ناوەخۆیی بەکارهێناوە بۆ داتاکانی توێژینەوە ، بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (1)

جێگیری توێژینەوە

| بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| پرسیارەکان | ٢٨ | ٠.٩٨٣ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کە جێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لە (٠.٩٨٣)، کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

---

* واتە: ڕاستی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک = ٢٥/٢٨×١٠٠= ١.٩٢%، و ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی ڕا = ٨٢/٩٠×١٠٠= ٢.٩٢%، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

** بۆیە تێکڕای جێگیری بەم شێوەیە دەردەچێت: ٣٣×٢/٢٥+٢٥=٦٦/٧٠=٦.٦/٧٠٠ =٩٤.٢) واتە (توێژەکان کۆکن بەڕێژەی ٩٤.٢%)،

**16-1 ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان لەتوێژینەوەکەدا:**

دوای کۆتاییهێنان بەڕێکاری کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، پشتبەست بەپسۆڕی میدیا وشارەزا لە بواری پرۆگرامی (SPSS) دیزاینی هەردوو فۆرمی شیکاری و ڕاپرسی کراوە بەپێی دەستە وپرسیارەکان، دواتر داتاکان داغلکراون بە شێوەی ئەلیکترۆنی، پشتبەست بەئاماری وەصفی بە شێوازی (Non Parametric) شیکردنەوە بۆ تێکرای داتاکان کراوە، بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری جۆراوجۆر:

1. دووبارە و ڕێژەی سەدی.
2. ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری.
3. گرنگی ڕێژەیی.
4. پلەی ئازادی و ئاستی باوەڕی.
5. ئامرازی پەیوەندی سپێرمان(Spearman Correlation Coefficient).
6. تێستی مان ویتنی (Mann – Whitney - Test) بۆ جیاوازی داتای ڕوتبی نێوان دوو گروپی سەربەخۆ لەمشتەی توێژینەوە.
7. تێستی کروسکاڵ والیس (Kruskal Wallis) بۆ جیاوازی داتای ڕوتبی نێوان زیاتر لەدوو گروپ لەمشتەی توێژینەوە.

**17-1 سنووری توێژینەوەکە:**

1. سنوری کات: سالانی (2021-2022)ی زاینی.
2. سنوری مرۆیی، جەماوەر .
3. سنوری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراق.

**1-18: توێژینەوەکانی پێشوو :**

**یەکەم : توێژینەوە کوردیەکان .**

أ- **محێددین١ : جوان جەلالەدین 2022.** توێژینەیەکە بەناونیشانی (رۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری لە ڕووبەرووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا . توێژینەوەیەکی مەیدانییە) ئەم توێژینەوەیە لە رەهەندە بنکۆلکارییە گرنگەکان هەژماردەکرێت، ئەوانیش ئاستی زانستی بوون و رەسەنایەتی و ئامانجەکانی بە شێوەیەکی تیۆرینامەو و پراکتیک نامە خستۆتە روو .

توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییەکانە، ڕێکاری شیکارنامە و چاوپێکەوتنی قوڵ لە ڕێی شرۆڤەکردنی پەیامی ڕاگەیاندن و وەرگرتنی تێروانینی ژمارەیەکی دیاریکراو لە مشتەی توێژینەوەکە .

لەم توێژینەوەدا چەندین ئامانج دێنە بەرباس بۆ ئەوەی ئەنجامێکی روون و داتایەکی تایبەت بە رۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری لە ڕووبەروو بونەوەی گەندەڵی بخاتە روو . وەک ئەمانەی خوارەوە .

1- ئاشکردنی ئاستی ڕاگەیاندنی بنکۆلکار لە هەرێمی کوردستان.

2- رۆلی ڕاگەیاندنی بنکۆلکار لە دەرخستنی ڕادە و ئاستی کەیسەکانی گەندەڵی و سروشت و بایەخدانی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووبەرروو بونەوەی گەندەلی .

3- دیاریکردنی ئاست و ئاستەنگ و ئاسۆکانی ئایندەی ڕۆژنامەوانی بنکۆلکاری لە دیدی ڕاگەیاندکارانی بنکۆلکارەوە . ئاشکرا کردنی رادەی هاوکاربوونی ئاکارنامەی رۆژنامەنووسی و یاسا بەرکارەکانی بۆ هاتنەکایەوەی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری لە هەرێمی کوردستان .

ئەم توێژینەوە گەیشتووە بە دەرئەنجامەی بایەخدان بە رۆژنامە و کەنالەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە پرسی بنکۆلکاری و بەدواداچوون کە لە ئاستێکی باش نیە ، کە پلەی یەکەم بۆ نەبوونی رۆژنامەنووسی بنکۆلکار و کەمتەرخەمی رۆشنبیران دەگەرێتەوە .

ب- **محێدین(1) جوان جەلالەدین، 2022.** ئەم تـوێژینەوەیە هەڵێنجـراوی تەوەرەیکـی نێو دکتورانامەیە ، لـەم توێژینەوەیـەدا، ئاسـتەنگەکانی بـەردەم ڕاگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی لـە هەرێـم کوردسـتاندا وەک مۆدێلێکـی سـەردەمانە خراوەتـە ژێـر لێکـۆڵینەوە. لە توێژیینەوەکـەدا میتـۆدی «وەسـفیی» و ڕێبـازی «چاوپێکەوتنـی قـووڵ»ی بەکارهێناوە .

ئەم توێژینەوەیە میتۆدیکی شیکاریی و مەیدانیە کە بەدواداچوون وئاستی گەشەکردنی و ئاستەنگەکانی گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری کراوە لە ڕێی پێچۆری ئەو کاریگەرییەی کە هەیەتی بەسەر سێ دەسەلاتەکەی ( یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی) وەهەروەها بـاس لە بەشـێک لەپرسـە شـاراوەکان دەکـات کە کـاریگەری لەسـەر ڕۆژنامەنووسـان و ڕاگەیاندکاران هەیە کە کەشێکی لەبار و ئایندەیەکی گەش بۆیان دەستەبەر ببێت . .

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی لە خۆگرتووە کە ئەمانەن :

1- دیـاریکردنی ئەرکـی چـاودێری کردنـی ڕۆژنامەنووسـان و دامەزراوە میـدیاییەکان سەبارەت بە پرسەکانی ڕاگەیانکاران و گەشەکردنیان

2- ئاسـتەنگی سیاسـی، دارایـی و ئابووریـی و کۆمەلایەتیـی، لـە پێشـەوەی ئاسـتەنگەکانی بـەردەم گەشەسـەندنی اگەیاندنی بنکۆلکارییە لە هەرێمی کوردستاندا

3- ڕاگەیاندنـی بنکۆڵکاریـن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، تاڕادەیـەک توانیویەتـی ببێـت بـە چاودێـر بەسـەر دەسـەڵاتی دادوەریـی، جێبەجێکـردن، یاسـادانان.

4- ئاینده بۆ ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی دەبێت.

5- ڕۆڵـی دەزگاکانی سـەندیکای ڕۆژنامەنوسـان، ناوەنـدە ئەکادیمیاییـەکان، داواکاری گشـتیی، ڕێکخـراوە ناحوکومییـەکان) لـە گەشەسـەندنی ئـەم مۆدێلـەی ڕاگەیاندنـدا لـە ئاسـتێکی خراپدایـە.

---

(1) محێدین: جوانە جەلالەدین ، پ. هێرش رسـول ، پ.ی.د. هۆشیار مظفر علي ، ئاستەنگەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی بنکۆلکاریی لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆکانی گەشەکردن ، ڕاگەیاندنی بنکۆلکار بەنموونە گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆلینەوەی ستراتیجی ، ژمارە 4 سالی 2002 . لا . 15 – 41

6- پێویسته داواکاری گشتیی و دەسەلاتی دادوەریی پاڵپشتی ڕاگەیاندنکارانی بنکۆڵکار بن، نەک ببن بە ئامرازێک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کارکردنیان.

7- دەستنیشانکردنی و هاریکاریکردن و بەدەمەوە هاتنی دەزگا و دامەزراوە حکومی و حزبیەکان کە ڕێگە بدەن بە کاری ڕۆژنامەنوس و چاودێری کارەکانی حکومەت بکات.

8- ڕێگە پێدانی ڕۆژنامە نووسان لە سەر بڵاوکرنەوەی بابەتە بنکۆلکارییەکان لە چوار چێوەی بەدواداچوندا .

وەهەروەها ئەم توێژینەوەی گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک کە ئەمانەن.

1- دەسەلاتەکانی (دادوەریی، یاسادانان، جێبەجێکردن) کار بۆ فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربرین بکەن، کە هۆیەکی سەرەکییە بۆ گەشەکردنی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاریی.

2- کایە سیاسی و حزبی و حکومییە و ناوەخۆی و دەرەکییەکان کە بە چ شێوازێک چاودێری ڕۆژنامەنوسان دەکەن لە کاتی بە جێهێنانی کارەکەیان و بەدەست هێنانی زانیاری بابەتە شاراوەکان.

3- ڕۆژنامەنوسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گرنگییەوە لە کاری ڕاگەیاندنی بنکۆلکاریی بڕوانن.

4- هانی ڕۆژنامەنوسانی ڕەگەزی مێ بدرێت زیاتر بێنە ناو ئەم مۆدێلەی ڕاگەیاندن

هەروەها جەختکردنەوە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسان و چۆنیەتی پارێزگاری کردن لێیان و دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکان و مافی ئازادی ڕادەربرینیان هەبێت لەسەر چۆنیەتی ئاشکراکردنی بەرنامەی ( کارەکانیان ) . کەتایبەت بە نیشاندانی وێنەی پرسە شاراوەکان لەلایەن ڕاگەیاندکارانی بنکۆلکار لە هەرێمی کوردستان . کە بەتوێژنەوە کردن دەربارەی

کاریگەریی ناوەندە ئەکادیمیاییەکان لەسەر ئایندەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان.

ت- **عیسی[1] 2022.** لەم تویژینەوەیەدا کە ماستەرنامەیە باس لە ڕۆڵی دەرفەت و ئاستەنگەکان دەکات . کە ناونیشانی تویژینەوەکە بریتیە لە (دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا )– لەڕووی جۆرەوە ئەم توێژینەوەیە لە جۆری تویژینەوە وەسفییەکان دادەنرێت، کە هەوڵدەدات بۆ لێکدانەوەی دیاردەیەکی دیاریکراو شیکردنەوە وەسفکردن و ناساندنی سەرجەم لایەنەکان، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پشت بە ڕێکاری، ڕوپێوی (مسح) بەستراوە، باسی ئەو کێشانە دەکات کە چۆن بتوانرێت نارۆشنی و تەمومژاوییبوونی دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان ڕونبکرێتەوە ،گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە تویژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەمانەن.

1-ئاستی بەرەو پێشچوونی ڕۆژنامەگەری بنکۆلکاری لە سێبەری ئازادی فەراهەمکراو ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری هەروەها ڕەخساندنی دەرفەت و بۆ برەودان بەکاری بنکۆڵکاری دروست لەهەرێمی کوردستان، بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە بەرزترین ئاستی پێوانەییدا لە ئاستێکی مام ناوەندا خۆیان دەبیننەوە .

2-ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، لە بەرزترین ئاستی پێوانەیدا بریتیە لە فرەیی پارتەکان و کێبرکێی نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن حەز و ئامادەیی ڕۆژنامەوان بۆ بە ئەزمونکردنی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری بە پلەی دووەم دێت دەرکەوتنی گەندەڵی بە سەرجەم جۆرەکانیەوە بە پلەی سێهەم دێت.

---

[1] عیسی: ڤیان جاسم موسی 2022، دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا. ماستەرنامە ، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلیمانی بەشی ڕاگەیاندن – ڕۆژنامە.

3-لە پێشەنگی ئاستەنگە خودیەکانی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری سەربەخۆ نەبوونی دەزگا رۆژنامەوانییەکـــان لەرووی دارایـــی و دارشـــتنی سیاســـەتی کـــارکردنی لە نـــاو دەزگـــا رۆژنامەگەرییەکان بە پلەی یەکەم دێت ، کە خۆ بە دورگرتنی رۆژنامەوان لەو بابەتانەی توشی کێشەی دەکات بە پلەی دووەم دێت هەروەها کەمی تواناى کارامەیی رۆژنامەنوسان بە پلەی سێهەم خۆیی دەنوێنێت.

**ث-علی[١]، دەشتی 2017**

ئەم توێژینەوەیە (پێگەی رۆژنامەنوسی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا -توێژینەوەیەکی مەیدانییـە)، یەکێکـە لـە توێژینـەوە پەسنییەکان( وەسـفییەکان)، بـۆ دیـد و بۆچـوونی رۆژنامەنووسانی شاری سلێمانی سەبارەت بە پێگەی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری . و زانیاریی وردو تێروانینی جیاواز لەسەر (بایەخ، پێویستی، پێگە، هۆکار، ئاستەنگ و کێشـەکانی بەردەم رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار) دەخاتەروو لە بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاری دروستبوونی (دەسەلاتی چوارەم). لە توێژینەوەکەدا باسی ئەو کێشانە دەکات لەبەردەم رۆژنامەنووساندا هـەن، کەکاریگـەریی نـەرێنییان لەسـەر بـەجێهێنانی ئەرکـە کـە هـەبووە بـۆ دەرکـەوتنی رۆلـی راستینەی ئـەم مۆدیلـە لـە کـاری رۆژنامەنوسـی لـە هـەرێمی کوردسـتادا. توێژەر هەوڵیداوە بـە پشتبەستن بە ڕێبازی ڕوپێوکاریی، پێگەی ئەو مۆدیلـە رۆژنامەنووسییە لـە هـەرێمی کوردسـتان دەستنیشان بکات، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە.

1- ئاستی نزمی پێگەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا.

2- فەراهەمکردنی پانتایەکی زیاتر بۆ ئازادی رادەبرین.

3- ئەو رۆژنامەنووسانەی کار لەسەر بنکۆڵکردنی گەندەڵی، ئاشکراکردنی تۆمەتبارانی دەکەن، ریسک بە ژیانی خۆیانەوە دەکەن.

[١] – علی ، دەشتی ، پێگەی رۆژنامە نوسی بنکۆلکاری لە هەرێمی کوردستاندا ، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی راگەیاندن ، 2017.

4- ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێم تارادەیەک مەترسیدارە لە ئێستا و ماوەی ڕابردوو، چەند ڕۆژنامەنووسێک لەو پێناوەدا بوونەتە قوربانی چەندانی تریش ڕووبەڕووی زیندانیکردن و، ئەشکەنجەدان، هەڕەشەلێکردن و بریندارکردن بوونەتەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە جەماوەر تارادەیەک گرنگی بەم مۆدیلەی ڕۆژنامەنووسیە دەدات، وەهەروەها دیاریکردنی هۆکارەکانی لاوازیی خودی ڕۆژنامەنووسەکانی لە واقع وکاری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسان بەسەر حزبەکاندا دابەشبوون ، هەروەها کەمی پشتگیری و هاندان بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆلکاریی چۆنیەتیی ئەنجامدانی، چ لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکانەوە بێت، یان ڕێکخراوە میدیاییە نێوخۆییەکان و نێودەولەتییەکانەوە.

ج- **حسن [١] 2017** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆلکاری لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا - میتۆدی ئەم توێژینەوەیە مەیدانیە لەجۆری وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوکاری و توێکاری بۆکراوە، کە دید و بۆچوونی بەڕێوەبەری دەزگا ڕاگەیاندنیە چاپکراوەکانی شاری سلێمانی خستۆتە ڕوو، سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆلکاری.

بەو پێیەی ئەو جۆرە توێژینەوەیە و کێشەکانی تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگی کەسەکان یان دامەزراوەکان، و دەزگا چاپکراوەکان ودارشتنی پلانی میدیاکان، ئەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەم ئەو چەشنەی ڕۆژنامەنوسی .

بەوپێیەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش زانینی بیرو ڕای تاکەکان، بۆ پێوانە چەندیەتی و چۆنیەتی ڕۆل و بایەخی بابەتە بنکۆلکارییەکان لە نێو میدیایی چاپکراوی شاری سلێمانی، هەتا ئێستاش هەنگاوێکی دیار و بەرچاو بەرەو ئەم جۆرە مۆدێلە کاردەکاتە سەر ڕۆژنامەگەری ودەزگا میدیایەکان.

---

١ - حسن : ئاشتی حمە صالح حسێن ، ڕۆل و وگرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆلکاری لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا ، گۆڤاری گەرمیان (April 2017.Vol4)، مجلە علمیە اکادیمیە تصدرها جامعە گرمیان ( Issn 2310-OC87).

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر دەیەوێت دەرئەنجامەکانی لە چەند خاڵێک کۆ بکاتەوە کە ئەمانەن :

1- ڕۆل و بایەخی بابەتە بنکۆلکارییەکان لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییە چاپکراوەکاندا لەدیدی بەڕێوەبەری دەزگا میدیاییە نووسراوەکاندا
2- هۆکاری بایەخدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرجار گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان ئەوان ستراتیژ بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دادەنێن.
3- هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیاتر ئاگاداری ئەوەن کە کێشە گەورەکانی گۆرەپانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری بخەنە ڕوو...

ح- اسعد[1] 2016 : ئەم توێژینەوە بە یەکێک لە ماستەرنامەکانی پسپۆری بنکۆلکاری هەژمار دەکرێت، کە پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئاداب بەشی ڕاگەیاندن کراوە بە ناونیشانی پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچوون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری توێژینەوەیەکی مەیدانییە .

ئەم توێژینەوە پشتی بەستووە بە میتۆدەی وەسفی، کە هەردوو ڕێکاری شیکارنامە و ڕووپێوی کاری تێدا ئەنجامدراوە . کە زۆرترین مشتەی لەسەر ئاستی جەماوەر بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دەرئەنجامی زانستیانە بخاتەروو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەڵوەستە کردنە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە، کە ئەمانە .

1- بابەتی بەدواداچوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەک مشتەی توێژینەوە وەرەگیراوە .
2- کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و خستنەڕووییان و ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی زانیارییەکان و ئاشنا بوونی جەماوەر پێیانەوە .

---

[1] **– اسعد ، ئەرشەد خەلیل , 2016, پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچوون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری توێژینەوەیەکی مەیدانییە ، ماستەرنامە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب – هەولێر .**

3- پشتبەستنی جەماوەر بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و پەیوەندی بەستن بە تەواوی ناوەرۆکی بابەتە بنکۆڵکاریەکان .

4- ئەو داتا و زانیارییانەی دەخرێتە ڕوو تا ئەو رادەیی کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بکات لە ڕووی گرنگی پێدانەوە .

توێژینەوەکە شیکارینامەی بۆبەرنامەی تۆپ ستۆری لە کەناڵی ئاسمانی ڕووداو کراوە ، کە زۆرترین توێژی مامۆستایانی زانکۆ لە مشتەی توێژینەوەکە لە فۆرمی ڕاپرسی بەشدارییان کردووە. توێژەر لە کۆتایی نامەکە بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، کە زۆرترین بەشداربوو گەیشتونەتە ئەو تێکراییە کە زانیاری و بابەت نەزانراوەکان لە بەرنامەی تۆپ ستۆری وەریانگرتووە، کە توێژەر لەلایەنی ئاماری ڕوونیکردۆتەوە، کە پێی وایە بەدوادچوون لە برەنامەی تۆپ ستۆری لە ئاستێکی باش بووە .

## دووەم :توێژینەوە عەرەبیەکان

أ- حمام [١] روان عماد 2019. ئەم توێژینەوە باس لەوە دەکات کە ڕاگەیاندنەکان دەتوانن لە ڕێگای بنکۆلکاریەوە زانیاری ببەخشن و زۆرترین فشار و کاریگەری لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان دروست بکەن، کە توێژینەوەیەکی مەیدانییە، هەوڵیداوە ئاشنا بێت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری لە ئاشکرا کردنی کەیسەکانی گەندەلی لە وڵاتی ئوردن . لە ڕوانگەی رۆژنامەنوسانی ئەم وڵاتە .

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییە شیکارینامەکانە، کە ڕێبازی ڕووپێویکاری و شیکردنەوەی پەیرەو کردووە. هاوکات ئامرازەکانی ئاماری بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامە ئامارییەکان . تەنانەت گەندەلکاران بۆ جەماوەر ئاشکرا بکەن .

---

[١] – حمام روان عماد ٢٠١٩، دور الصحافة الاستقصائية في كشف قضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين .رسالة ماجستر غير منشورة ، جامعة شرق الاوسط كلية الاعلام قسم الصحافة والاعلام .

ئەو توێژینەوەیە چەندین ئامانجی لە خۆگرتووە . کە ئەمانەن .

1- ئاشکراکردنی بابەت و کەیسەکانی گەندەڵی کە لای رۆژنامەنوسانی ئوردن جێگای بایەخن.

2- ئاشنابوونی رۆژنامەنووسانی ئوردنی بە بابەت گەندەلییەکان و کاریگەرییان لەسەر تاک و کۆمەڵگای ئوردنی .

3- ئەو ئاستەنگانەی دووچاری رۆژنامەنووسانی بنکۆلکار دەبێتەوە لە وڵاتی ئوردن .

4- کە توێژەر بەرنامەکانی بە شێک لە تەلەفزیۆنەکانی ئوردنی هەڵبژاردووە کە زۆربەیان باس لە کارو چالاکی کەسانی تایبەت لە دامەزراوە حکومیەکان دەکات کە دەستیان لە گەندەڵی و پرسە گەندەلییەکان داهەیە

وەهەروەها لەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێک کە ئەمانەن :

1- بابەتە گەندەلییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی وڵاتی ئەوردن کە بە بیرو رای رۆژنامەنووسانی ئوردنی جێگای بایەخن .

2- تارادەیەک رۆژنامەنووسانی ئوردنی ئاشنایەتیان لەگەل ئاشکراکردنی بابەتە گەیندەلییەکان دروست کردووە لەرێگای راگەیاندنی بنکۆلکاری و بابەت گەندەڵییەکان

3- بوونی چەندین ئاستەنگ لەبەردەم گەشەکردنی راگەیاندنی بنکۆلکاری ، وەک راهێنانی رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندن لە سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن لە وڵاتی ئوردن .

4- هەستکردنی دەزگا رۆژنامەوانییەکان و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسانی بنکۆلکار کە رووبەرووی بابەت بنکۆلکاریەکان دەبێتەوە .

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکە چەند باسێک دەخاتوو روو لەهەردوو میتۆدی شیکردنەوە و راپرسی ، کە تا چ رادەیەک جەماوەر دەتوانێت زانیاری دەستکەوێت لەسەر بابەت گەندەلییەکان و هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگا، لە سەر تێروانینی بەرتوێژان بۆ

ڕۆژنامەکان لەسەر پرسی گەندەلی کە ئالوگۆری ڕاپرسی کراوە کە خزمەتی گەیاندووە بە ئاستی وەرگرتنی زانیاری بەرتویژان .

ب-**جمعة**[1]**: دعاء هشام 2019.** ئەم تویژینەوەیە میتۆدیکی شیکاریی و مەیدانیە کە بەدواداچوون و بۆ بەشێک لەپرسە شاراوەکان دەکات کە کاریگەری لەسەر کۆمەلگاو ئاشتەوایی و هۆشیاری کۆمەلگە هەیە .

ئەم تویژینەوەیە کە چەندین و ئامانج لە خۆگرتووە کە ئەمانەن :

9- دیاریکردنی ئەرکی چاودیری کردنی ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان سەبارەت بە پرسە کانی تیرۆر لە ولاتی میسر و ولاتانی نیشتمانی عەرەبی.

10- دەستنیشانکردنی و هاریکاریکردن و بەدەمەوە هاتنی دەزگا و دامەزراوە حکومی و حزبیەکان کە ڕیگە بدەن بە کاری ڕۆژنامەنوس و چاودیری کارەکانی حکومەت بکات.

11- ڕیگە پیدانی ڕۆژنامە نوسان لە سەر بلاوکردنەوەی بابەتە بنکۆلکارییەکان لە چوار چیوەی بەدواداچوندا

وەهەروەها ئەم تویژینەوەی گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک کە ئەمانەن.

5- تەلەفزیۆن و بەرنامەکانی بنکۆلکاری ئەرکییان چاودیرییە لە سەر چۆنیەتی کاری ڕۆژنامەنوسی لە ولاتانی عەرەبیدا .

6- کایە سیاسی و حزبی و حکومییە و ناوەخۆی و دەرەکییەکان کە بە چ شیوازیک چاودیری ڕۆژنامەنوسان دەکەن لە کاتی بە جیهێنانی کارەکەیان و بەدەست هێنانی زانیاری و بابەتە شاراوەکان.

---

[1] - جمعة: دعاء هشام ٢٠١٩، معالجة برامج الصحافة الاستقصائية التلفزيونية لقضية الإرهاب في مصر والوطن العربي، المجلة العلمية لكلية التربية النوعية عدد 18/ ج٢

7- هەروەها جەختکردنەوە لەسەر کاری رۆژنامەنووسان و چۆنیەتی پاریزگاری کردن لییان و دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکان و مافی ئازادی رادەربرینیان هەبێت لەسەر چۆنیەتی ئاشکراکردنی بەرنامەکانی وەرگیراوی توێژینەوەکە کە بە ناونیشانی ( سری للغاية و برنامج نقطة ساخنة وبرنامج انتباه ) . کەتایبەت بە نیشاندانی وێنەی پرسە شاراوەکانی تیرۆر و گروپە تیرۆریەکان .

ت- **مراد 1 هێرش رسول 2016**. ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرایە بە ناونیشانی ( الوظيفة الرقابية للصحافة الكوردية في اقليم كوردستان – دراسة تحليلية وميدانية في جريدتي كوردستانی نوێ و رۆژنامە کە پێشکەشی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە) . بەڵام لە ئێستادا وەک پەرتوک لەبەر دیدی خوێنەرانە.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە و کە چەندین ئامانجی لە خۆ گرتووە . کە ئەمانەن.

1- دیاریکردنی سنوری جێبەجێکردن و ئەرکی چاودێریکردنی رۆژنامەنووسانی کورد سەبارەت بە پرسە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

2 – بەدەمەوە هاتنی دەزگا و دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان و هاوکاریکردنی رۆژنامەنووسی چاودێریکار لە بابەتە نارۆشنەکان.

3- دەستنیشانکردنی ئاستی گرنگیدان بەو بابەتانەی کە سروشتی چاودێریکردنیان تێدا بەرجەستە بووە لە سەر ئاستی رووبەرێکی دیاریکراو و شوێنی بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی رۆژنامەنووسی، کە ناوەرۆکی چاودێریکاری بڵاودەکاتەوە.

4- دەستکەوتنی داتا و زانیاری سەبارەت بە بابەت ناروون و شاراوەکان و بڵاوکردنەوەیان لەلایەن رۆژنامەنووسی چاودێریکار لە چوار چێوەی ئەو پێویستیانەی کە لە ئەرکی چاودێریکار بەشێوەی نهێنی و ئازادانە .

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گەیشتووە بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە.

1- ئەرکی چاودێری کردن لەسەر لەسە رۆژنامەکان کە گرنگترین ئەرکی راگەیاندنە بەلای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانەوە.

2- ئاستەنگی سیاسی کە دیارترین ئاستەنگی بەردەم ئەرکی چاودێریکاریی رۆژنامەنووسی کوردییە. کە هەندێکجار رۆژنامەنووسان دووچاری کۆسپ و تەگەرەی بەجێگەیاندن و راییکردنی ئەرکەکەیان دەبنەوە.

3- چەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧. وەهەروەها مافی بەدەستهێنانی زانیاری کۆکردنەوە لەلایەن رۆژنامەنووسان کە ناتوانن ئەرکی سەرەکی خۆیان بەجێبگەیەنن، بۆ دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکان و مافی ئازادی رادەبرین .

ث- **حسني[1] محمد ربيع عثمان2013**، توێژینەوەکە باس لە چۆنیەتی هەڵگیرسانی بیرۆکەی بنکۆڵکاری دەکات لە ولاتانی عەرەبی . کەوەک بابەتێکی نوێ لە میدیا و دامەزراوە میدیاییەکان خوێندنەوەی زانستی بۆکراوە. ئەم توێژینەوەیە پێشکەشی بەشی راگەیاندن کراوە وەک بەشێک لە بروانامەی دکتورا لە پسپۆری رۆژنامەوانی لە زانکۆی ئەلمەنیا.

ئەم توێژینەوەیە رێبازی بەراوردکاری و شرۆڤەی شکاری بۆ بەشێک لە رۆژنامەکانی میسر کردووە، کە میتۆدەیەکی وەسفی بەکارهێناوە لەگەڵ فۆرمی راپرسی .

سەرەرای ئەوەی توێژینەوەک گەیشتۆتە چەند چەند ئامانجێک و گرنگیی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری خستۆتە روو، کە ئەمانەن :

[1]- حسني محمد ربيع عثمان2013، الصحافة الاستقصائية كنمط مستحدث في الصحافة العربية: دراسة للواقع و الاشكاليات مع رصد توجهات النخب المهنية والاكادمية نحو مستقبل هذا النمط في الصحافة المصرية، رسالة دكتوراه غير منشورة، )مصر، قسم الاعلام، كلية االداب، جامعة المنيا

1- بەشێوەیەکی گشتی چاودێری کردنی بابەتە بنکۆلکاریەکان و واقیعی کاری ڕۆژنامەنوسی بنکۆلکار سیست و لاوازە .

2- ڕۆژنامە نوسی بنکۆلکار کاری کردووە لە پرسە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابورییەکان و ڕەهەندەکانی تری وەک ئاینی ڕۆشنبیری و تەندروستی.

3- ڕۆژنامەنوسانی بنکۆلکار تێڕوانینی ئایندەی ئەم جۆرە کارە ڕۆژنامەنوسیە وەک هەنگاوێکی نوێی بنکۆلکاری کاری پێبکرێت.

4- گرنگترین کاری ئەم توێژینەوەی گەیشتە بەچەند بنەمایەکی بابەتی بنکۆلکاری لە سەر ئەو ڕێچکەیەی کە یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی و میدیای دەخاتە سەر ڕێگەیەکی گونجاو بۆ کارکردن لەسەر پرسە کۆمەلایەتی و هۆشیارییەکان لە ژێر بەرنامەیەکی ڕۆژنامەیی بەدواداچوون کە پێی دەلێن (الاستقصاء).

توێژەر زۆر کایەی ئاماری فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە .

1- ئاستی بەرتوێژان لەسەر وەرگرتنی داتا وزانیاری ڕاست و دروست لەسەر پرسە کۆمەلایەتی و ئاینیەکان کە توێژەر پێگەیشتوە کە لە ئاستێکی باشدایە .

2- ڕۆژنامەنووسی بنکۆلکار ئەو کۆشپ و تەگەرانەی کەوتۆتە بەردەم لەکاتی ئەنجامدانی کاری بنکۆلکاری .

3- ئازادی ڕادەبرین و بەدواداچوونی بابەتە شاراوەکان و چۆنیەتی خستن ڕووی ئاستی بەرتوێژان لەسەر پرسیە ناڕوونەکان بەپشتبەستن بە ئاستی بەرتوێژان لە سیستەمە ئامارییە هەلچنراوەکان لە فۆرمی ڕاپرسی .

ج- **هادي[1] فليح حسن2012 ،** ئەم توێژینەوەیە باس لە چۆنیەتی فەراهەم کردن وکارکردن لە پسپۆری ڕۆژنامەوانی بنکۆلکاری دەکات کە لە لایەن توێژەرێکی عێراقی

[1]– هادي فليح حسن2012 ، الصحافة الاستقصائية في العراق: محافظات ذي قار، البصرة، المثنى وميسان( أنموذجا)مجلة آداب ذي قار، المجلد الثاني، ع ٨.

ئەنجامدراوە . کە تویژینەوەکە تویژینەوەیەکی وەسفی شیکاری لە چوارچیوەی ئەو توانا مرۆییە کە رۆژنامەنوسی عیراقی هەیەتی بۆ بابەت بنکۆلکارییەکان لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە.

ئەو ئامانجەی کە تویژەر لە تویژینەوەکە دەستەبەری کردووە ئەمانەن .

1 - دەرخستنی توانای رۆژنامەنووسی بنکۆلکارو ئەو کایە رۆژنامەنووسیە لە سەر ئاستی عیراقدا .

2 - هەروەها ریژەی ئەو بەشداربووانەی کە بوونەتە هۆکاری بلاوبونەوەی هۆشیاری کارکردن لەلایەن رۆژنامەنوسانی بنکۆلکار کە لەم بوارەدا کاردەکەن.

3 - کاری رۆژنامەنوسی بنکۆلکاری زیاتر پەرەی پێی بدریت.

تویژەر لە تویژینەوەکەیدا گەیشتووە بەو دەرئەنجامەانەی خوارەوە کە ئەمانەن.

1- رۆژنامەنوسانی بنکۆلکاری لە عیراقدا کە ریژەکەیان لە ئاستیکی زۆر لاوازدایە .

2- تەنانەت ئەو رۆژنامەنوسانەی کاری بنکول دەکەن لە رەگەزی نیرن .کە ئەمەش دەرخەری مەترسیە لەسەر رۆژنامەنووسی کە لە رەگەزی مین کە کاری بنکۆلکاریدەکەن.

3- تەنانەت زۆربەی ئەو رۆژنامەنوسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، بابەتی بنکۆلکاریان وەرگرتووە لە پرۆگرامی خوێندن جا چ بە شیوازی راهینان بیت یان پرۆگرامی خوێندن.

4- زۆرینەی ئەو رۆژنامەنوسانەی لەم بارەیەوە بەدواداچون دەکەن هەستیان بەو ئاریشەیە کردووە کە جەماوەر گرنگی زیاتر بەلایەنی بنکۆلکاری دەدەن یاخود نا؟

5- هانی رۆژنامەنوسانیش بدریت کە زیاتر بەدواداچوونی وردتر بۆ بابەتەکانی بنکول بکەن.

ح- فراس[1] حسين الياس2012 : ئەم تویژینەوەیە بابەتی زانستی و ئەکادیمی ڕۆژنامەی بنکۆلکاریە کە تویژەر لە چوار چیوەی بابەتیکی بنکۆلکار مامەلەی لەگەل کردووە، ئەم تویژینەوەیە میتۆدی وەصفی دەخاتەروو، کە جۆرو هەلبژاردنی مشتەکان لە جۆری سامپلیی مەبەستدارە . کە ڕیکاری ڕاپیوی بەکار هیناوە بۆ وەرگرتنی بۆ چوونی ڕۆژنامەنووسانی هەرسی مشتەکە. ئەوەی جیگای سەرەنجە کە ڕۆژنامەی ( الصباح ، المدى ، المستقبل العراقی ) وەک مشتە وەرگرتووە، کە ئەم ڕۆژنامانە بە یەکیک لە پرخوینەرترین ڕۆژنامە دادەنریت لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست،

تویژەر لەم تویژینەوەیە چەندین ئامانجی خستۆتە ڕوو کە ئەمانەن .

1- ئاستی بایەخی ڕۆژنامەنوسی بنکۆلکاری لە عیراقدا بخاتە ڕوو بۆ پیشکەشکردنی ریگە چارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان .

2- دیاریکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕۆژنامەنووسی بنکۆلکاری بۆچی ناتوانیت کارەکانی بە باشی جیبەجی بکات .

3- سەرباری ئەوەش تویژینەوەکە کاری بەدوداچوونی زۆر لە خۆ دەگریت، کە برتین لە هونەری میدیایی وهۆشیاری کۆمەلگا .

ئەم تویژینەوەیە گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامیک کە ئەمانەن :

1- زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی لە پسپۆری بنکۆلکاری کاردەکەن لە ئاستی پیویست دانین.

2- ئەو بەرتویژانەی کە لە تویژینەوەکە کاریان لەسەر کراوە بریتین لە و ڕۆژنامەنوسانەی بەشیوەیەکی گشتی بنکۆلکاری و بەدواداچوون دەکەن بۆ گەیشتن بە تەواوی زانیارییەکان و گواستنەوەیان بۆ هاولاتیان وەک تاکە ویستگەی هۆشیاری میدیا و ڕۆژنامە بۆ تاکی کۆمەلگا.

---

[1] فراس حسين الياس ، 2012، الصحافة الاستقصائية في العراق / دراسة مسحية في صحيفة الصباح والمدى والمستقبل العراق رسالة ماجستير غير منشورة قسم الصحافة كلية الاعلام جامعة بغداد 2012

3- رۆژنامەکـــان بەشـــێوەیەکی گشـــتی کەمتـــرین کاریـــان لەســـەر بـــابەتە بنکۆلکـــارییە رۆژنامەوانییەکـان کـردووە ، تەنـانەت رۆژنـامەی (المـدى) نەبێت کە لە ئامـاری فـۆرمی راپرسی و شیکردنەوەی ناوەرۆک دەرکەوتوو کە زیاتر کاری بەدوادچوونی لەسەر پرسە بنکۆلکارییەکان کردووە.

**سێیەم : شرۆڤە و شیکاری توێژینەوەکانی پێشوو :**

توێژینەوەکـانی پێشـــوو بە بەراورد لەگەڵ ئەم تـــوێژینەوە بە ناونیشـــانی رۆڵـــی بەرنـــامە بنکۆلکـارییە تەلەفزیۆنیەکـان لە هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەر لە هەرێمـی کوردسـتان پرسـی ئاشـتەوایی کـۆمەڵایەتی بەنمـوونە کە تـوێژینەوەیەکی شـیکاری مەیـدانییە، کە لە تـوێژینەوەیەدا زۆرترین ئەو سەرچاوانە بەکارهاتوون کە وەک توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان پێدراوە، دوای ئەوەی زۆربەی توێژینەوەکـانی پێشـوو تـاوتوێکردنی بـۆکراوە بە بەراورد بە توێژینەوەکەمـان گەیشتونەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

1- جۆری ئەم توێژینەوەیە لە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشوو هەژمار دەکرێت ، بەتایبەت لە جۆر و میتۆدی وەسفی .

2- رێکـاری ئەم تـوێژینەوە هەمـان رێکـاری توێژینەوەکـانی پێشـووە کە لەسـەر بنەمـا و رێکاری رووپێوییە.

3- تـوێژەر وەک تـوێژەرانی توێژینەوەکـانی پێشـوو شـێوازی شـیکردنەوەی نـاوەرۆک و فۆرمی راپرسی ئەنجامداوە .

4- ئامانج لەم توێژینەوەیە تارادەیەک هاوتاییە لەگەڵ ئامانجی توێژنەوەکانی پێشووتر .

5- تەنانەت لە رووی دەرئەنجامەوە هەمان بنەماو پرەنسیپی توێژینەوەکانی ئیشووتری هەیە ســەبارەت بە بـابەتی بنکـۆل. بەڵام لە رووی بـابەتیەوە تـارادەیەک جیـاوازی لە نـاوەرۆک و هاوکێشـە ئامارییەکـان و جـۆر و هەڵبـژاردەی مشـتەکانی هەیە . کە لە

توێژینەوەکانی تر بە شێوازێکی زانستیانەی میتۆدی ڕاپرسی باس لە بابەت و پرسی جیاوازتر کراوە.

**چوارەم : سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو .**

ئەم توێژینەوەیە کە زیاتر گرنگی داوە بە سەرچاوە نزیکەکانی بابەتە بنکۆلکارییەکان، بەپشتبەستن بە توێژینەوەکانی پێشووتر بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆک و بابەتە تیۆرنامەیی و پراکتیکیەکان و چەمک و دەستەواژە بنکۆلکارییەکان لەسەر ئاستی توێژینەوەکانی پێشووتر کەلکیان لێوەرگیراوە . کە ئەمانە .

1- لە باسکردنی میتۆدی میتۆدی توێژینەوەکە توێژەر هەولیداوە لە ڕوانگەی شێوزای دارشتنی کێشەو پرسەکانی توێژینەوەکە پشت بە توێژینەوەکانی پێشوو ببەستێت.
2- توێژەر بۆ ناساندنی ئامانج و پێناسەی چەمکەکان کەلکی لە توێژینەوەکانی پێشوو کردووە. تەنانەت لە رووی پلان و دابەشبوونی بەش و باسەکان پشتی بەو دابەشبونە زانستیەیی توێژینەوەکانی پێشوو بەستووە.
3- لە کردەنی نامەکە توێژەر سوودی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازە ئامارییەکان و هاوکێشە بیرکارییەکان وەرگرتووە .
4- توێژینەوەکانی پێشووتر زیاتر مەبەستیانە بابەتە بنکۆلکارییەکان وەک تاکە زانستی ڕاگەیاندن بناسێن کە ئەمەش بە یەکێک لە خوێندنەوەو لێکۆلینەوە زانستیەکان هەژمار دەکرێت توێژەر هەمان میکانیزمی پراکتینامە و تیۆرنامەی پەیرەو کردووە .

## 19-1 دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە

- **<u>چەمکی رۆڵ</u>**، رۆڵ بریتیە لەو کردە ئەرێنیە یان نەرێنیەی کە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنیەکان دەبینێت بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەر لە هەرێمی کوردستان لە پرسە ئاشتەواییە کۆمەلایەتیەکان .
- **<u>بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان</u>**: مەبەست لێی ئەوچەشنە نوێیەی کاری بنکۆلکارییە لە هەرێمی کوردستان کە پشتدەبەستێت بە پەیبردنی ووردی رۆژنامەنووسی بنکۆلکاری دەزگا راگەیاندنەکە لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ پرسەکانی ئاشتەوایی لە نێوکۆمەڵگادا.
- **هۆشیارکردنەوەی جەماوەر** : هەرچەندە جەماوەر وەک بنەما سەرەکییەکەی پێک دێت لە کۆمەلێک رەنگ و دەنگ و ئایدیای جیاواز ، کە بە هۆی ئەو بارودۆخە و ژینگەیەی کە تاکی کۆمەلگا ژیانی تێدا بەسەر دەبات ، چونکە ئامرازەکانی راگەیاندن هەوڵدەدەن جەماوەر هۆشیاربێتەوە لە پەیامەکانی بەرنامە بنکۆلکارییەکان یان لە رێگای کارەکانی دەزگا میدیاییەکە کە تا چ رادەییەک کاریگەری لەسەر جەماوە دروست دەکات . کە ئەویش بریتیە لە کۆبونەوەی کۆمەلە خەلکێک کە رووداو و دیاردەیەک کۆیکردونەتەوە.
- **پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی** : لە مێژووی شارستانیەتە یەک لەدوای یەکەکان چەندین چەمک بۆ ئاشتەوای دێنە بەرباس ، بۆئەوەی زیاتر دیوە شاراوەکەی ئاشتەوایی بەرامبەر بە مرۆڤ بخرێتە روو کە ئائانی یان ناسەقامگیرییە . کە ئەوەش لەوەوە سەریهەڵداوە کە بەشێک لە سیستەمەکانی راگەیاندن پێکەوە ژیان بەرهەمدێنێت، هەروەک ئەوەی زۆربەی ولاتان بەدەست ئاشتەوای کۆمەلایەتی دەناڵێن، کە باشترین بژاردە بۆپێکەوە ژیانە لە نێوان ئاشتەوای ئەرێنی و ئاشتەوای نەرێنی بریتیە لە نە بوونی جەنگ و ململانی سیاسی و کۆمەلایەتی کە ئەوەش دەزگاکانی راگەیاندن رابەرایەتی دەکەن ،
- **هەرێمی کوردستان** : ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە، خاوەنی کیانێکی سەربەخۆیە و حکومەت و پەرلەمانی هەیە، لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە بەپێی دەستور ناسێنراوە، کەلە چوار پارێزگا و چەند یەکەیەکی ئیدرای سەربەخۆ پێک دێت کە ئەمانە (

هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین و سۆران و زاخۆ)وەهەروەها خاوەنی ئاڵای خۆیەتی.

# بەشی دووەم

# تیۆرینامەی توێژینەوەکە

## بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم : بنەماو پێناسەی بنکۆڵکاری و خەسڵەتەکانی

* <u>دەروازەی باس:</u>

لەم بەشەدا توێژەر تیشک دەخاتە سەر بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی لەلایەک، پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەلایەکی دی، هەروەها نیشاندانی ئەو وێنەیەی کە تاچەند ئەم دوو گۆڕاوە سەرەکیەی توێژینەوەکە پەیوەندیان پێکەوە هەیە.

### چەمکی بنکۆڵکاریی

بنکۆڵکاریی* لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا تاڕادەیەک نوێیە، وەکچۆن جۆری ڕاگەیاندنەکە بۆخۆی چەشنێکی نوێیە لە دنیای ڕاگەیاندندا، بەو هۆیەشەوە هەندێجار وشەی تر لە بەرامبەر بەکار دەهێنرێت، وەک(بەدواداچوون، لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی،کنەوپشکنین....تاد)، بەڵام لە ئێستادا زۆرینە (بنکۆڵکاریی) بەکاردەهێنن، بۆیە دەتوانرێت بوترێت وشەکە تاڕادەیەک لە فەرهەنگی ڕاگەیاندنی کوردیدا چەسپاوە.(محیدیین،2022،ل.79)

وشەی (بنکۆڵکاریی) وشەیەکی ئاوێتەی کوردییە، لە هەردوو وشەی (بنکۆڵ) و( کار) پێکهاتووە و، یەکەمیان (بنکۆڵ) بەواتاکانی هەڵکۆڵین و توێتوێکردن و هەڵدانەوەی پانپۆشەکان تێپەڕاندنی ڕواندن و ڕۆچوون و شۆڕبوونەوە بە ناخی شتەکاندا. " دێتە بەرامبەر وشەکانی (investigative) ی زمانی ئینگلیزیی و(استقصاء) ی زمانی عربیدا بەکاردەهێنرێت و دووەمیشیان، واتە (کار)، بە واتاکانی ئیش و چالاکی وجووڵە و بزوتنەوە بزاوت و کۆشش دێت وە لە بە رامبەر وشەکانی(work,Activity) ی زمانی ئینگلیزیی و (عمل ،نشاط)ی زمانی عەرەبیدا بەکار دەهێنرێت.هەروەها وشەی بنکۆڵکاریی لە زمانی کوردیی دا، وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی (بنکۆڵ+کردن)پێک دێت. .(محیدیین،2022،ل.79).

---

* بنکۆڵکاری : بۆ یەکەمجار لەلایەن پ.د. هێرش ڕەسول مراد پسپۆڕی ڕاگەیاندن و مامۆستایی زانکۆ و نوسەر بەکارهاتووە عملی . 2017. ل.14.

## 2-1-1: پێناسە دەستەواژەی بەرنامەی بنکۆڵ.

بەر لە هەر شتێک، سەرەتا دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری بە(ڕاگەیاندنی بنکۆلکارییە گەورە)کە دەناسرێت، یان بە مانایەکی تر واتە پێشکەوتنی خێرایی زانست و تەکنەلۆژیا و فراوانبوونی پرۆسەی گەیاندنی بنکۆلکاری کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (investigative) واتا پشکنین و لێکۆلینەوە. ئەو ڕاگەیاندکارەی لەو بوارەدا کاردەکات، پێویستە بە ووردی هەموو شێوازەکانی نوسین و گەیشتنی زانیارییەکان بەڕاست و دروستی بۆ بینەر بگوازێتەوە، وەک دەقە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندن بەکاریان بهێنێت (Stephen,2002,p26). تەنانەت زانیارییە وەرگیراوەکانیش ئەگەر نهێنیش بن بەهەر جۆرێک بەردەستی ئامادەکاری بەرنامەکە کەوتبێت مەرجە بۆ بینەر و بیسەر بگوازرێتەوە. هەروەها وا بەستە بوون بە تەکنیکی چاودێری کردن پێش بلاوبوونەوە ، (حسن:2017/4، ل.27) لە هەموو کاتدا میدیاکار چاونەترسانە و سەرکێشی بە ژیانی خۆی دەکات بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان، بەلام دەبێت پشت ئەستوور بێت بە ئیتیک و یاسای ڕۆژنامەوانی .

وە هەروەها پێویستە ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان و دەرخستنی کێشەو بابەتە شاراوەکان بۆ ئامادە کردنی بەرنامەیەکی بنکۆلکاری پشتبەستن بە یاسای ژمارە 35 ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان (کە یاسای ژمارە 35 لەلایەن پەرلەمانی کوردستان چەسپێندراوە لەسالی 2007) کە پالپشتی لە دۆخ و باری ڕۆژنامەنووسان دەکات. کە چەندین میکانیزیمی ڕاست و دروست دەخاتەڕوو کە کەمترین کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕۆژنامەنووس دروست دەکات، لە ئامادەکردنی بەرنامەیەک، وە هەروەها هاولاتیش کەمترین زیانی دەروونی بەربکەوێت .

بەرنامەی بنکۆلکاری لەسەر بنەماییەکی فەلسەفەیی بنکۆلکاری و لەسەر بنەمای پاراستن وپارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی تاک و کۆمەلگا هاتوتەکایەوە (اسعد: 2016، ل. 64) . بەرنامە بنکۆلکاریەکان لەسەر بنەمای چەند مەرجێکی ڕەسەن دێتە بەرهەم کە

ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لەسەر بابەتە کیشە لەسەرەکان دەکات، لێرەوە هزرمان لەسەر ئەو خالانە دەبێت کە کەم و کورتیان هەبێت، وەهەروەها بنکۆل بە بابەتێکی گرنگ و پرسێکی گرنگی کۆمەڵگا هەژمار دەکرێت، بۆ ئەم بابەتانەی کە تێچوونی ماندووبوونی بە چ ئاستێک گەیشتووە .(ئەبولغەزەل:2009، ل.19). بۆ شیکردنەوەی بابەت و بەڵگەنامەکان بلاوکردنەوەیان کە باس لەچی دەکات، وەهەروەها کێی چ ووتووە(سەپان:2015، ل. 22). تەنانەت تا ئەو ئاستەی ئاشکراکردنی هەموو زانیارییە کەسییە شاراوەکان، ئەگەر لە پلە و پایەی بەرزیش بن بۆ ئەوەی بگاتە بەردەستی بینەر و جەماوەر(kaplan:2013,p10) . لە ڕێگای بەڵگەنامە و دۆسیە شاراوەکانی تاک و بەرپرسەکان لە دام و دەزگاکانی حکومەت سەرچاوەی گرتووە بلاوبکرێنەوە (ئەریج: د.ت، ل.23).

ڕاوبۆچوونی زانایان و شارەزایان لەسەر پێناسەکردنی بنکۆلکاریی.

- ڕێکخراوێکی ئەمریکی وا پێناسەی بەدواداچوونی کردووە کە بریتیە لە ڕوومالکردنی هەواڵ بە قووڵی ئاشکراکردنی بەشێک لە ڕووداوەکان، کە کەسێک دەیەوێت بە نهێنی بمێنێتەوە بۆیە بە ڕاگەیاندنی ووردبوونەوە لە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی دەوترێت ڕاگەیاندنی (قووڵ - بنکۆل)(أسعد :2016،ل.65).
- ڕۆژنامەنوسێکی جیهانی( ستیڤان و کابلان) بەم شێوە باس لە ئامادەکردن و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری دەکات کە ئەم دەقەکەیەتی ، " زاراوەی بنکۆل یان بەدواداچوونی وورد بە مانا گشتیەکەی، ئاماژەیەکە بۆ ئەو گرفتە گەورەیەی کە لە نێو گۆرەپانی میدیایی هەیە، کە دیفید کابلان دەڵێت: " ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون بریتیە لە گەران بەدوایی ئامانج و بنکۆل و ڕەسانەیەتی و نهێنیەکان" (kaplan:2013,p.10) و(Stephan.;2002,p.20).

- یەکێک لە نوسەرەکانی عەرەب بە ناوی (الصباغ*) بەم شێوەی پێناسەی بنکۆڵکاری کردووە کە دەڵێت : "ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکار ئەو کەسەیە کە بەدوادچوون بۆ پرسەکان دەکات لەسەر بنەمای گەڕان و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و داتا و زانیاریی و گەیشتن بە ڕاستییەکان، دواتر لە شێوەی بابەتێکی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بابەتیانە دەیانخاتە ڕوو ، گرنگ لێی ئاشکراکردنی بابەتە شاراوەکان و هێنانەدی گۆڕانە لە بەرژەوەندی گشتیدا (عبد الباقي، 2004، ص.188.)
- بە ڕای مارک هەنترونز هانسن، کە ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکار ئەوکارە میدیاییە دەکات بۆ خستنەڕووی بابەتە شاراوەکان بۆ ڕای گشتی – کە ئەو بابەتانەی کە بە ئەنقەست لەلایەن کەسێکەوە شاردراوەتەوە، جا ئەو کەسە لە دەسەلات بێت یان کەسێکی ئاسایی بێت. یان دەکرێت بابەتەکە بە ڕێکەوت ون بووە لە پشت بابەتێکی تەم و مژاویدا، کە ئەویش پێویستی بە چاودێری کردنە لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوەی نهێنی و بەڵگەنامەکان، کە تایبەتە بەو کەیسە شاراوەیە (شبكة أريج، 2009، ص.17)
- بەڕای نوسەرێکی تری عەرەب (عیسی یوسف الحسن) کە دەڵێت " بابەتە بنکۆڵکاریەکان بریتیە لە گەڕان بە قووڵایی دیاردە ناڕۆشنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، جا چ لە ڕووی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەلایەتی بێت، کە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە قووڵایی ناواخنی بابەتەکە و تەنانەت خودی ڕۆنامەنوسەکە خۆییشی، لە ڕێگەی پرسیارەوە یان شرۆڤە کردنی داتای بەردەست یان لێکۆڵینەوە لە جۆری ئەو تاوانکارییەی کە ڕویداوە ، بۆ ئەوەی ڕاستیی بابەتەکە لە بەردەم ڕای گشتی ساغ بێتەوە، جا ئەم ڕاستییە کەسانێک و لایەنێک پێی ڕازی بێت یان نا .(الحسن، 2012، ص.13).

---

* ڕنا الصباغ: ئافرەتێکی بەرەگەز عەرەبە لە ولاتی ئیمارات دادەنیشێت بەرپرسی یەکەمی دەزگای ئەریجە ، کە ئەم ڕێکخراوە ئاکۆکیکاری ڕۆژنامەنووسانی بنکۆلکارە لە ولاتانی عەرەبی کە بابەتە شاراوەکان دەخنەڕوو ، تەنانەت ناوی دەزگاکەشی بەناوی (إعلاميون عرب من أجل صحافة استقصائية-أريج) . شبكة أريج، لەسەر توری ئەلیکترۆنی ئینتەرنێت بە ناونیشانی . **دورة تدريبية عن الصحافة الاستقصائية كە لە مارسی 2010 بەستراوە بروانە توری ئەلیکترۆنی:** http://arij.net

## 2-1-2: بیرۆکەی سەرهەڵدانی بابەتە بنکۆڵکارییە جیهانیەکان.

میدیا و رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار راستەوخۆ پەیوەندی بەسیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئازادی رادەبڕین و دیموکراسی و ئازادی نووسینەوە هەیە. (سەپان: 2015 .ل.4). بۆیە لێرە دەبێت ئاماژە بە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ژانری بنکۆڵ بکرێت کەی؟ وەچۆن؟لەکوێ؟ سەریهەڵداوە، دەکرێت بوترێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە رابەری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری بنکۆلکاری بناسرێت، هەرچەندە تێروانینی توێژەران لە وادەی دەستپێکردنی ئەم ژانرە رای جیاوازییان هەیە، تەنانەت هەندێکیان دەیبەستنەوە بەساڵی 1690ەوە کاتێک رۆژنامەی "رووداوە گشتیەکان" دەریخستووە کە سەربازە فەرەنسییەکان لەلایەن هۆزە هیندییە سوورەکانەوە کە هاوپەیمانی سوپای بەریتانیا بوون ئەوکاتە لە خاکی ئەمریکابوون، کە سەربازە فەرەنسیەکان بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجەدراون ( الشرافي، 2015، ص. 59) ، کە ئەوە بە دەستپێکی رۆژنامەگەریی بنکۆلکاری لە سەرەتای پەرەسەندنیەوە ناسراوە، ئاراستەکەشی بریتی بوو لە تیشکخستنە سەر بابەتە شاراوەکان و سەرنجدان و لێکۆڵینەوە لە چەند پرسێکی دیاریکراو، بەلام راییەکی تر هەیە کە دەڵێت زانکۆی مەیسوری بە یەکەم قوتابخانەی رۆژنامەوانی بنکۆلکاری دادەنرێت کە لە ساڵی 1908 ز لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرکەوتووە (عبد الباقي، 2013، ص ص. 17-19)

لە ئەنجامدا رەنگێکی نوێی بەخشیە رۆژنامەگەریی لەسەرتاسەر جیهان کە پێی دەوترێت رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار، کە بەشێک لە رۆژنامەونووسانی ئەم قوتابخانەیە بەدواداچوونیان بۆ پرسەکانی گەندەڵی کردووە. وەهەروەها ووردبینیان بۆ پرسەکانی بازرگانی و سیاسی کردووە. دواتر بۆ خەلک روونکراوەتەوە کە بەدواداچوون ووردبونەوەی بنکۆلکاریی و شارەزایانی بواری رۆژنامەگەری بنکۆلکاری گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە رۆژنامەوانەکان و لێکۆڵەرەکانی بواری بنکۆلکاری جۆرێک لە بەلاڕێدابردنی بەشێک

لە بابەتەکانییان بۆ مەبەستی پەردەپۆش کردن کردووە. کە رای گشتی و جەماوەر ئەو راستیانەیان بۆ ئاشکرا نەبێتەوە و بە شاراوەیی بمێنێتەوە .( الحسن،2012، ص.13)..

کە هاوکاتە لەگەڵ ئەم وولاتانەی کە ڕێژەی گەندەڵی و ساختەکاری و دزی تێیدا بە ڕێژەییەکی کەم یا زۆر بەرچاوی جەماوەر دەکەوێت (البرنامج الانمائي، د.ت ،ل.28). هەرچەندە بەشێک لە وولاتانی پێشکەوتوودا ئەو ڕاستییە بە ڕوونی بۆیان یەکلابۆتەوە، بەتایبەتی لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وئەوروپا(kaplan:2013,p.11) یان بەشێوەیەکی تر کە زۆربەی بابەتە بنکۆڵکارییەکان دەستە بژێری زانیاری کۆکراوەن کە لێکۆڵینەوەیان لە تاوانەکان کردووە بەشێوەیەک کە بگاتە بیسەر وبینەر .(اسعد :2016،ل ل ،65-66 ؛نوح:2015، ل ل.16) ، ئەوەش وایکردووە زۆربەی کات کاری ڕۆژنامەنووسان لە بابەتی بنکۆڵکاری لە لووتکەی ڕۆژنامەوانی هەژماربکرێت، سەرکەوتنی گەورەی بەدەست بهێنێت تاگەیشتۆنەتە بنکۆڵەکەی، وەک ئەوەی لە کۆتاکانی سالی 1911ز، کە گروپێک لە ڕۆژنامەنووسان هەڵسان بە ئاشکراکردنی چەند پرسگەلێک و گەیشتن بە زانیارییەکان و بە گوێی بینەران بچرپێنن (ئەبولغەزەل: 2009، ل.20) ، وەک بابەتی بەهەدەردانی ماڵ و موڵکی دەوڵەت لە زۆربەی ولاتانی داگیرکراو کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ڕوویانداوە.(ابو الحمام:2014، ل20؛ نووح: 2015 ،ل.15).

هەر بۆیە بنیامین هاریسۆن دەڵێت" ڕاگەیاندنی بنکۆڵکار هەندێک جار پشکدار بووە لە پەردە پۆش کردنی گەندەڵی. تەنانەت دامەزراوە میدیاییەکەش خۆی تێوەگلاوی بەشێک لە ڕووداوە بنکۆڵکاریەکان بووە دواتر ئاشکرا بووە لەسەر ئەو بابەتە بنکۆڵکارییانە سزادراون (دليل الصحافة الاستقصائية: 2014، ص.14). وەک ئەوەی لە سالی 1970ز کۆمەڵێک ستۆری تۆمارکراو لەلایەن ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ (سیمۆر هێرش*) باسی لێوەکراوە کە چۆن باس لەبەشێک لە کارە قێزەونەکانی بابەتی کۆمەلایەتی و ئابووری و جەنگە

* سیمۆر هێرش : لە 8 نیسانی 1937 لە شیکاگۆ لە دایکبووە بەرەگەز ئەمەریکیە و پلەکانی خوێندنی تەواو کردووە تا گەیشتۆتە زانکۆ ، دواتر زانکۆی شیکاگۆی تەواو کردووە ، وەهەروەها کاری ڕۆژنامەوانی کردووە چەند جار براوەی خەلاتی (پولتزر) بووە بۆ نموونە لەسالی 1969 دوا خەلاتی پولیتزر وەرگرتووە .اسعد 2016، ل. 70.

ڕەشەبگیرییەکان دەکات، تەنانەت سیمۆر هێرش خەلاتی (بولترز**)ی وەرگرت لەسەر ئاستی جیهان، لەسەر ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییە، بۆیە تۆمار کراوەکانی سیمۆر هێرش باس لە چۆنیەتی کوشتن و برینی کۆمەڵێک هاولاتی ڤێتنامی دەکرد لەلایەن ئەمەریکاوە، کە هاولاتییەکان پێک هاتبوون لە ژن و منداڵ و پیر کە لە 16 مارسی 1968 ز بە دەستی سەربازانی ئەمەریکا کوژراون کە ژمارەیان 500 هاولاتی ڤێتنامی بوون .(ابوالحمام: 2014،ل.21).

## 2-1-3: خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری

بەپێی توێژینەوە و سەرچاوە زانستیەکان بێت زۆربەی جار داتاو و زانیاری پشت دەبەستێت بەهونەری کاری بنکۆلکاری لەلای ڕۆژنامەنوسان و ڕاگەیاندکاران، ئەو بابەتانەی کە میدیاکارو ڕاگەیانکاران پەیرەوی دەکەن ناهاوسەنگن و دوورن لە پرەنسیپی کۆمەلایەتی ، وە کێشە بۆ هاولاتیان دروست دەکات. وەهەروەها تا چەند پێویستە کار لەسەر بەشێک لەو بابەتانە بکرێت کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دروست نەکات، وەک پرسەکانی پەروەردە و تەندروستی و کێشەی ژنان و وەرزش و پرسی کۆمەلایەتی کە بە تەواوی بەپێی پێویست نین، هەروەکو لە زۆربەی ولاتانی عەرەبی ئەم دیاردەیە بەزەقی لە بەرنامەکان دەچێتە لای بینەر و بەرچاو دەکەوێت(أبو حشیش، 2006، ص.61). بۆیە سیاسەتی ڕۆژنامەکان زیاتر پشت بەو هونەرە نابەستێت، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی زیاتر لە ڕۆژنامەوانیی دەنگوباس دەچێت، بەلام لە بنەڕەتدا لەو کێشانەی دەکۆڵێتەوە، کە بەهۆی بنکۆلکاری دروست بووە. وەک ئەو ڕۆژنامە خۆجێی و میدیایانە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرهەڵدانی ئەو بەرنامە و بابەتە بنکۆلکاریانە دروست دەکەن. ئەوەی ڕاگەیاندکاران لەسەر پرسی بنکۆلکاری کۆکن بۆ ئەوەی سیستەمی کاری بنکۆلکارییەکە بەسەرکەوتووی

---

** خەلاتی بۆلیتزر : بریتیە لە کۆمەڵێک خەلات لەلایەن زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک ئامادە دەکرێت دواتر دەدرێت بە کەسانەی کە خزمەتگوزای گشتی ئەنجام دەدەن لە بوارەکانی ئاداب وهونەر ، بۆیە ناوی لێنراوە بۆلیتزر چونکە لەلایەن جوزێف بۆلیتزر ئامادە کراوە لە مانگی مایس، وەهەموو ساڵێک دابەش دەکرێت . بڕوانە پێگەی ئەلیکترونی . HTTP.//WWW.PULITZER.ORG.BIOGRAPHY .2014.

بگات، پێویستی بە چەند خەسلەتێک هەیە کە لەگەڵ هزرو هۆشیار جەماوەر بگونجێت (Stephan;2002, p.27) ، تا بتوانێت بڕیار لە دەستپێکردنی چیرۆکی بنکۆڵکارییەکە بدات، چونکە کاری بنکۆڵکاری رووبەرێکی فراوانتر و کاتێکی زیاتریان پێویستە (ئەبولفەزل: 2009،ل.31)، بەتایبەت کاتێک لێکۆلینەوە لەبابەتی بێنراو دەکرێت کە هەموو ڕەهەندەکانی وەک پەیامی گەیاندراو کاریگەری لەسەر بینەر دروست دەکات کە جێی باوەڕی جەماوەر بێت (أسعد :2016،ل.71)، بەشێوەیەک کە سەرنجی بینەر بۆ خۆی گەلالە بکات، تەنانەت لە ناوەرۆکی کارە نەخوازراو خراپەکاریەکانیش بەشدار نەبێت بەتایبەت لە پرسی گەندەڵی، ئاسایشی کۆمەڵگا، کە بۆ جەماوەر روون ئاشکرا بێت، تەنیا وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و پیشەییانە ڕووداوەکان بە ڕاست و دروستی لە کەناڵەکان بخرێتە ڕوو.( Kaplan: 2013,p.13).

نوسەرو توێژەری عەرەبی (عیسی عبد الباقی ) باس لەوە دەکات کە کاری بنکۆلکاری پێنج خەسلەتی جیاوازی هەیە: ( عبدالباقی: 2013،ص.84)

1) ئاشکراکردنی زانیاری.

2) مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و لە بەرژەوەندی تاک و گشتیدا.

3) هەندێک کەس و لایەن وەک دامەزراوەکان نایانەوێت راپۆرت لەسەر ئەو پرس و زانیاریانە بکرێت بابەتی بنکۆلکاری لە خۆ بگرێت.

4) ئاشـکراکردنی ئەم زانیاریـانە لە ڕێگەی پرۆسـەی بنکۆلکـاری بـە ڕەچـاو کردنـی کـات و هەوڵدانی ڕەسەن لەلایەن ئامادەکاری بابەتی بنکۆلکارییەکان.

5) ئامانجی ئاشکراکردنی زانیاری لە ژێر ڕێنماییکردنی بیرۆکەکان بێت بەمەبەستی چاکسازی.

## 2-1-4: ڕۆڵی ڕۆژنامەی بنکۆڵکاری لە ئاشکراکردنی پرسی سیاسی و گەندەڵی

بەشێوەیەکی گشتی یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی بنکۆڵکاری پارێزگاری کردنە لە کۆمەڵگە و دوورخستنەوەیان لە هەموو بارودۆخێکی نەخوازراو و گەندەلکارانە، لەگەڵ ئەوەش ڕاگەیاندن وەک دەسەلاتی چوارەم لە بابەتەکانی ڕووبەڕووبونەوەی سیماکانی گەندەڵی بەشێوەیەکی کارا کاریگەری هەیە(محێددین،2022، ل. 61) لە هەمان کاتدا ڕێگە چارەیەکیشە بۆ لە ناوبردنی گەندەڵی و بەرهەمی ئازادی ڕا دەربڕین لە سێکتەرەکانی ڕاگەیاندن( فۆدە: 2009،ل.17)، کە باس لەم جۆرە ئاشکراکردنە بکات کە چۆن دواتر بانگەشە بۆ دیموکراسیەت و بەرهەمهێنانی مۆدیلی حکومڕانی پێگەیشتوو . (حسن: 2017،ل. 23). هەروەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەبەردەوامی بینەر و بیسەرو بینەری کەنالەکان دەبن. هەرچەندە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕاگەیاندنی کوردی شوێنی لە نێو کۆمەڵگادا دیارە و ڕۆلێکی سەرەکی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا(محێددین 2022،ل.73). بەلام ئەگەر ئەم دۆزەی ڕاگەیاندنی کوردی بەراورد بکرێت بە ڕاگەیاندنە جیهانیەکان جیاوازتر دەبینرێت، هەروەک لە سالانی ڕابردوو لە جیهان چەندین میکانیزم گراونەتە بەر بۆ ئاشکراکردن و بەدواداچوون لە پرسەکانی گەندەڵی، بۆ نموونە 48 سال بەسەر (ئابرووچوونەکەی وەتەرگەیت )دا تێپەڕیوە کە لەساڵی 1974ز دا کۆتایی بە ژیانی سیاسی ریچارد نیکسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا هێنا، هێشتا جەماوەر و ڕۆژنامەنووسانیش لەسەر وەلامەکان کۆک نین (فۆدە: 2009،ل.17). لەبەر ئەوەی وردەکاری وبنکۆلکاریەکەی بۆ ریچارد کراوە ببێتە هۆی گەیشتن بە ڕاستیەکان لەسەرچاوە ڕەسەنەکانەوە، تەنانت پێویستی بەهەلوەستە کردنە لەسەر ڕاستیەکان و گەورەکردنی لە قەبارەی خۆی و قولبوونەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان.( أسعد :2016،ل.18).

## 5-1-2 سەرهەڵدانی و گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردیدا

ڕاگەیاندنی کوردیی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١ دامەزراوە وە لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم پەرلەمـان لە سـاڵی ١٩٩٢ بـووە خـاوەنی چەنـد یاسـایەکی تـایبەت بە بـواری ڕۆژنامەگەری کە بریتیبوون لە یاسایی ژمارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٣ وەک یاسـای چـاپەمەنی هەرێمـی کوردسـتان کە لە ١٩ مـادە پێکهـاتبوو وە هەروەهـا چەنـدین یاسـای تـر لە بـواری ڕۆژنـامەگەری وەک یاسـای ٢٥ ی سـاڵی ٢٠٠٧ و یاسـای ژمـارە ١١ی سـاڵی ٢٠١٣ ((محیـددین،2022، ل.139)، تەنـانەت لـەگەڵ پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا، کۆمەڵێـک دەزگـای ڕاگەیاندنی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی دروست بوون. کە ئەمەش بە ڕاورد بەکەناڵە جیهانییەکان وەک ئەوان متمـانە بەدەسـتبهێنن، هەروەکـو ئەو کەنـالانەی کە لە جیهـان بە گـوێ بینـەر دەچرپێندرێت وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن (حجاب:2010، ل.232). وەهەروەها ئەو ئەرکانەی کە تەلەفزیـۆن وەک ئـامرازێکی سـەرەکی ڕایـدەگەیەنێت بە بەراورد بە ئامرازەکـانی تـری ڕاگەیاندن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تەلەفزیۆن ببێتە دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتی وەک خێـزان و قوتابخانە.(احمـد: 2015، ل.67) . سـەرەتایی دامەزرانـدن و هاتنەکـایەیی کەنـاڵە ئاسـمانیەکان لە هەرێمـی کوردسـتان دەسـتکەوتێکی گـەورە بـوو، لەکاتێکدا زۆربەی کـورد لە قۆناغێکی هەستیار و نالەباری سیاسی دەیگوزەراند و هەرەشـەو مەترسـی دەوروبـەریان لـە سەر بووە .(أسعد: 2016، ل.97). تا ڕادەیەک جیاوازی نابینرێت لەگەڵ کەناڵە جیهانیەکان کە ئەم تایبەتمەندییەی کۆمەلگا ئاوێتەی زانیارییە نەبیسـتراوەکان دەکات، ئەمەش وادەکات بینەر بۆ لای خۆی رابکێشێت.(عبدالجبار:2011، ل.67). ، وە ڕێگە خۆشکەرە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکـان و ئـاڵوگۆری سـیخوری نێـودەوڵەتی لە بـواری سیاسـی و ئـابووری وجیهانی(میخلۆف و سەپان: 2013، ل.73).

## 6-1-2: کارنامەی گشتی بەرنامەی بنکۆڵ

هەنـــدێک لە تـــوێژەران  پێیـــان وایە ڕۆژنامەنووســـی بنکۆڵکـــاری بەشـــێکن لەکـــاری ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری، بە تایبەت لـە وولاتـانی جیهانی سێهەم سـەختترین نـاوچەن بۆ ئەنجامـدانی لێکـۆڵینەوەی لـە بابەتـە  بنکۆڵکارییـەکان، بەشـێوەیەک  ڕۆژنـامە نووسـەکان بەشـێکی دانە بـڕاون لە حکـومەتە نیشـتمانییەکان بەڵام بۆکـاری ڕۆژنـامەوانی ڕێگرییـان لێدەکرێت، تەنـانەت ئەگەر لـە کاتێکدا ڕۆژنـامەنووس دابڕاوبێت لە حکومەت ئەوا بیرۆکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری لە هەر شتێک جێگای تێرامانێکی گەورەیە.(ڕەشید: 2017، ل.42).  هەندێک بابەت و ڕووداو کە بنکۆڵکاری بۆ دەکرێت بارودۆخێکی ئاڵۆز دەخوڵقێنن، لەکـاتی  ئاشـکراکردن و خسـتنەڕووی ڕاسـتییەکان، لەم بـارەیەوە  جەمـاوەر پێویسـتی بە سەرچاوەو زانیاری و بەڵگەنامەی نهێنی هەیە و ئەگەر نا دەبێت  پشت بەو بابەتانە ببەستێت کە بەسەرنج و دەستپێشخەری خودی ڕۆژنامەنووس کۆکراونەتەوە( عیسی: 2013، ل.37).. بۆیە ستیف واینبرگ کە مامۆستایەکی بەناوبـانگی  ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکارییە لە زانکۆی میسوری بۆ ڕۆژنامەنووسان دەدوێت دەڵێت " پێویست لە ئەنجامدانی ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاری دەربارەی پرسێکی گرنگ ڕۆژنامەنوس کاری خودکاری خۆی پیشـەنگی کارەکان بکات" (ابو الحمام:2014، ل.14).

بەڵام لـە هـەرێمی کوردستان کاری ڕاگەیاندنی  بنکۆڵکاری دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ڕێکخـراوی (ئەریـج و دواتـر ئەریـج لە عێـراق) کە لەو ڕێگـایەوە ڕۆژنامەنووسـانی کـورد توانیویانە ئاشنایی ئەم چەشنەی ڕاگەیاندنەیی بنکۆڵکاری ببن کە لە سـاڵی 2011 ڕێکخراوی ئەریج لە عێراقدا کارەکـانی خـۆی پێشـکەش بە ڕۆژنامەنووسـان کـرد (محیدین،2022، ل. 144)، کە کاری ڕۆژنامەنووسان  بریتی بوو  لە ئازادی دەزگایی میدیایی و خاوەن کەناڵەکە، نەوەک ئازادی ڕۆژنامەنووسەکە بۆ دروستکردنی ستۆریەک بۆ بابەتـە شـاراوەکان و خستنە ڕوویان، ( عەلی، 2017، ل. 87) هەروەها ئەوانەی کە خاوەنی دامەزراوە میدیاییەکانن بـەپێی

بەرژەوەندی تایبەتیەکانیان و ململانێ ی حزبی و ڕوانگە ئابووریەکانیان مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە بنکۆلکارییەکان دەکەن. تەنانەت ڕیسایەک بۆ کاری ڕۆژنامەنووس و دامەزراوەکە دانانێن. هەندێکجار ڕۆژنامەنووسی بنکۆلکاری بۆ هەندێ مامەڵەی تایبەت پێویستیان بە بەڵگەی تایبەت هەیە(محیدین،2022، ل.144)، ئینجا بەهەرجۆرێک دەستیان بکەوێت، بۆیە ئەستەمە تا بابەتێکی بنکۆلکاری بەرهەم دێت، کە پێویستی بەکات و پارەیەکی زیاترە، وە هیچ گرەنتیەک نیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی بەرنامەکە کە ڕۆژنامەنوس و بینەر دەیانەوێت (عیسی: 2013، ل.37).

هەربۆیە لە کاتی کارکردن و ئامادەکاری بۆ بەرنامە بنکۆلکاریەکان لە تەلەفزیۆنی (k24) پێویستە چەند میکانیزمێک گونجاو دەستەبەر بکرێت، بۆ ئەوەی کارکردن لە بەرنامەی بنکۆلکاری ساناتر بێت وەک ئەمانەی خوارەوە. (شیکاری توێژەر سەبارەت بەرنامەکانی بنکۆڵ لە کوردستان ٢٤).

1- بە دەستگەیشتنی زانیاری بە خۆڕایی ، کە بە بێ ژینگەیەکی دیموکراسی بەردەست نابێت کە تارادەیەک ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لاواز دەکات.

2- پارێزگاریکردن لەڕۆژنامەنووسان لەکاتی کارکردنیاندا چ لەناو دەزگای ڕاگەیاندن یان لە دەرەوەی دامەزراوەی میدیاییەکان بن، وەهەروەها بە پشتبەستن بەیاساییەکی لەبار بۆ پارێزگاری کردن لەخۆیان لەڕێگەی کۆنترۆڵی یاساکەوە کاری بنکۆلکاری مسۆگەرتر بکەن.

3- زیادکردنی هۆشیاری ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاپرسی بەتایبەتی لەبوارەکانی ئاشتەوایی هۆشیاری کۆمەلایەتی.

4- ئەگەری بەرەوپێشبردنی چارەسەر بۆ کێشەکانی ولات.

5- پێزانینی میدیایی بۆ جەماوەر و ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.

سەرەرای ئەوەی لە کاتی ئامادەکردن یان کارکردن لە بەرنامەیەکی بنکۆلکاری دەستەبەرکردنی بە ووردەکاری بابەتە بنکۆلکارییەکان، وەک پرسێک کە ڕۆژنامەنووس لەو

کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی بە دواداچوونی بۆ دەکات، دواتر بابەتەکە بە داتا و زانیاری و بیروڕای پەیوەست بە بابەتەکە کۆ دەکاتەوە، دەکرێتە بابەتێکی گشتگیر و تۆکمە بۆ جەماوەر دەخرێتە روو بۆ گەیشتن بەو چارەسەرییەی کە رۆژنامەنوس بە گونجاویی دەزانێت. ( **أبو زيـد، د.ت، ص. 93**) وە هەروەهـا کـۆکردنەوەی بابەتەکـان بە یەکێـک لە سـەختترین هونەرەکانی بنکۆلکاری و وورد‌بینی ناوەزەند دەکرێت، کاتێک رۆژنامەنووسێکی بنکۆڵکار ئەم کارە ئەنجام دەدات ، تەنانەت پێویستی بەتوانا و لێهاتوویی ئامادەکاری رۆژنامەنووسە بۆ بەرنامەکـە، وە هەروەهـا ئامـانجی سـەرەکی راپرسـییەکان دابینکردنـی خزمەتگـوزاریە بـۆ کۆمەڵگە و بەرژەوەندی گشتی و خراپەکارییەکانیش بخرێتە ئەستۆی دەسـەلات، کە ئەوبابەتە بۆ بەدەستهێنانی بەهای رۆژنامەگەرییە لە بەرامبەردا دەستەبەرکردنی هۆشیاری کۆمەلایەتی و چـاودێریکی راسـتەقینە بـۆ کارەکـانی حکومەت(محمـود، 2012، ص ص.127- 130) کـە ئامانج لێی دەرخستنی چەند پرسێکی ناروون و نادیارە بۆ جەماوەر، کە کار لەسەر ئەم ئەگەرانەی خوارەوە دەکات .

- ئامانجی میدیایی بنکۆلکاری چاکسازی وهۆشیاری کۆمەلامەتی و ئاشتەوای کۆمەلایەتی.
- ئامانج لێی بەرزکردنەوەی شەفافیەت و لێپرسینەوەی یاساییە لە خزمەتگوزاریە گشتیەکان.
- ئامانجی زیادکردنی متمانە و باوەری هاولاتیانە بە دامەزراوە میدیایەکان کە نادادپەروەرییانە بۆ کۆمەلگا پەخش دەکرێت.
- بەشداری کردنی رۆڵی میدیاییە وەک بریکارێک بۆ ئاشتەوایی کۆمەلگا.

کەواتە بەرنامەی بنکۆلکاریەکان بەشێوەیەکی گشتی چەند مەرجێکی رەسەنی هەیە کە ئەمانەن.

أ- تێروانین لە روانگەیەکی رەخنەگرانە لێرەوە هزرمان لەسەر ئەو خالانە دەبێت کە کەم و کورتیان هەبێت یان خراپ تێگەیشتن لەسەر بابەتەکان هەیە، بۆیە بابەتەکانیش هۆشیاری دروست ناکات و دەستەی نووسەرانیش خۆیان بریار لەسەر چۆنیەتی بەرنامەکان دەدەن کە چ بابەتێک گرنگی هەیە بۆ بەدواداچوون (سەپان:2015، ل.22).

ب- بنكۆلكاری بابەتێكی گرنگ لە خۆبگرێت، كە جەماوەر پەرۆشی زانینی ئەو زانیارییانە بێت كە زۆر نادیارە ، وەهەروەها كاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بكات بۆ ئەم بابەتانەی كە تێچوونی ماندووبوونی بە چ ئاستێك گەیشتووە بۆ مەبەستی ئاشتەوایی .(ئەبولغەزەل:2009، ل.19).

ت- وەهەروەها تەواوكردنی بابەتەكان بۆ گەیشتن بە راستیەكان لەسەرچاوە رەسەنەكانەوە، وەهەروەها وەستان لەسەر راستیەكان و گەورەكردنی لە قەبارەی خۆی و قولبوونەوە بۆ تێگەیشتن لە رووداوەكان .(أسعد:2016، ل.18).

ث- ئامادەسازی بەرنامەكان شێكاری خۆی هەبێت بۆ بەلگەنامە كۆكراوەكان كە چۆن پۆلێنیان بكات، وە هەروەها كەسێكی پسپۆر یارمەتی رۆژنامەنووس بدات، بۆ شیكردنەوەی بەلگەنامەكان و بلاوكردنەوەیان كە باس لەچی بكات وەهەروەها كێی چ ووتووە(سەپان:2015، ل. 22).

ج- بابەتی زانستی و بنەماكانی بە دواداچوونیان لەگەل سەرچاوەی جیاجیاكان بەكاربهێنرێت، وەك هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بنكۆلی راستیەكان لە رێگەی فۆرمە راپرسیەكان، یان لە رێگەی توێژینەوەكان كەلەسەر بابەت و داتای وورد بكرێت .(أسعد:2016، ل.71).

## 7-1-2 : ڕەهەند و ڕاپۆرتی بابەتەکانی بەرنامەی بنکۆل لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24دا.

هەرچەندە کەناڵی تەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستان دا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بنکۆل کردنی ڕووداوەکان کە بە هەنگاوێکی نوێ دادەنرێت.(سەپان:2009، ل.19).. هەربۆیە لەم دواییانەدا میدیای کوردی کۆمەڵێک بەرنامەی تایبەت بە بەدواداچوونی سازکردووە لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، کە لای بینەر و بیسەر شاراوەبوون یاخود نەناسراو بوون. کە وەک ئامرازێکی نوێی تەلەڤزیۆن لە کاروباری سیاسی و ئابووریدا کۆڵیوەتەوە. ئەمڕۆ لە جیهاندا هیچ چالاکیەکی جۆراوجۆر لە چاوی کامیراکانەوە ناشاردرێتەوە، تا ئەو ئاستەی دیپلۆماسییەتی کارکردنی تەلەڤزیۆن چالاکانە کاریگەری لەسەر هەواڵ و دەنگوباس ڕووداوەکان هەیە، تەنانەت لە ئێستادا هەمان گرنگی بەرجەستە دەبێت. کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاڵوگۆڕی سیخوری نێودەوڵەتی لە بواری سیاسی و ئابووری وجیهانی(میخلۆف و سەپان: 2013، ل. 73).

ئەو ئاستەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پێیگەیشتووە لە بابەتی بنکۆل لە پلەیەکی باشدایە، کە ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری لە نیشاندانی ڕووداوەکان پەیرەوی کردووە. بەتایبەت جەنگ و شەڕی داعش و تیرۆرستان کە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە بۆ بینەر و کۆمەڵگا پەخش دەکرا. تەنانەت چەند بابەت و کەیسی تر هەبوون کە بنکۆڵیان بۆ کراوە، سەبارەت بە کێشەی قەیرانی دارایی و گەندەڵی، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی هەبێت بۆ تەواوی خەلکی کوردستان و جیهان کە حکومەت و دەسەلاتی جێبەجێکار لە هەرێمی کوردستان. تەنانەت ئاشکراکردنی بابەتە شاراوەکان یان ئەو کەیسانەی کە گومانیان لای خەلک دروست کردووە کە بەچ ئاقارێکدا ڕۆیشتوون. یا بە هەر هۆکارێکی تر بۆ خواستی خەلک ئاشکرا بکرێت کە ڕووداوەکان لە بابەتی ساختە و دزی گەندەڵی و ئەنجامی هەڵبژاردن کە میکانیزمی ڕێژەی دەنگدان بە چ پرۆسەیەکی تەندروست ڕۆیشتووە لە هەرێمی کوردستاندا، هەموو ئەم بابەتانە بە زووترین کات بگاتە بەر دیدی بینەران و هاولاتیانی ناوچەکە. دواتر ئەم هەنگاوانە بە

ڕێگای بەرنامەکانی بنکۆڵ بۆ بینەر پەخش بکرێت. تا ئەو ئاستەی کەناڵەکانی حزبی و حکومی هەموو ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ماوەیەکی کەم بۆ جەماوەر پەخش بکەن. (ڕاپۆرتی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 ئەو زانیارییانە بڵاوکرانەوە).

تەنانەت بەشێکی زۆر پێیانوایە ،کە بەرنامەی بنکۆڵ تێکەڵە یەکە لە جەنگاوەرێکی کەللە ڕەق ، سەگی پۆلیسی ، پۆلیسی نهێنی کە بەردەوام بە دوای کەسانی خراپ و تاوان و گەندەڵی و کەموکورتییەکاندا دەگەڕێن، ئەم هۆکارەش بازنەی کارکردن لەم ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکار تەسکدەکاتەوە و لەمپەریش لەبەردەم گەشەکردنی دادەنێت (ڕەشید:2017، ل ل. 42-43).و (کاروان رحمن:12.00.2022 نیوەڕۆ).

بەڕای توێژەر بەرنامەکانی بنکۆڵ لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 بە یەکێک لە بەرنامە سەرکەوتووەکانی بنکۆڵکاری دادەنرێت، لەماوەی کاتی دیاریکراو بەرنامەکانی پێشکەش دەکات، تەنانەت ناوێکی نەگۆڕی هەیە، ڕۆژانە یان هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک یان مانگانە بەرنامەی بنکۆڵ پێشکەش دەکات، تەنانەت ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەرنامەی بنکۆڵ بۆ خستنە ڕووی بابەتێکە لە بابەتەکانی سیاسی و هونەری و ڕۆشنبیری و زانستی و ئابووری و وەرزشی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە . کە لە هەموو ساتێک بەرنامەکانی کوردستان 24 ئامانجێکی دیاریکراوی خۆی هەبووە. وەکو فێرکردن و ڕۆشنبیرکردن و ڕەخنە گرتن و بەدواداچوونی ئاراستەکان. کە پشت بە وێنە و دەنگ دەبەستێت.

### 2-1-8: دابەشکردنی بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 لە ڕووی بابەتەوە:

أ- **ڕاپۆرتی ڕامیاری:** ڕاپۆرتی ڕامیاری خستنەڕوو و لێکدانەوە و باسکردنی کاروباری ڕامیاری لەخۆدەگرێ و هەروەها پێشکەشکردنی سەرنجی جیاواز و کەڵەکە بوو سەبارەت بە بابەت سیاسی و ڕامیارییەکان.

ب- **راپۆرتی کێشەو ململانێ:** کاروباری ئاسایش وەک تاکە ململانێ و کێشمەکێشمی لایەنەکان و جەنگەکان و شۆڕشەکان و کردە خۆکوژییەکان و تەقاندنەوە و ڕووداوی تر کە بایەخی هەیە لای بینەر.

ت- **راپۆرتی ئابووری:** لەم جۆرە راپۆرتەدا کاروباری ئابووری و بابەتە ئابوورییەکان دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر سازدەکرێت، کە تەوەرێکی گرنی ژیانی ئابووری گەل و نەتەوەکانە و بایەخدارە لای تاکی کۆمەڵگا.

پ- **راپۆرتی کۆمەلایەتی:** ئەو کاروبارە کۆمەلایەتیانە لەخۆدەگری کە بایەخی هەیە لای کۆمەلگا، وەک مەسەلەی ژنهێنان و شووکردن و ئاشکراکردنی ڕووی ئەرێنی و نەرێنی (سلبی و ایجابی) مەسەلە کۆمەلایەتییەکان لەناو کۆمەلگادا.

چ- **راپۆرتی ڕۆشنبیری:** ئەم جۆرە راپۆرتانە بایەخ بە بابەتە ڕۆشنبیرییەکان دەدات، کە بەشێوەیەکی تێروتەسەل و شیکردنەوەی بۆکراوە لە خول و کۆنگرە و ڤیستیڤاڵی ڕۆشنبیری.

ح- **راپۆرتی زانستی:** لەم جۆرە راپۆرتەدا ڕووداوە زانستییەکان باسدەکرێت کە هەندێکیان پێویستیان بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی قووڵە وەک نووسینی راپۆرتێک سەبارەت بە دۆزینەوەی ئەستێرەیەکی نوێ بە ڕێکەوت لە کۆمەڵەی خۆر.

خ- **راپۆرتی هونەری:** کاروبارو ڕووداوی هونەری لەخۆدەگرێ وەک ڤیستیڤاڵی سینەمایی و گۆرانی و فیلم و وێنە، کە هەواڵی ڕۆژنامەنووسی ناتوانێ هەموو لایەنێکی ئەم چالاکیانە بخاتەڕوو بۆیە پێویستی بە راپۆرت نووسین هەیە.

خ- **راپۆرتی وەرزشی:** ئەم جۆرە راپۆرتە بایەخ دەدات بە یارییە گرنگەکان یاخود پاڵەوانێتی وەرزشی یان ڤیستیڤاڵی فوتبۆڵ و (تۆپێن) یان ڕووداوی وەرزشی و لێدوانی تایبەت بە کاروباری وەرزشی. بە هەواڵ بێت تەنها ڕەوشی ڕووداوەکە بە سادەیی باس دەکات و وەلامی شەش پرسیارەکەی تێدایە لەگەڵ چەند باسێکی تر، بەلام راپۆرتی رادیۆ

تەلەڤزیـۆن ڕەوشـی ڕووداوە وەرزشـییەکە بە درێـژی بـاس دەکرێـت، بە هاوکـاری بیروڕای هەندێ لە وەرزشوانان یان تیپە وەرزشییەکان.

**2-1-9: دابەشکردنی ڕاپۆرتەکانی کەناڵی کوردستان 24 لە ڕووی جوگرافییەوە:**

**أ- ڕاپۆرتی ناوەخۆیی:**

ئەو ڕاپـۆرتەیە کە ڕووداوێـک یـان لێـدوانێک یـان وەسـفی شـوێنێک یـان پیشـاندانی کەسایەتییەکی ناوەخۆی بە هەمەچەشن دەخاتەڕوو، جا ئەو کەسایەتییە ڕامیاری بێت یان ئابووری یان ڕۆشنبیری یان هونەری یاخود وەرزشی، و زۆرجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخ بەم ڕاپۆرتانە دەدەن، چونکە بابەتی ناوەخۆیی بە پلەی یەکەم دێت لە نووسینی ڕاپۆرتدا.

**ب- ڕاپۆرتی هەرێمایەتی:**

بـریتیە لەم جـۆرە ڕاپـۆرتەی، کە پەیـامنێر لە ڕاپۆرتەکەیـدا لێـدوان یـا ڕووداوێکـی هەرێمایەتی دەخاتەڕوو ،کە دەکەوێتە ئەو هەرێمەی سەر بەو وڵاتەکەیە ساخود ئەو شوێنەی دەزگای ڕاگەیاندنەکەی لێیە ،جا چ جۆرە ڕووداوێک پەخشدەکات وەک ئێران، سعودیە کە هەرێمایەتین سەبارەت بە کوردستان- عێراق.

**ت- ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی:**

لەم ڕاپۆرتەدا ڕووداو و لێدوانی نێودەوڵەتی باس دەکرێت زۆر جار وڵاتانی جیهان بە گشتی بایەخی پێدەدەن.

**10-1-2: ئاراسته و نماكانی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەسەلات و بەرنامەی بنكۆل.**

بە پێ ی شیكاری تەوەرەكانی بەرنامەی بنكۆلی كەنالی كوردستان 24 ، چەندین شێوازی تایبەت بە میدیایی بنكۆلمان بۆ ئاشكرا دەبێت ، كە باس لە ئازادی رادەربرین و بەرپرسیاریەتی دەسەلات و حكومەت بەرامبەر بە خەلك و بەرژەوندی گشتی دەخاتە روو ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نمای گرنگیان خستوتە روو كە دیارترینیان ئەمانەن:

1- پرسی ئازادی و رەخنە گرتن لە بەدواداچوون : واتە میدیاكار بە ئازادی باس لە كەیسە شاراوەكانی كەسایەتی دەسەلاتدار و بێ دەسەلات لە تای یەک تەرزاوو هاوكێشەیان بۆبكات.

2- پرسی رێگری كردن لە ئازادی نوسینی بەدواداچوون. ئەم جۆرە بەم واتایە دێت كە ئازادی میدیاكار بوونی هەیە، بەلام رەچاوی ئیتیكی راگەیاندن و میدیاو یاساو پرەنسیپەكانی راگەیاندن ناكرێت .

3- پرسی نا ئازاداو بەرپرسیار لە بەدواداچوون :لەم جۆرە زەمینەی ئازادی رۆژنامەگەری رۆژنامەگەری بنكۆل نەرەخساوە بۆیە بەشێک لە بەرنامەكانی كە رێكۆرد كراون ئەنجامی ئازادی بەرپرسیاری لێ بەدی ناكرێت. لەگەل ئەوەشدا ئامرازەكانی راگەیاندن بەرپرسیارانە مامەلە لەگەل رووداو گۆرانكاریەكاندا دەكەن لە كاتێكدا گرفتی زۆریان بۆ دروست دەكرێت .

4- پرسی بەدواداچوونی نائازادو نابەرپرسیار: لەم جۆرە وەسفەدا ژینگەی كاركردنی بەدواداچوون نە ئازادی و نەبەرپرسیارییەتی هەیە .

**11-1-2: ئاستەنگەكانی دەرهێنەر لەبەردەم ئامادەكردنی بەرنامەی بنكۆل:**

كاری بنكۆلكاری لە زۆربەی ولاتاندا رووبەرووی كۆمەلێک ئاستەنگ دەبێتەوە ، بەلام ئەو ئاستەنگانە لەو ولاتانەی كە داخراون و دۆخی سیاسی و ئاسایشیان ناجێگیرە زیاترە، كە تا ئە رادەییەی ئەنجامی كاری رۆژنامەنووسی بنكۆلكاری سەخت و دژوارتر دەكات. تا دەگاتە رادەی كوشتن (kaplan:2013,pp.9-11)و(Stephan.2002,p.21). هەر بۆیە زۆربەی ئاستەنگەكان دەروانێتە ئەم خالانەی خوارەوە.

1- نەبوونی ئازادی پێشکەشکردنی بەرنامە: زۆربەی پەیماننامە و یاسا نوێیەکانی وڵاتانی دەوروبەر باس لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەکەن ، تا بتوانرێت چاودێرێکی باش بێت بۆ بابەت و ڕووداوو کەیسە شاراوەکان تا پارێزەری بەرژەوەندی گشتی بێت. تەنانەت ئازادی پێشکەشکردنی بەرنامەکە بەو مانایە دێت ، کە ڕۆژنامە نووس هەر کردارێک بیەوێت کاری لەسەر بکات یاخود بینوسێت یان پێشکەشی بکات بەو مانایە دێت کە ڕۆژنامەنووس ئازادە لە فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەو کارەکەی و ڕێزگرتن لە ئازادیەکانی تر (ڕەشید:2017، ل.65).

2- ڕۆژنامەنووسی کارێکی سەختە گەر یاسا پشتیوانێکی ڕاستەقینە نەبێت بۆ داکۆکی کردن لە ئەرک و مافەکانیان. بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەتیش یاسا ڕێگری لێنەکەن بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی زانیاییەکان. چەند یاسایەکی توند و سەرکوتکەر هەن ، کە ڕۆژنامەنووسان پەیوەست دەکەن بە پشتراستکردنەوەی زانیارییەکانیان.

وەهەروەها زۆربەی وولاتانی جیهان بە تایبەت ئەوروپای ڕۆژهەلات و ئەمەریکا و ئەفریقیا ،کە بە یاسایی ڕێگری ئاستەنگ لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت. بەلام لە ئەمەریکا بە یاسایی ئازادی زانیارییەکان لە ساڵی 1966ز دەرگای بە ڕووی ڕۆژنامەنووسان کردەوە بۆ دەستگەیشتن بە سەرجەم بەڵگەنامەکان، کە بۆتە هەوێنی ئابڕوو بردنی چەندان کەس کە کاری شاراوەو بێ بنەما یان کردووە. (ڕەشید: 2017، ل.65).

3- بەدەست هێنانی زانیاری بۆ بەرنامەکە: بۆ دەستخستنی زانیاری و بەڵگەنامەکان چەندین هەنگاو لە خۆ دەگرێت، ئامادەکار بۆ گەیشتن بە زانیاری لە ڕێگەی دزە کردنی ڕاستیەکان و ئاشکراکردنی بابەتە ناڕوونەکان زۆر ڕێگا بەکاردەهێنێت. بۆیە ئاستەمە بتوانرێت ئەم جۆرە بەڵگەنامانە بکرێتە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری کاریگەر ، هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان دوو دڵن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ بەدەست هێنانی بەڵگەکان، تەنانەت کە پێویستی بەکات و پارە هەیە. کە بە جۆرێک ڕۆڵی پزیشکێک دەبینێت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی کۆمەڵگە.(الحمام: 2014، ص.11).

4- کەمی توانای ئامادەکاری ڕاهێنراوبۆ بەرنامەی بنکۆل: بەشێوەیەک کە بتوانرێت ڕاپۆرتی بنکۆلکاری بەشێوەیەکی پیشەیی بەرز ئامادە بکات ، بۆیە کەمی ژمارەی رۆژنامەنووسی بنکۆلکار ئاستەنگێکی ترە لە گرفتەکانی بەردەم ئەو هونەرەی بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەک دێتە ئاراوە.

5- هەندێک لە ڕاپۆرتەکانی بنکۆلکاری پێویست بە یاریدەدرو گروپ و لایەنی کومەککار هەیە.

6- سەرکێشی پیشەیی ئامادەکار لە کاتی گەیشتن بە ئەنجامی هەڵە. بۆیە داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەنووس و ئامادەکارەکە تومار دەکرێت، بۆیە رۆژنامەنووس زیانی ماددی و جەستەیی بەسەر داسەپێنرێت. ( نوح:2015، ل.24) . تەنانەت هەرەشە لەسەر ژیانی رۆژنامەنووسیش دروست دەبێت.

7- ماندوویەتی و ترس لە شکست و دەرەنجامی ئامادەکردنی بەرنامەکە ئەمەش رۆژنامەنووسی بنکۆلکار بەرەو لاوازی دەبات.

## باسی دووەم . بنەماکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی

### 1-2-2: مێژووی سەرهەڵدانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی

دەکرێت ڕاگەیاندن و دەزگا میدیاییەکان لەسەر پرسە کۆمەلایەتییەکان بە شێوازێکی فیکریی ناوزەند بکرێتن، کە بە دوای رۆشنبیری مرۆڤدا دەگەڕێت (تاک یان گرووپێک)، وەک ئەکتەرێک نمایشی کارە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بکات، کە ئەم تێروانینە دەمانگێرێتەوە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی مرۆڤ و کۆمەڵگا، کە چالاکیەکانی ژیانە لە نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتردا لەڕوانگەی سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی و بەشێوەیەکی کۆنکرێتی ، وادیارە دەزگا میدیاییەکان و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان دەرفەتێک دروست دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خۆی پێشکەش بکات. (القادر، 2007 ،ص.231 ). بەلام لە رووی زمانەوانیەوە ووشەی ئاشتەوایی لە زمانی عەرەبی واتە (السلام) کە لە بنەچەدا لە وشەی (السلامة) هاتوە کەپێشتر لە توێژینەوەکان باسی لێوە کراوە، کە ئەویش لە تێکستە ئاینیەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر محمد (د.خ) هاتووە . هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە ئاشتەوایی کراوە کە خوای گەورە دەفەرموێت (لهم دار السلام عند ربهم) (سورة الانعام، الاية127)

بەلام لە زانستی کۆمەڵناسییدا، لە چەند روویەکەوە هەوڵدراوە چەند رێگایەکی ناسینی ئاشتەوایی کۆمەلایەتیی بکرێت، کە بەمانای سەقامگیری دێت، یان بە مانای چەسپاوی و جێگیری دێت. کە سەقامگیری کۆمەلایەتی رەگ و ریشەی ئەم تێروانینە لە فەلسەفەی (ئۆگست کونت)ی (1797 – 1875) بابەتیانە هاتووە، واتە کۆمەڵگا فاکتەری هەڵسانی شۆرشی کۆمەلایەتی و لادانی مەلەکی و دامەزراندنی بیرۆکەی کۆماری بووە لە سەدەی حەڤدەهەمدا.(الحسن، 2003، ص. 161).

بەمەش ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بونیاتنانی دەرئەنجامی هاوسەنگی و یەکگرتوویی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە، کە بەهاو پێوەری رۆشنبیری و بیرۆکەی تاکەکانی کۆمەڵگە وێنەی بۆ دەکێشن، وەهەروەها پێداگیرییە لەسەر باری ناساندنی زۆربەی ئەو بابەتانەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە لە

پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری کە دواجار دەرەنجامی سەقامگیریە، لە ڕێی سوودوەرگرتن لە ململانێیەکی نێو کۆمەڵگا، کە لەسەر بنەمای توانست و باشێتی، کە بڕیار لەسەر باشترینەکان بدەن (مدکور، 1975،ص.240)

کەواتە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەڕایی دوورکهایم، بریتییە لە دۆخێکی ئارام و چەسپاو کە تیایدا تاکەکانی کۆمەڵگە توانای بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان هەیە، لە دەرەنجامی بارودۆخێکی تەندروست و سەقامگیر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نێوان هێزە سیاسی و دەسەلاتدارەکان لەو کۆمەڵگەیەدا (Firth,1966,p.11) هەروەها تالکۆت پارسونز (1902 – 1979) پێیوایە یەکگرتوویی کۆمەڵگە پەیوەستە بە یەکگرتوویی ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و شارستانییەتیەکان، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرچاوەی بەهێزبوونی کارەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو هۆشیاری کۆمەڵگا، کە ئەمەش بەهۆی باشی و یەکگرتوویی ڕێکخراوە ڕۆشنبیریاکانەوە بەدەست دێت، کە هاوسەنگی و سەقامگیری بەرپا دەکات. (الحسن، 2003 ، ص.ص.8-10). دەتوانرێت بگوترێت کە پارسۆنز پێناسەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی بەمشێوە کردووە، کە بریتییە لە هاوسەنگی و یەکگرتوویی سیستەمی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای تێربوونی پێداویستییەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی و گونجان و پابەندبوون بە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان. سەرەرای ئەوەی بابەتە ئاشتەواییەکان سوودبەخش بن لە ڕووی کردارییەوە، ئەو کردارانەش لە چوارچێوەی ئەو واتایانەدا بزانرێت کەوا تاکەکان پەیرەوی دەکەن. (احمد،1985. ص. 43)، هەرچەندە ئەو تێروانینە لە ڕێگەی پێکبەستنی داینامیکیانەی هەرسی سازگە (نسق)ی کارەوە دروست دەبێت کە (سازگەی کەسێتی، سازگەی ڕۆشنبیری، سازگەی کۆمەڵایەتی)ین ، هەروەها چەندان بنچینەی دیاری تر هەیە بۆ (کردەی کۆمەڵایەتی) تەنانەت لەنێو گۆڕاوەکانی ئاشتەوایی هەیە، کە بریتین لە ڕەفتاری تاکەکان(زاید، 2006 ص. 119). وەهەروەها بەهۆی ئەم کردە ڕۆشنبیرییانە و سیستەمی کۆمەڵایەتی هاوسەنگی و سەقامگیری و ئاشتەوایی بەدەست دەهێنرێت (عبدالسلام، 1986،ص ص. 65-66).

سەرەڕای ئەوەی متمانەی سیاسی فاکتەرێکی سەرەکییە لە چاندنی ڕۆشنبیری تاک لە نێو کۆمەڵگا دا، کاتێک لایەنە سیاسیەکان بەشێوەیەک لەشێوەکان ببنە هەوێنی چاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیری سیاسی دیموکراتی. (Luhmann, 1988:p.14)

بەلام ڕەهەندەکانی متمانەی سیاسی دەرخەری هەندێک داواکاریی هاووڵاتیانە لەژێر ڕێنماییەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کێشە کۆمەڵایەتی و لۆکاڵیەکان، بە بەکارهێنانی ئەم هۆکارانەی وا لە هەستی هاووڵاتیان دەکات کە ئینتیمای ئاشتەوایی بەرهەم بێت، کە بریتین لە تیۆری لێکدانەوە بۆ لە ناوبردنی متمانە سیاسی کە ئاراستەی حکومەت دەکرێت، بەهۆی نەمانی متمانەی سیاسی و سیستەمی سیاسی لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر ئاشتەوایی بەرەو نەمان بچێت (George,1995:p.30) .

یاخود وەک کۆمەڵگەیەکی گیرەشێوێن دەربکەون، وەک ئەو پارت و لایەنە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان کاری سیاسی پەیڕەو دەکەن، کە لە نێوان کوتلەو پارت و ڕەوتەکاندا زۆربەی کات کێشمەکێشمی سیاسی کاریگەری لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی کردووە. بەشێک لە توێژینەوەکانیش دەریانخستووە کە حکوومەت هەرێمی کوردستان بۆ بەجێگەیاندن و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان، سەربەخۆنەبووە وەک دامەزراوەیی دادوەری و زیادبوونی دەزگای ئەمنی و پۆلیسی و گەندەڵی سیاسی(محیدین، 2022. ل. 47)، کە ئەمانە بە گرنگترین هۆکاری دادەنرێت کە دەبێتە هۆی نزمبوونەوە و داخورانی متمانەی ئاشتەوایی. لەگەل ئەم ڕەوتەیی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی، وەهەروەها هەندێک لە لێکۆلەران پێشبینی ئەوە دەکەن کە یەکێک لە هۆکارەکانی نەمانی متمانەی ئاشتەوایی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانەی کۆمەلایەتی لە کۆمەلگەدا (George,1995:p.30).

## 3-2-2: پێناسەو چەمکەکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی:

ئاشتی: سەلامەتی و ئاشتی: لە بنەڕەتدا ووشەی ( السلام) : واتە ئاشتی و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان، کە ئاشتی یەکێکە لە ناوەکانی خودا بۆ سەلامەتی لە کەم و کوڕی و لەناوبردنی توندو تیژی بەکار هاتووە. هەندێک لە زمانەکان و شێوە زارەکان بە مانای یەکەم واتا(ئاشتی) بەکاری دەهێنن بۆ هەندێ مەرامی خۆیان بۆ ئەوەی سەنگی زوڵم و نادادپەروەریی بۆ خۆیان فەراهەم بکەن (الشيف،2003 ،ص. 9)

زۆربەی بابەتە زانستیەکان باس لە دەستەواژەی ئاشتی دەکەن، بەهەردوو شێوەی ئەرێنی وەک توندوتیژی یان نەرێنی وەک هێمنی و سەقامگیری و تەندروستی و گەشەپێدان و ····هتد، دەتوانین لە چەمکی ئاشتی کۆمەلایەتی نزیک ببینەوە، بەلەناوبردنی ناعەدالەتی و نایەکسانی و ناهاوسەنگی ، لە بری ئەوە ئاشتی لەسزاو تۆڵەو ئارامییەوە هەنگاو بنێت بۆ مانا رەسەنەکی کە ئاشتیە، هەروەک لە قورئانی پیرۆز هاتووە: [ولقدْ مكناكُمْ في الارْض و جعلْنا لكُمْ فيها معايش (الاعراف، الاية .10).

لەسەر بابەتی ئاشتی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز فەرمانی بە بروادارانی خۆی کردووە کە زیاتر هەنگاو بنێن بەرەو ئاشتی، بۆ ئەوەی ژیانیان لەسەر ئاشتی بونیاتبنێن، واتە هەموو برگەو بابەتەکانی پەیرەوی ئیسلام و یاساکانی ئەم قورئانە وەک خۆی بەکاربهێنن، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت (أيُها النّاسُ إنا خلقْناكُمْ منْ ذكرٍ وأنثى وجعلْناكُمْ شُعُوبًا وقبائل لتعارفُوا إن أكْرمكُمْ عنْد الله أتقاكُمْ إن الله عليمٌ خبير (الحجرات، الاية .13 )

کە زیاتر دەرخەری ئەوەیە چۆن ستراتیژی بنەڕەتی و گرنگ بۆ بەدیهێنانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە بەرنامەی کاری رۆژانەیان لەگەڵ سروشتی ئاینەکەیان بگونجێنن، لە کۆتاییدا پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان نەتەوەکان لەسەردەمی ئیسلامدا جێگای بایەخ بوو (مندور.2001 ، ص.316)

وههەروەها یەکێک لەگرنگترین پرەنسیپەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بنچینەکان، بریتییە لە بەها ئەخلاقییەکان کە پێوەرێکی بنەڕەتین بۆ جیاکردنەوەی ئاژەڵ لە مرۆڤ بەرەو ئەقلانیەت ( عبد الرحمن،1999، ص.14)

بۆیە فەیلەسوفان لەسەر بابەتی ئەقلانیەت تیشکیان خستۆتە سەر ڕەوشت، لەگەل بوونی مرۆڤدا و هەلومەرجی مرۆیی ئاشتەواییی بۆ دابین دەکات (علوان، 1989، ص ص. 13-14) کەواتە بناغە و پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لە گەڵ سروشتی مرۆڤ لەدایک بوون وەک پەروەردە کە بە بنەمای پەرە پێدان دەناسرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی ( عبدالرحمن ، 1999، ص. 65) (Umar, 2009, p.45 )

لە ئیسلامدا ئاشتەوایی دەبەستریتەوە بە سروشتی تاک و ژیان و بیری مرۆڤەوە، کە بە هۆی سیستەمی ژیانەوە گرێدراوە، کە لە ڕێگای ئاشتەوایی دەستبەر بێت (قطب، 1993، ص. 13) هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێت ( يأيها الذين أمنوا ادخلوا فى السلم كافة ولاتتبعو خطوات الشيطان انه لكم عدو مبين )(البقرة، الاية. 208) بۆیە دەستەواژەی ئاشتەوایی بەدروشمی ئیسلام دەناسرێت، کە بە واتای ڕێکخستن و زەمینەسازیی پێکەوە ژیان پێناسەکراو، وەک ئاشتی و ئازادی و سەربەرزی(الاثری، د.ت ،ص. 14-15)

بەلام پێکەوە ژیان دیویکی تری ئاشتیە کە بریتیە لە گەرانەوە بۆ ئەو بەلگە ڕێنموییانەی کە لە بنەڕەتدا باس لە دروست بوونی ووشەی (التعايش والسلام ) دەکەن، کە زیاتر ئاماژەدانە بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی و لەگەل یەکبوون (معجم الوسيط، د.ت ، ص ص. 639-640) بەلام ئەگەر لە چوار چێوەی ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان سەرچاوەی گرتبێت، ئەوا مرۆڤ لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و پابەندبوونیان بە بە یاسا و ڕێساکان ڕێنمویی دەکرێن لە هەموو کارە باش و خراپەکانیاندا (ابن منظور ،1412/ 2 ، ص. 942). (بۆ نمونە ناکۆکی لەسەرچاوە سروشتییەکان سەریهەلداوە، وەک ئەوەی لە ئێستادا لە زۆربەی ولاتانی ئاسیا

پەیڕەو دەکرێت) کە چۆن چەمکی دروستکردن و هێنانەکایەوەی ئاشتی و پێکەوە ژیان لەسەر چەند بنەمایەک دروست بکەن ( الصراف، 1995، ص. 134) کە ئەمانەن

1- هێنانەکایەی ئاشتەوایی : ئەویش بە یارمەتیدانی لایەنە ناکۆکەکان لە ڕێگای دانوستاندن و گەیشتن بەڕێککەوتن هەمانگیری .

2- پاریزگاری کردن لە ئاشتەوایی: بریتیە لە ڕێگە گرتن لە هەلگیرسانی ململانێی لایەنەکان لە هەر کوێیەک بن.

3- دروستکردن و بونیتنانی ئاشتەوایی: بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەئاشتی بژی بە پێ ی ئەو هەلومەرجەی کە کۆمەڵگا دروستی دەکات، کە چەندین شێوازی هەیە وەک پەروەردە و مافی مرۆڤ زیادکردنی هاوکاری و هاوهەنگی کومەلایەتی و گێڕانەوەی تەبایی لە نێوان گروپ و رایە جیاوازەکانی هەمان کۆمەڵگا.

## 4-2-2 : گرنگی و تایبەتمەندییەکانی ئاشتەوایی

ئاشتی و تەبایی لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا رەهەندێکی گرنگی هەیە ، ئەوەش وایکردووە دەوڵەت و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان هەمیشە بەدوای چارەسەرێک بگەرێن بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان و نەهێشتنی جەنگ، گەیشتن بە هاوکێشەیەکی گرنگ بۆ ئاشتەوایی (کنعان 2015، ص. 78 ) کە لەسەر چەند کۆڵەگەیەک پێکدێت، کە ئەمانەن:

### أ-سەقامگیری

ئەم سەقامگیرییە بە مانای ئارامی ژیان دێت، کە لە سەر ئاشتی و سەلامەتی تاک و کۆمەڵگا وەستاوە، ئەمەش مەرجێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی گەشەی کۆمەلایەتی، تا ئەو کاتەی زۆربەی گروپەکانی نێو کۆمەڵگا دەست بۆ جەنگ نەبەن ، تا کاریگەری لەسەر ژیان و کاییە جیاوازەکان گروست نەکات، چونکە بنەماکانی کۆمەڵگە پێگەیشتوو تێکدەشکێنێت و ئەو کات جیهان لە هەموو رووبەکەوە تێکدەشکێت(Firth, 1966:p.11).

### ب- پەرەپێدان

ئاشتی دەبێتە هۆی گەشەسەندنی لایەنی کەلتووری و ئابووری کۆمەڵگا، ئەمەش کاریگەری لەسەر تاک هەیە بۆ ئەوەی ئاشتی ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی تاک و بیرکردنەوە لە داب و نەریت و کەلتوور و ژیان لەهەموو روویەکەوە، وەک پەرەپێدانی لایەنی ئابووری و زانستی و کۆمەلایەتیی کە پەیوەستە بە رەوشت و ژیانی مرۆڤەوە(الهیتی، 2009،ص.ص. 52- 55)

### ت- بونیاتنانی شارستانیەت

شارستانیەت یەکێکە لەو رەهەندانەی کە لە رێگەی ئاشتییەوە بەرهەم دێت و گەشە دەکات، بۆیە سەقامگیری شارستانییەتەکان بە سەقامگیریی کۆمەلایەتی گرێدراوە، بەلام

شەڕ و ململانێی ناوەخۆیی و سیاسی شارستانیەت تێک دەشکێنێت. وەک لە مێژووی شارستانیەتەکان باسی لێوەکراوە (عبدالسلام، 1986، ص.ص.65-66)

### ث- چارەسەری ناکۆکییەکان

ئاشتی لەژیانی مرۆڤدا ئەوەندە بەنرخە بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری ئەوەندەدەش ئاسان نییە، پێویستی بە ڕێگایەکی دادپەروەرانە و گشتگیر هەیە، بەلام لە هەمان کاتیشدا ئەستەم نییە ئاشتی و خۆشگوزەرانی جیهانی لە ڕێگەی پاراستنی مافە بنچینەییەکان و ئازادییەکانی مرۆڤ بێتەبەرهەم، وەک ئازادی ئایین تا کاریگەری لەسەر یەکتر دروست نەکەن (أبو الغار، 1985، ص.53) ئەم ماف و ئازادییەی مرۆڤ پێویستیەتی بۆ ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا جەوهەری ژیانی مرۆڤن، کە دەبێتە هۆی دادپەروەری و ئازادی لە ڕەنگ و ئایین و ڕەگەز (اسماعیل، 2017، ص.91)، بۆیە مێژوو هەنووکەییەکان دەریانخستووە کە ئاشتی بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ، لە کاتێکدا شەڕ و ململانێکان ژیان لەناودەبات، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەمکی جیاواز بۆ ئاشتی کۆمەلایەتی(Robert,1993,p.90)، تەنانەت ئاشتی لەژیانی مرۆڤدا بەهایەکی گەورەی هەیە کە هەوڵماندراوە لەڕێگەی چەند دێڕی پێشووەوە بە ڕوونی باسی لێوە بکرێت، وەک ئەوەی کە نوسەر (احسان محمد الحسن)لە پەرتوکەکەی بەناوی (النظریات الاجتماعیة المتقدمة)دەڵێت ئایا ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی چێژ لە ئارامی و ئاسایش دەبینێت لە بنبرکردنی توندو تیژی ململانێ تاکەکان کاری سەرەکی مرۆڤەکان بووە (الحسن، 2003، ص.161)

### 2-2-5: بنەماکانی ئاشتەوایی

ئاشتی بە پێناسە ئەرێنییەکەی: بریتیە لە گەشەسەندنی کۆمەڵگا. تەنانەت زاراوەی ئاشتی کۆمەلایەتی پێچەوانەکەی توندوتیژی کۆمەلایەتی و ململانێی کۆمەلایەتییە ، کە بانگەواز بۆ ئاشتی خێزانیش دەکات.

1- نـەمانی تونـدوتیژی: واتـە چەسـپاندنی کەلتـووری ئاشـتی بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکییەکان(الجمعية العامة للامم المتحدة،1999.) دەستەواژەی توندوتیژی بریتیە لە ململانێی گوزارشت لەدۆخی ناکۆکی نێوان لایەنەکان دەکات. کە ئەوکاتەی ئامانج و بەرژەوەندییەکان هاو تەریبنابن. چونکە هەموو ئەم لایەنانە بەدوای گەیشتن بە ئامانجی دژ بە راستین یان بەجۆرێک لە و جۆرانە دەردەکەون (جیمس، 1985 ص. 94).

2- بەرهەمهێنانی ئاشتی کۆمەلایەتی. پێویستی بە شیکردنەوەی دوو لایەنی سەرەکی هەیە: ئاشتی کۆمەلایەتی وەک پێگەی خۆی. وە لێرەدا مەبەست لێی بەدەست هێنانیەتی دۆخی ئاشتی کۆمەلایەتییە کە بەچەمکی ژیان و گوزەرانی خەلک ناسراوە .لایەنی دووەم بریتیە سازانی نێوان تاک و ژینگەی کۆمەلگا، کە لـە نێوان ژن و پیاو و ژینگە و مرۆڤ وەک جۆرێکی بایۆلۆجی دەردەکەوێت( الصراف ، 1995 ، ص. 134)

3- مافی خۆی بوون . بریتیە لەو مافانەی کە پەیوەستن بە تاکی کۆمەلگا و مافە کانیان کە دەبێتە بناغەی دروست بوونی کۆمەلگایەکی تەندروست، کە گشت پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە بەکارهێنانی خواردن و ئاوی پاک و تەندروستی و پەروەردە و خانووبەرە و هەلی کار، بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات(الشبيب، 2007، ص ص. 124-132).

لێرەدا توێژەر لەسـەر بنەما زانستی وسەرچاوەکان چەند قۆناغێک دێنێتە بەرباس لەسەر بنەماکانی ئاشتەوایی کە ئەمانەن .

قۆناغی یەکەم: ئاشتی وەک پراکتیزە دێتە بەرهەم لە کاتێک ولات دووچاری جەنگ نەبوبێتەوە ، تەنانەت ململانێی توندوتیژی چ لـە نـاوەخۆی بێت یان لەنێوان ولاتاندا کاریگەری لەسـەر ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دروست دەکات، بـۆ نموونە لەشێوەی شـەڕی نـاوخۆدا ئەمەش بیرۆکەی ئاشتی ناوەخۆی و دەرەکی دەکاتە ئامانج و بەرەو توندو تیژی کۆمەلایەتی دەبات، کە بۆ خەلکی ئاسایی بۆ کەسانی سیاسی ژینگەیەکی نالەباری دەبێت .

قۆناغی دووەم: هاوسەنگی هێز لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیدا کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاشتەوایی کۆمەڵگا دروست دەکات، بەلام هەندێک جاریش ئەم نا هاوسەنگییە بە کاری تیرۆر ناودەبرێت، کاتێک لەسەر تەرازووی هێزە سەربازییەکان دادەنرێت دواتر بارودۆخی تێکدەرانە دروست دەکات.

قۆناغی سێیەم : لەو ماوەیەدا جەخت لەسەر هەردوو ئاشتی نەرێنی (جەنگ) (واتە گواستنەوەی جەنگ لەدەرەوە بۆ ناوەخۆ ) و ئاشتی ئەرێنی (رێگرتن لەتوندوتیژیی پێکهاتەیی لەناو کۆمەڵگادا).

قۆناغی چوارەم: چەمکێکی فیمینیستییە لە ئێستا دا لە ئارادایە کە ئاشتی تاک دەخاتە ژێر پرسیارەوە وەک (توندوتیژی دژی ژنان)، یان لە جەنگدا کاتێک توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت.

قۆناغی پێنجەم: لەم قۆناغەدا بیرۆکەی ئاشتی لەگەڵ ژینگەدا چەسپاوە، بۆ ئەوەی پراکتیزەی دکتاتۆری بکرێت بە شێوەیەکی دڕندانە و دەستدرێژی کراوەتە سەر مرۆڤەکان.

قۆناغی شەشەم : قۆناغی میراتی ئاشتەوایی کە لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، بەهۆی پەیوەندییە تەندروستەکان. وەک ئەوەی لەگەڵ لە ئاشتەوایی و کەلتووری ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگونجێت، کە باس لە کۆمەڵێک هەڵوێست و داب و نەریت و شێوازو رەفتارەکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەکات (الجمعية العامة للامم المتحدة 1999)

4- **توندو تیژی دەستکرد :**

زۆربەی جار توندو تیژی مرۆڤ کۆمەلگا بەرەو ناسەقامگیری و نا ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەبات . بۆیە بەشێک لە سەرچاوەو پەرتووکەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان باسی توندو تیژ دەکەن، کە لە حالەتەوە بۆتە دیاردە لە زۆربەی کۆمەلگاکانی رۆژهەلاتی ناوەراست، لێرەدا توێژەرە بەشێک لە پێناسە چەمکی توندو تیژی بە پشتبەستن بە شێک لە سەرچاوەکان

دەخاتە ڕوو، هەروەک مارسێل مێربل دەڵێت توندو تیژی( بریتیە لە حاڵەتەکانی ململانێی تاکەکان کە لانی کەم لە ئەنجامی بێ متمانەیی دروست دەبێت، وەهەروەها بەرەو گرژی کۆمەلایەتی هەنگاودەنێت) (میربل، 1986، ص.ص. 507-506) تا ئەو رادەیەی کە ململانێکان رەنگدانەوەی لەسەر حکومەت و هێزە چەکدارەکانیش دروست دەکات، بۆیە زۆرجار لایەنەکان کۆمەڵگا بەکاردەهێنێت بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان دژی بە یەکتر یان یاخی بوونە لە حاڵەتی دوژمنکاری و ترس و دڵەڕاوکی بلاودەکەنەوە (عبد الغفار، 2003 ،ص.79)

هەندێ جار نەبوونی دڵنەوایی و گومان و هەڵە تێگەیشتن کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیەکانی تاک و کۆمەڵگا دروست دەکات ، کە بە قۆناغێکی پێش ململانێ دەناسرێت، کە لە ئەنجامدا دەبێتە توند وتیژی دەستکرد کە پەیوەست دەبن بەهۆکارەکانی ئەو ململانێیەوە کە لە نێوان تاک و دەولەت و دەوروبەری خێزانەکان دروست دەبن(نصر، د.ت، ص. 8)

هەروەکو کلاوسـڤێتس(فکلوزفیتس ) سەبارەت بە توندوتیژی دەستکر لە بەتوێژینەوەکەی دەڵێت "کردارێکی دروست کراوە بە مەبەستی ناچارکردنی ڕکابەر بۆ دوورخستنەوە لە داواکاریەکانیان " . (فوللر، 1971، ص.ص. 92-93)

وەهەروەها گاستۆن پۆتۆل دەربارەی توندوتیژی دەستکرد دەڵێت : "جەنگ کاتێک سەرهەڵدەدات و دەبێتە جەنگێکی چەکداری و خوێناویی لە نێوان گروپ و ڕێکخراوەکاندا، کاتێک توندو تیژی سەرکردایەتی ئەو گروپانە کۆمەڵگاکانیان بەدەستەوە بێت" واتە بۆ لەناوبردنی ژیانی مرۆڤە و هیچی تر نییە" (بوتول. 1983، ص. ص. 48-49)

وە هەروەها کوینسی رایت دەربارەی توندو تیژی دەستکرد دەڵێت " ململانێ و جەنگ خۆی پەیوەندیەکی توندوتیژییە لە نێوان یەکەکانی کۆمەڵگا و هاوتەریبن لەگەڵ یەکتری". (حتي ،1985،ص. 294).

بەلام پاول پێی وایە توندوتیژی جەنگ نییە مەگەر بە ناوی "جەنگەوە توندوتیژی ڕێکخراو بێتە ئاراوە ، چونکە گرنگترین شت لە جەنگدا کوشتنە کە کردارێکی سروشتی

فەرمییە، ئەو توندوتیژییەی کە دەوڵەت پەنای بۆ دەبات بۆ سەرکوتکردنی چەتەکانە بۆ لە سێدارەدانی ئەو تاوانبارانــە چــونکە لە دژی مافەکــانی تــاکە کەســی کارییــان کــردووە (Bull.1977, p.184.).

## 2-2-6: میدیا و ئاشتەوایی کۆمەلایەتی

میدیا لە هەموو کات و ساتێکدا ئامرازێکی گرنگە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست دەکات، چ کاریگەریەکی ئەرێنی بێت یان ئەرێنی، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە دووچاری قەیرانەکان بونە. ئەوەش وا دەکات هاوسەنگی و متمانەی تاکەکان بە یەکتری نەبێت ، بۆیە لەلایەن میــدیاکانەوە ئــەم ناهاوســەنگیە دەبێتــە بەرنامــەی کــاری دەزگــا میــدیایی و ڕاگەیانــدکارەکان ، هاولاتیــان و بە ئاســانی باوەڕیــان پێدەکەن بەلام لــە ڕووی ســەلامەتی پیشەیی و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانییەوە گونجاو نیە (مکاوی، 2009، ص. 66)

ئــەوەی پەیوەســتە بــە میــدیاکار پابەندبوونــە بەلێکـۆڵینەوە لەڕاســتییەکان و گەیانــدنی ڕاستییەکان بەڕاستگۆیی و پابەنـدبوون بەپیشــەی کــاری میدیاییــەوە، لــە لایــەکی تــرەوە ڕاستیەکان بۆ بەرژەوەندی دەزگای ڕاگەیاندنەکە بەکاردەهێنرێت، چونکە ژمارەیەک لە بنەما بنەرەتییەکانی ئەم تیۆرییەی ڕاگەیاندن بنکۆلکاری لەسەر بنەمای خۆ گونجاندنە بۆ بابەتەکە کە بەدوای ڕاستی بابەتەکان دەگەڕێت شەن و کەویان دەکات.

هەندێک لە تێگەیشتنەکان و زۆرێک لە ئامرازەکانی میدیایی بەردەوام لە گۆڕاندان ئەم پەرەسەندنە بەردەوامە وای لە زانایانی سەدەی بیستەمدا کردووە کە پشتگیری خۆیان بۆ تیۆری ئازادی ڕادەربرین پشت ڕاست بکەنەوە .( حجاب،2010 ص.ص. 211-215) تا ئەو ڕادەیــەی تیشــک بــخەنە ســەر بەهاکــانی قبــوولکردنی ڕای ئەوانــی تــر، وەهەروەهــا خــۆ بەدوورگــرتن لە بلاوکــردنەوەی هەر بابــەتێک کە پشــتگیری لە تونــدڕەوی یــان تــاوانی نارەزایەتی بکات، یان بەشداری لــە هاندانی ئایینی، مەزهەبی،بەرێگەیەکی ناتەندروست یان ئیتنیکی ناوچەیی بکات، کە ببێتە هۆی دووبەرەکی و ئاژاوە ، لەسیستەمی حوکمڕانی لە

فەرمانرەوایی تا گلەیی لە سیکتەرەکان نەکەن، لەمەر کیشە چەقبەستوەکانی نیو کۆمەلگا (مکاوی 2009، ص. 66).

کیشەکانی کۆمەلگا لە چەندین بابەت و ناوەرۆکی جیاواز کۆبوونەتەوە ، کە کەسانی پسپۆری بنکۆلکاری زۆربەی کات دەست دەبەن بۆ ئاشکراکردنی بابەتە شاراوەکان لەژیر ئیتیکی ڕاگەیاندن ، بەلام ڕۆژنامەنووسانی بنکۆلکاری لەڕووی دەربڕین خۆیان بەدوور دەگرن لە بەکارهینانی ئەو چەمکانەی کە ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی لەکەداری بکات هتد ..کە ببیتە هۆکاری تیکدانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لە ڕوومالە تەلەفزیۆنییەکان و ڕۆژنامەگەرییەکان، تا ئەو رادەیەی زیان دەگەیەنن بە ناوبانگ و ئاشکرانەکردنی ناسنامەی تاک کە پیچەوانەی ئاشتەواییە (النمر،2004،ص.86) بەلام بەشیک لە میدیاکان داوا لە میدیاکاران دەکەن کە خۆیان لە بلاوکردنەوەی وینە و ڤیدیۆکان بپاریزن کە زیان بە پیرۆزی و کەرامەتی تاک دەگەیەنیت (Dennis,1980, P.101) یان لەوانەیە ببیتە هۆی مەترسی بۆ سەر تاکی کۆمەلگا، بۆ نمونە لەبابەتی قوربانی توندوتیژی و ململانیی چەکداری، کە بوختان و چەواشەکاری و بلاوکردنەوەی بەهاکانی ئاشتی نەتەوەیی و جیهانی کە زیان لە کەش و هەوایی تاک و لایەنە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینیەکان بدات.(مکاوی، 1993، ص. 223).

بۆیە بەشیک لە لایەنگرانی پارت و لایەنە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ریز لەمافەکانی تاک ناگرن ، تەنانەت گرنگی نادەن بە ئازادی فیکر و بیروباوەڕ و را دەربرین بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نیوان دەزگاکانی راگەیاندن و رای جەماوەر( Voakes, 2000 , PP. 14 – 29).

## 2-2-7: ڕۆڵی میدیا لە بەرهەمهێنانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی

ئەوەی جێگای تێرامانینە میدیا شمشێرێکی دووسەرەیە و ئاشتی دروست دەکات و جەنگ و وێرانکاریش دروست دەکات، تەنانەت دەبێتە پردێک بۆ پەیوەندی نێوان کۆمەلگا و دەسەلات، کە پێویستە رق و کینە و جیاکاری دوربخاتەوە لە نێوان تاکەکان ، سەرەرای ئەوە میدیا و تەلەفزیۆن گرنگی بە لایەنی هەستی نەتەوەیی و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەدەن بۆ بونیاتنانی ئاشتی، یان پێویستی بەوەیە کە هەوڵێکی ئەرێنی بۆ ئاشتەوایی دروست بکات (عبدالمجید 2001، ص. 23) لە ناوەندەکانی میدیاو سیستمە نێودەوڵەتییەکان گشتبەندییەکی زانستی هەیە بۆ وەستاندنی جەنگ و وێرانکردن، وە هەروەها بەدیهێنانی ئاشتەوایی بەردەوام بۆ خۆیان و دامەزراوەکانی دەوڵەت، وەک لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە ، کە دەڵێت (هەنگاوی ئەرێنی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی پێویستە لە هەندێ ناوچەی جیهان بکرێت. وەک ئەوەی لە ئێستادا لە عێراقدا کار بۆ ئاشتەوایی هەمەکی دەکرێت ) (عبدالمجید،2001، ص. 23)، گومان لەوەدا نییە کە میدیاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بیرهێنانەوەی ئینتمای نیشتمان. بۆیە بە خێرایی کار بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوانیان دەکرێت.

ئەو گۆشەیەی کە میدیا کار کاری لەسەر دەکات لەرووی رۆشنبیرکردنی خەڵکدا یارمەتی ئەوە لایەن و نەیارانە دەدات خۆیان بە دوور بگرن لە شەری نەزانی و بیرکردنەوەی نالۆژیکی، بەلام بەشێک لە یاخیبووەکان کار بۆ رابردوو دەکەن یان هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن کە بیروباوەر و بیرۆکەکانیان تەنیا ڕاستن پێویستە یەکتر قبوڵ بکەن.

# بەشی سێیەم: ئەنجامی کردەنییانە و پراکتینامەی توێژینەوەکە

# باسی یەکەم

## ئەنجامی شیکاری وپراکتینامەی توێژینەوە

* دەروازە:

توێژەر لەم بەشەدا ئەنجامی شیکاری وپراکتیکی توێژینەوەکە دەخاتەروو، سەرەرای شیکردنەوە وراڤەکردنی ئەنجامی هەر یەک لەو دەستە وپرسیارانە بەجیا لەخوارەوە دەخاتە بەرباس.

أ. <u>دەستە ناوەرۆکیەکان.</u>

1. <u>رەهەندەکانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.</u>

**خشتەی (٢) رەهەندەکانی پەیوەست بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنیدا(k24)**

| برگەکان | دوبارە بونەوە | ریژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| یاسایی | ٣ | ٢.٧ | حەوتەم |
| سیاسی | ١١ | ٩.٨ | چوارەم |
| ئابوری | ٤٦ | ٤٢ | یەکەم |
| کۆمەلایەتی | ٢٢ | ١٩.٦ | دووەم |
| رۆشنبیری | ٥ | ٣.٦ | شەشەم |
| تەکنەلۆژی | ١٧ | ١٥.٢ | سێیەم |
| تەندروستی | ٨ | ٧.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کە زۆرینەی ڕەهەندە شیکارکراوەکان لەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنیدا، ڕەهەندی ئابوری بووە وپلەی یەکەمی گرتووە کە ڕێژەکەی بریتیە لە (٤٢%) ، ئەم ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەپێنج ئەلقەی هەڵبژێردراوی بەرنامەکە وەک مشتە، زۆرترین سەرنج لەسەر باری ئابوری جەماوەر بووە کەڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بۆ پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە.بەلام مشتەکانی تر بە پێی ڕیزبەندی پێوانەی ڕێژەی سەدی دابەشبوونن بەدوای یەکتر کە مشتەی کۆمەڵایەتی بەپلەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی بریتیە لە (٦.١٩%). کە زۆرینەی بەرتوێژان ئاراستەی بەرنامەی بنکۆلکارییان خستۆتە بەر ڕەهەندنی کۆمەڵایەتی . وەهەروەها تەکنەلۆژیا بەپلەی سێیەم دێت کە برەکەی بریتیە لە (٢.١٥%) کە زۆرینەی بەرتوێژان وەلامی ئەرێنیان بۆ پرسی تەکنەلۆژیا بووە. وەهەروەها بابەتە سیاسیەکان ڕەهەندێکی ترە کە پلەی چوارەمی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (٨.٩%) . سەرەرای ئەوەی بابەتە تەندروستیەکان پلەی پێنجەمی وەرگرتووە کە ئەوەش لایەنێکی ترە بۆ پرسەکانی ئاشتەوایی کە زۆربەی بەرتوێژان لە بەرنامە بنکۆلکارییەکان بەرجەستەی دەکەن کە ڕێژەکەی (١.٧%). بەلام سەبارەت بە ڕەهەندەکانی رۆشنبیری و یاسایایی پلەی شەشەم و حەوتەمیان گرتووە کە ڕێژەکەیان لە (٦.٣% و ٧.٢%) کە ئەوەش دەرئەنجامی شیکاری بەرنامەی بنکۆلە لە کەناڵ ٢٤ ی ئاسمانی.

2سەرچاوەی زانیاری پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

**خشتەی (٣) سەرچاوەی بەکارهاتوو لەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی(k24)**

**سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی**

| برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| هاولاتی | ١١ | ٩.٨ | پێنجەم |
| بەرپرسی ئیداری | ٦ | ٥.٤ | شەشەم |
| میدیاکار | ١٥ | ١٣.٤ | چوارەم |
| چالاکوانی مەدەنی | ١٧ | ١٥.٢ | سێیەم |
| توێژەری کۆمەلایەتی | ٣٦ | ٣٢.١ | یەکەم |
| میدیاکان | ٢٥ | ٢٢.٣ | دووەم |
| بەرپرسی حزبی | ٢ | ١.٨ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە زۆرینەی سەرچاوەی زانیارییەکان لەسەر بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی کە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەی گرتووە، توێژەری کۆمەلایەتی بووە کەرێژەکی (١.٣٢%)، بەلام میدیاکانیش لەو پرسەدا بە پلەی دووەم دێین کە ڕێژەکەی بریتیە لە (٣.٢٢)، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەدەزگاکانی ڕاگەیاندن پشتیان توێژێکی گرنگ بەستوە وەک سەرچاوەی زانیاری بۆ ڕاڤەکردنی ڕەهەندەکانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی. وەهەروەها چالاکوانانی مەدەنی بە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەکەی بریتیە لە (٢.١٥) کە پالپشتی لە پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی . وەهەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان و میدریاکارنیش بە ڕێژەی (٤.١٣)

مشتەی هەبووە بە پەری سۆنگەی دلسۆزییەوە پلەی چوارەمی گرتووە. پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لە ریگای میدیاکانەوە پرسەکان بەرەو هەنگاوی باشتر بردووە. سەرەرای ئەوەی بەشیک لە بەرتویژان رازینەبونیکی بەرنامەی بتوّل دەخاتەروو. کە زوربەی هاولاتیان تییدا بەشداربوون . بۆیە هاولاتی پلەی پینجەمی وەرگرتووە. وەهەروەها بەرپرس و دەستەی کارگیری پلەی شەشەمی وەرگرتووە. ئەم نامەیە چەندین پیشنیارو دەرخستەی زانستی بۆ مشتەکان کراوە کە بەرپرسی حزبی کە ریژەکەی (٨.١%) .

### 3. ئەرکی میدیایی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی:

**خشتەی (٤) ئەرکی بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی(k24) پەخشکراو سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی**

| پلە بەندی | ریژەی سەدی | دوبارە بونەوە | برگەکان |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٢١.٤ | ٢٤ | خستنەرووی زانیاری |
| سییەم | ١٦.١ | ١٨ | رۆشنبیری کۆمەلایەتی |
| یەکەم | ٥٥.٤ | ٦٢ | تۆماری زانیاریەکان |
| چوارەم | ٤.٥ | ٥ | پاساوهێنانەوە |
| پێنجەم | ٢.٧ | ٣ | هاندان وئاراستەکردن |
| | ١٠٠ | ١١٢ | کۆی گشتی |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەویت کەئەرکی پەخشکردنی زۆرینەی رەهای بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کومەلایەتی، تۆماری زانیاریەکان بووە پلەی یەکەم وەرەگریت کە ریژەکەی (٥٥.٤%). کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خودی بەرنامەکە گرنگی زیاتر داوە بەخستنەروی زانیاریەکان وبەلگاندنیان وەک خۆی بەبەراورد بەئەرکەکانی

دیکە. وەهەروەها خستنە رووی زانیاری بەپلەی دووەم دێت دوای تۆماری زانیارییەکان کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەرتوێژان گرنگی زۆریان داوە بە بابەتە زانیارییەکان کە ڕێژەی بریاری بەرتوێژان برتیتە لە (٤.٢١%). سەرەرای ئەوەی زۆربەی بابەتە رۆشنبیرییەکان لە بەرنامەکانی بنکۆڵ کە ئەگەرێکی تری ئاشتەوایی کۆمەلایەتیە کە میدیا رابەرایەتی دەکان کە ڕێژەکەی (١.١٦%). گە پلەی سێیەمی وەرگرتووە.

4. **ئاراستەی میدیایی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.**

**خشتەی (٥) ئاراستەی بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی(k24) پەخشکراو سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی**

| برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| لایەنگر | ٦٧ | ٥٩.٨ | یەکەم |
| دژ | ٢ | ١.٨ | سێیەم |
| بێلایەن | ٤٣ | ٣٨.٤ | دووەم |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ١٠٠ | |

- ئەنجامی خشتەی (٥) ئەوە دەردەخات کە ئاراستەی زۆرینەی رەهای بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی لایەنگرن وئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریتی نەتەوەیی لەخودی بەرنامەکاندا کەمامەڵەیەکی گونجاو و واقعی لەپەخشکردنیا کردووە.کە زۆربەی بەرتوێژان لایەنگری ناوەرۆکی بەرنامەی بنکۆڵن کە ڕێژەکەی (٨.٥٩%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە. وەهرەوەها ئەوانەی دژی بەرنامەی بنکۆڵن پلەی سێیەمیان وەرگرتووە کە ڕێژەکەی

(٨.١%). بەلام ئەو چینەی کە بێلایەنی خۆیان بۆ ناوەرۆک و تەواوی بەرنامەی بنکۆل دەربڕیوە ڕێژەکەی (٤.٢٨%) کە پلەی دووەمکی وەرگرتووە.

## 5- تەوەرەکانی جێگیربوونی میدیایی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.

**خشتەی (٦) تەوەرەکانی جێگیربونی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی (k24) پەخشکراودا**

| برگەکان | دوبارە بونەوە | ریژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زانیاری | ٦٨ | ٦٠.٧ | یەکەم |
| کەسایەتی | ٧ | ٦.٢ | چوارەم |
| لایەن | ٢٤ | ٢١.٤ | دووەم |
| بیر ورا | ١٣ | ١١.٦ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت، تەوەری سەرەکی زۆینەی بەرنامەکان (زانیاری)نوی دەبخشنە بینەرو و بەرتوەیژان کە ڕێژەکەی (٧.٦٠%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. بەلام بەرنامەکانی بنکۆل و پرسی جێگیر بوون و ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بابەتیکی هەنووکەی پێویست مەبەستدارە کە زۆربەی بەرتوێژان لایەنگیریان کردووە و پلەی دوومی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (٤.٢١%). بەلام لەریزبەندی تەوەرەکانی جێگیربووندا ئاستی بیروڕای بەرتوێژان بە پلەی سێیەک دێت کە ڕێژەکەی (٦.١١%)، ئەمەش

جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی پێدانی پرسی ئاشتەوایی کومەلایەتی وەک پرسێکی گرنگ لەنێو کومەڵی کوردیدا.

**ب. دەستە رواڵەتیەکان.**

6. **هۆکارە زەقکراوەکانی بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کومەلایەتی.**

**خشتەی (٧) هۆکارە زەقکراوەکان لەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی(k24) پەخشکراو سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کومەلایەتی**

| برگەکان | دوبارە بونەوە | ریژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| تیکست | ١٦ | ١٤.٣ | چوارەم |
| وینە وڤیدیۆکان | ٣٥ | ٣١.٢ | یەکەم |
| کاریگەری دەنگی | ٢٧ | ٢٤.١ | دووەم |
| خشتە وچوارچیوە | ١٢ | ١٠.٧ | پینجەم |
| نەخشە وگرافیک وروونکاریەکان | ٢٢ | ١٩.٦ | سییەم |
| کوی گشتی | ١١٢ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت، زۆرینەی رەهای هۆکاری زەقکراوە لەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنیدا (وێنە وڤیدیۆکانە) کەبەپلەی یەکەم دێت کە ریژەکەی (٢.٣١%)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەسروشتی پرسەکە زیاتر هانی ستافی بەرنامەکەی داوە بۆ کارکردن لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی بینەر وکاریگەری خستنەسەریان لەڕێی وێنە وڤیدیۆ تۆمار وڕاستەوخۆکانەوە. هەرچەندە لە تەوەرەکانی تری پرسیارەکە چەندین راو بۆچوونی تایبەت بە بەرنامە بنکۆلکاری و ئاراستەکانی نێو بەرنامەکان هەیە کە بەرتوێژان بڕیارییان لەسەر داوە لەرێگای فۆرمی راپرسیەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان داوی پلەی یەکە رایی خۆیان بۆ کاریگەری دەنگەکان بردووە بۆ ئەوەی بابەتە زەقکراوەکانی بەرنامەی بنکۆلە کە ئەویش دەنگ و سیستەمە دەنگیەکان لە بەرنامەی بنکۆل کە ریژەی بەرتوێژان بۆ ئەم پرسە بریتیە لە(١.٢٤%) کە پلەی دووەم دێت لە فۆرمی راپرسیەکە دا سەبارەت بە پرسە زەقکراوەکان. وەهەروەها پرسە زەقکراوەکانی ئەو بەرنامەیە کە بەرتوێژان بڕیارییان لەسەر داوە بریتیە لە ئاستی کوالیتی بەرنامەی بنکۆل و نەخش و گرافیکە روونکراوەکانی بەرنامەکە . کە بەرتوێژان دەنگی سێیەمیان داوە بەو پرسیارە لە بەرنامەی بنکۆل . کە نەخش و گرافیکەکانە کە ریژەکەی (٦.١٩%). وهەروەها پلەکانی تری بەرتوێژانی دابەش کردووە بۆ چەند ئاراستەیەک کە پلەی چوارەم وەرگرتووە . کە ریژەکەی (٣.١٤%). وەهەروەهاخشتەو چوارچێوەکانی بەرنامەی بنکۆل پلەی پێنجەمی بەخشیوە بە دەرئەنجامی ئەو پرسەی کە لە بەرنامەی بنکۆل هاتوتە ئاراوە . کە ریژەکەی (٧.١٠%). پلەی پێنجەمی وەرگراتووە لە هۆکارە زەقکراوەکان .

٧. **هاوسەنگی ڕوماڵکردنی میدیایی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی(k24) پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.**

**خشتەی (٨)مامەڵەی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەڤزیۆنی (k24) لەگەڵ دید وبۆچونی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| دیدیک | ٢٤ | ٢١.٤ | دووەم |
| زیاتر لە دیدیک | ٨٠ | ٧١.٤ | یەکەم |
| هیچ دیدیک | ٨ | ٧.١ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت، کەهاوسەنگی لەڕوماڵکردنی بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی لە(زیاتر لەدیدیک)ەوە ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی لەپەخشکردنی ئەلقەکانی بەرنامەکە ونزیکی لەپرسەکە، کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە ڕێژەکەی (%٧١.١) . وەهەروەها برگەی (دیدیک ) بۆ بەرنامەی بنکۆل و ئاراستەکانی پرسی ئاشتەوایی و کۆمەڵایەتی پلەی دووەمی وەرگرتووە، کە ڕێژەکەی (%٤.٢١)، سەرەرای ئەوەی هیچ دیدیک لە بەرتوێژان دەستەبەر کراوە کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە لە پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی بنکۆڵ، کە ڕێژەکەی (%١.٧).

**8. شێوازی خستنەڕووی میدیایی بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی(k24) پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی..**

**خشتەی (٩) شێوازی خستنەڕوی بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی(k24) پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی**

| بڕگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| پەیوەندیی نێوان هۆکارو ئەنجام | ٤٥ | ٤٠.٢ | یەکەم |
| ئامار وژمارە | ٣٦ | ٣٢.١ | دووەم |
| بەلگە وشایەتحال | ١٤ | ١٢.٥ | سێیەم |
| بەلگەنامەی فەرمی | ٩ | ٨ | چواردم |
| لێدوانی کەسی پسپۆر وبەرپرس | ٨ | ٧.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت، کەلەشێوازی خستنەڕووی بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنیدا، پەیوەندیی نێوان هۆکار وئەنجامی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بەپلەی یەکەم دێت، کە ڕێژەکەی (٢.٤٠%)ئەمەش خالی بەهێزی ئەو هەولانەیە کەدەدرێت بۆ خستنەڕوی پرسەکە بەشێوەیەکی واقعی وبابەتیانە. وەهەروەها بەشێکی تری خستنەڕووی زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامارو و ژمارەکان دەبێت کە ئەوەش پلەی دووەمی وەرگرتووە لەلایەن بەرتوێژان کە ڕێژەکەی (١.٣٢%) وەهەروەها بەلگە و شایەتحال کە بڕگەیەکی سەرەکی پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتییە پلەی سێیەمی وەرگرتووە . کە ڕێژەکەی (٥.١٢%). سەرباری ئەوەش

که خستنەرووی زانیاری و بابەتەکانی بەرنامەی بنکۆل لە کەنالەکانی تەلەفزیۆن کە هەردوو ئاستی چوارەم و پێنجەمیان وەرگرتووە بە برگەکانی بەلگەنامەی فەرمی (٨%) و لێدوانی کەسانی پسۆر و بەرپرس کە ریژەکەی (١.٧%).

* **<u>باسی دووەم/ ئەنجامی پراکتینامەی توێژینەوەکە، (تایبەتمەندی دیموگرافی مشتەی توێژینەوە).</u>**

### خشتەی (١٠) تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی مشتەی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٢٢ | ٦٦ | یەکەم |
| | مێ | ٦٨ | ٣٤ | |
| تەمەن | لە ١٨ بۆ ٢٣ ساڵ | ٥٩ | ٢٩.٥ | چوارەم |
| | لە ٢٤ ساڵ بۆ ٢٩ ساڵ | ٦٣ | ٣١.٥ | |
| | لە ٣٠ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ | ٣٧ | ١٨.٥ | |
| | لە ٣٦ ساڵ بۆ ٤١ ساڵ | ٢١ | ١٠.٥ | |
| | لە ٤٢ ساڵ زیاتر | ٢٠ | ١٠ | |
| ئاستی خوێندەواری | دەرچوی سەرەتایی | ٢٩ | ١٤.٥ | دووەم |
| | دەرچوی ناوەندی | ١٦ | ٨ | |
| | دەرچوی ئامادەیی | ٧٠ | ٣٥ | |
| | دەرچوی پەیمانگا یان زانکۆ | ٦٩ | ٣٤.٥ | |
| | دەرچوی خوێندنی باڵا | ١٦ | ٨ | |
| پیشە | بێکار | ٤٨ | ٢٤ | |
| | چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی | ٢٥ | ١٢.٥ | سێیەم |
| | فەرمانبەری کەرتی حکومی (مامۆستا وفەرمانبەر) | ٣٢ | ١٦ | |
| | فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ٢٨ | ١٤ | |
| | کاسبکار | ٦٧ | ٣٣.٥ | |
| شوێنی نیشتەجێ بون | دهۆک | ٥٠ | ٢٥ | پێنجەم |
| | هەولێر | ٥٠ | ٢٥ | |
| | سلێمانی | ٥٠ | ٢٥ | |
| | هەڵەبجە | ٥٠ | ٢٥ | |
| کۆی گشتی | | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی مشتەی توێژینەوەکە بەپلەی یەک نێر وتەمەن (لە ٢٤ ساڵ بۆ ٢٩ ساڵ) کە ڕێژەکەی (٦٦%)وئاستی خوێندەواری (ئامادەیی) وپیشە (کاسبکار) وشارەکان بەجیاوزاییەکی کەم خۆدەبینێتەوە. وەهەروەها ئاستی خوێندەواری پلەی دووەمی بەرکەوتووە کە زۆرترین بەرتوێژان لە ڕاپرسیەکەدا ئاستی خوێندەوارییان لە پلەیەکی باشدا بۆیە بە ڕێژەیی (٨% بۆ ٣٥%)، وەهەروەها برگەی تایبەتمەندییەکی ئەنجامی ڕاپرسیەکە کە چەند توێژێک لە تەمەنی جیاواز وەرگیراوە پلەی سێیەم وەردەگرێت کە ڕێژەکەی لە نێوان (١٠% بۆ ٢٩.٥%). تەنانەت کارو پیشەی بەرتوێژان لە دامەزراوەکانی حکومەت پلەی چوارەم وەردەگرێت کە ڕێژەکەی لە نێوان (١٤% بۆ ٣٣.٥%) وەهەروەها شوێنی نیشتەجێبوونی هەر چوار پارێزگاکە پلەی پێنجەم وەردەگرێت (٢٥%) بۆ هەرپارێزگایەکە لەسەر بنەمای بەشداربوونی بەرتوێژان .

* باسی سێیەم / وەڵامی مشتەی توێژینەوە.

خشتەی (١١) ئاستی تەماشاکردنی بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەڤزیۆنی لەلایەن جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا

| پلە بەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | برگەکان |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٣٤ | ٦٨ | بەردەوام |
| یەکەم | ٦٥ | ١٣٠ | هەندێکجار |
| سێیەم | ١ | ٢ | هەرگیز |
| | ١٠٠ | ٢٠٠ | کۆی گشتی |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت کە زۆرینەی هاوڵاتیان تەماشای بەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەفزیۆنی کوردی دەکەن بەشێوەیەکی بەردەوام وهەندێکجار،کە پلەی یەکەم (%٦٥)و پلەی دووەمیان (%٣٤) بەرکەوتووە وە ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ بەئاگاداربون وزیادکردنی زانین وگرنگیدانی مشتەی توێژینەوە بەژانرێکی سەرەکی میدیای بینراو. وە توێژێکیی تر بەرتوێژان کە پلەی سێیەمی بەرکەوتووە کە بە برگەی هەرگیز کە ڕێژەکەی (%١).

خشتەی (١٢) پلەی پشت بەستن بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەڤزیۆنی لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە

| پلە بەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | برگەکان |
|---|---|---|---|
| سێیەم | ٢١،٥ | ٤٣ | بەپلەیەکی بەرز |
| دووەم | ٣٢ | ٦٤ | بەپلەیەکی مامناوەند |
| یەکەم | ٤٦،٥ | ٩٣ | بەپلەیەکی نزم |
| | ١٠٠ | ٢٠٠ | کۆی گشتی |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت مشتەی توێژینەوەکە بەپلەی بەرز و مامناوەندا پشت بەبەرنامە بنکۆلکاریەکانی کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان دەبەستن، کە پلەی دووەم و سێیەمیان وەرگرتووە . بە ڕێژەی (٣٢%) بۆ مامناوەند و بەرێژەیی ٢١.٥% بۆ پلەی بەرز، هەروەکو لە خشتەکە ئاماژەیی بەرتوێژانی تێدایە. بەلام لە برگەی پلەیەکی نزم بەرتوێژانی زۆرترین وەلامی پشتبەتنیان بە بەرنامەی بنکۆل کەمبۆتەوە، ئەمەش نزیکی خودی مشتەی توێژینەوەکە دەردەخات دەربارەی ئەم جۆرە بەرنامانە.کە ڕێژەکەی (٤٦.٥%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە.

**خشتەی (١٣) متمانەی جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵی | ١٢٥ | ٦٢.٥ | یەکەم |
| نەخێر | ٧٥ | ٣٧.٥ | دووەم |
| کوی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە متمانەیان بەبەرنامە بنکۆلکاریەکانی کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان هەیە، کە لە برگەی بەڵی کە زۆرترین وەلامی ئەرێنیە بووە کە ڕێژەکەی (٦٢.٥%) ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنی گونجاوە بۆ ئەوەی جەماوەر پەیامی دیاریکراو لەخودی ئەو بەرنامانەوە وەربگرن و کاردانەوەیان لادروست ببێت. وە برگەی نەخێر پلەی دووەم تۆماردەکات کە ڕێژەکەی (٢٧.٥%) بۆ وەلامی بەرتوێژانی فۆرمی ڕاپرسی.

**خشتەی (١٤) هۆکاری پشت بەستن بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی لەلایەن مشتە توێژینەوەکە**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| هەوال وزانیارییە شاراوەکان دەخاتەروو | ١٧ | ٨.٥ | حەوتەم |
| هەوڵ بۆ خستنەڕوی ڕاستیەکان دەدات | ٢٠ | ١٠ | شەشەم |
| شیکاری ڕەهەندە جیاجیاکانی بابەت یان ڕوداوەکە دەکات | ٢٥ | ١٢.٥ | چوارەم |
| بەشێوەیەکی بێلایەنانە بابەت وروداوەکان دەگوازێتەوە | ٣١ | ١٥.٥ | دووەم |
| ڕومالێکی قول دەکات بۆ بابەتەکان وکاریگەریی زۆری هەیە لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر | ٣٣ | ١٦.٥ | یەکەم |
| بۆ زیاتر نیشاندانی ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن بە پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی | ٢٢ | ١١ | پێنجەم |
| ئاشتەوایی کۆمەلایەتیم بۆ فەراهەم دەکات | ٢٧ | ١٣.٥ | سێیەم |
| لەرووی دەرهێنان و تەکنیکەوە هۆشیاری ئاشتەوایی بلاودەکاتەوە | ١٤ | ٧ | هەشتەم |
| لەبەر ئەوەی بەرنامەیەکی سەرنج ڕاکێشەو ورووژاندنی تیدایە | ١١ | ٥.٥ | نۆیەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

-بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٤) دەردەکەوێت کەبەپلەی یەکەم هۆکاری پشتبەستن بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕومالی قوڵی بابەتەکان وکاریگەریی لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر کە ڕێژەکەی ٠.١٦%، وەهەروەها پشتبەستنی بەرتوێژان بۆ بەرنامەبنکۆلکاریە تەلەفزیۆنییەکان لە برگەی بیلانەیانە بۆ بابەت و ڕووداوەکان پلەی دووەمی وەرگرتووە. کە ڕێژەکەی (٠.١٥%)، بەلام سەبارەت بە هۆکاری پشتبەستنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلڤزیۆنییەکان کە ببێتە هۆی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لە برگەی ئاشتەواییم بۆ فەراهەم دەکات پلەی سێیەم وەردەگرێت کەرێژەکەی ٠.١٣%یە. ڕۆلی بەرتوێژان لە برگەی شیکاری ڕەهەندە جیاجیاکانی بابەت و ڕوداوەکان لە بەرنامەی بنکۆلکاری تا ئەورادەیەی کە پشتبەستنی بەرتوێژان بۆ ئەم برگە پلەی چوارەم وەردەگرێت کە ڕێژەکەی (٠.١٢%). هەرچەندە بەرنامە بنۆلکارییەکان لە برگەی نیشاندانی ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەستن بە پرسی ئاشتەوای کۆمەلایەتی پلەی پێنجەم وەردەگرێت کە ڕێژەکەی (١١%)یە . زۆربەی بەرتوێژان لە برگەی پشتبەستنیان بۆ هەوڵ خشتنەڕووی ڕاستیەکان پلەی شەشەمی وەرگرتووە، بە ڕێژەیی (١٠%). سەبارەت بە پرسی خستنەڕووی هەوال و زانیارییە شاراوەکان بەرتوێژان پشتیان بەستووە بەلام ڕێژەیەکی کەمی وەرگرتووە کە پلەی حەوتەم وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (٠.٨%)، بەلام سەبارەت بە برگەی دەرهێنان و تەکنیکەکانی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنیەکان سەبارەت بە ڕادەی بلاوبونەوەی هۆشیاری ئاشتەوایی پلەی هەشتەکی وەرگرتوە کە ڕێژەکەی (٧%)، هەرچەندە برگەی سەرنج ڕاکێشان و وروژاندنی بەرنامە بنکۆلکارییەکان پلەی نۆیەمی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (٠.٥%)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دروستی وگونجاوی مامەلەی کەنالەکان لەگەل ژانریکی نوێی میدیای بینراو کەزیاتر پشت بەرومالی قول دەبەستێت.

**خشتەی (١٥) گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکاندا جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا تەماشای دەکات و زیاتر ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەریان**

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ٢٢ | ١١ | چوارەم |
| کۆمەلایەتی | ٢٥ | ١٢.٥ | سێیەم |
| ئابوری | ٣٢ | ١٦ | دووەم |
| یاسایی | ٣٩ | ١٩.٥ | یەکەم |
| تەندروستی | ٢٠ | ١٠ | پێنجەم |
| تاوان | ٢٥ | ١٢.٥ | سێیەم |
| ئاینی | ٢٠ | ١٠ | پێنجەم |
| کارگێری | ١٧ | ٨.٥ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت لەگرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکاندا جەماوەر تەماشای دەکات و زیاتر ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەریان بابەتە یاساییەکانە، کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە ڕێژەکەی (١٩.٥%) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەروو کەجەماوەر هەردەم چاویان لەسەر یاسا وسەروەریەکەی هەیە بۆ رۆڵ گێران لەهاوسەنگی سیستمی کۆمەلایەتی لەهەرێمی کوردستاندا. وەهەروەها بابەتە ئابوورییەکان پلەی دووەمی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (١٦%) لەبەر ئەوەی پرسی ئابووری نارۆشنی تێدابەرجەست بووە لە هەرێمی کوردستان بۆیە لە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنیەکان وەک پرسێکی سەرەکی باسی لێوەکراوە. بەلام سەبارەت بە باتەکانی کۆمەلایەتی و تاوانکارییەکان پرسێکی تری بەرنامە بنکۆلەکارییەکانە کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە، بۆیە وەلامی بەرتوێژان

بۆ ئەم پرسە وەک یەک و هاوسەنگە کە ڕێژەکەی (٥٠.١٢%) یە. بەلام بە پرسە سیاسی و رامیارییەکان لە بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان پلەی چوارەمی وەرگرتووە کە وەلامی بەرتوێژان بۆ ئەم پرسە تارادەیەک گونجاوەو کە کاریگەری لەسەر پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەکات کە ڕێژەکەی (١١%). بەلام سەبارەت بە پرسەکانی ئاینی و تەندروستی دوو برگەی ترن کە لە ئەنجامی وەلامی بەرتوێژان هاوسەنگ دەرچوون کە پلەی پێنجەمیان وەرگرتووە ڕێژەکانیان (١٠%). وەهەروەها سەبارەت بە برگەی کارگێریەکان لەبابەتەکانی بەرنامەی بنکۆل پلەی شەشەمی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (٥٠٨%).

**خشتەی (١٦) دیاترین ئەو رەهەندانەی کە هانی مشتەی توێژینەوەکە دەدەن بۆ تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان**

| برگەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاماژەی گرنگی ڕێژەیی | ئاستی ڕێژەیی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | | | | | |
| دەستووری(یاسایی) | ٨٩ | ٤٤.٥ | ٥٩ | ٢٩.٥ | ٥٢ | ٢٦ | ٢.١٩ | ٠.٨٢١ | ٠.٠٧ | بەرز | ٥ |
| کۆمەلایەتی | ٧٩ | ٣٩.٥ | ٦١ | ٣٠.٥ | ٦٠ | ٣٠ | ٢.٠٩ | ٠.٨٣٠ | ٠.٠٦ | مامناوەند | ٦ |
| سیاسی | ٧٢ | ٣٦ | ٦٠ | ٣٠ | ٦٨ | ٣٤ | ٢.٠٢ | ٠.٨٣٩ | ٠.٠٦ | مامناوەند | ٨ |
| ئابووری | ٨٥ | ٤٢.٥ | ٨٠ | ٤٠ | ٣٥ | ١٧.٥ | ٢.٢٥ | ٠.٧٣٥ | ٠.٠٧ | بەرز | ٣ |
| رۆشنبیری | ٧٧ | ٣٨.٥ | ٦٣ | ٣١.٥ | ٦٠ | ٣٠ | ٢.٠٩ | ٠.٨٢٥ | ٠.٠٦ | مامناوەند | ٧ |
| ئاینی | ٩٠ | ٤٥ | ٦٨ | ٣٤ | ٤٢ | ٢١ | ٢.٢٤ | ٠.٧٧٨ | ٠.٠٧ | بەرز | ٤ |
| کەلتووری | ٩٨ | ٤٩ | ٦٨ | ٣٤ | ٣٤ | ١٧ | ٢.٣٢ | ٠.٧٤٩ | ٠.٠٧ | بەرز | ٢ |
| تەکنەلۆجی | ٩٥ | ٤٧.٥ | ٨٠ | ٤٠ | ٢٥ | ١٢.٥ | ٢.٣٥ | ٠.٦٩٣ | ٠.٠٧ | بەرز | ١ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٦) دەردەکەوێت لەدیاترین ئەو رەهەندانەی کە هانی مشتەی توێژینەوەکە دەدەن بۆ تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان رەهەندی تەکنەلۆجیە کەبەۆلەی یەکەم دێت بەنیوەندی ژمیرەیی (٢.٣٥) و لادانی پێوەری (٠.٦٩٣) وگرنگی رێژەیی (٠.٠٧) وئاستی رێژەیی بەرز، ئەمەش ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە کەجەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆی تەکنەلۆجیاوە گۆرانکاری گەورە لەژیان وژیاریدا روویداوە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ رەنگدانەوەی لەسەر دروست کردوە.

**خشتەی (١٧) کارایی جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لەتەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکاندا**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٠٢ | ٥١ | یەکەم |
| هەندیکجار | ٥٥ | ٢٧.٥ | دووەم |
| هەرگیز | ٤٣ | ٢١.٥ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٧) دەردەکەوێت کە مشتەی توێژینەوە زورینەی زوریان کاران و بەشێوەیەکی بەردەوام کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە رێژەکەی (٥١%) وەهەروەها برگەی هەندیکجار کە بەرتوێژان تەماشای بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان دەکەن پلەی دووەمی وەرگرتووە کە رێژەکەی (٢٧.٥%)، کە ئەم دوو برگەیەی کە پلەی یەکەم و

دووەمیان وەرگرتووە خاڵیکی بەهێزی سروشت وئامانجی پەیوەندی جەماوەر نیشان دەدات بۆ خودی بەرنامەی بنکۆڵکارییەکان.بەلام سەبارەت بە برگەی سێیەم کە هەرگیزە پلەی سێیەمی وەرگرتووە کە رێژەکەی (%٥٥.٢١) کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە رێژەژەکی کەم تەماشای بەرنامە بنکۆڵکاریەکان ناکەن .

**خشتەی (١٨) بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیۆنیەکان و رومالی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لای مشتەی توێژینەوەکە**

| برگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵی | ١٠٧ | ٥٣.٥ | یەکەم |
| نەخێر | ٩٣ | ٤٦.٥ | دووەم |
| کوی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٨) دەردەکەویت کەزیاد لەنیوەی مشتەی توێژینەوەکە پێیان وایە کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان لەرێی بەرنامە بنکۆڵکارییەکانیەوە رومالی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەکات، کە برگەی (بەڵی) پلەی یەکەمی وەرگرتووە رێژەکەی (%٥٥.٥٣)ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ پشت بەستن بەبەرنامەی بنکۆڵکار لەبەئاگابوون لەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی. وەهەروەها ئەو بەرتوێژانەی کە وەلامەکانیان بە نەخێر بووە پلەی دووەمی ئەنجامی فۆرمی راپرسییەکە دەخاتەروو کە رێژەکەی (%٥٥.٤٦)ە.

**خشتەی (١٩) ئامانجی بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەفزیۆنیەکان لەرومالّی پرسی ئاشتەوای کۆمەلایەتی لای جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا**

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆ بلاوکردنەوەی هەوال وزانیارییە | ٢١ | ١٠.٥ | چوارەم |
| بۆ پەروەردە وفێرکردنە | ٢٨ | ١٤ | دووەم |
| بۆ هۆشیاری وئاگاداركردنەوەیە | ٩٣ | ٤٦.٥ | یەکەم |
| بۆ ریکلام وبانگەشەیە | ٢٦ | ١٣ | سێیەم |
| بۆ پاسارهێنانەوەیە | ١٠ | ٥ | شەشەم |
| بۆ هاندان وجولاندنی شەقامە | ٧ | ٣.٥ | حەوتەم |
| بۆ مەرامی تایبەتیە | ١٥ | ٧.٥ | پێنجەم |
| كۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٩) دەردەکەوێت کەئامانجی هۆشیاری وئاگادارکردنەوە بەپلەی یەکەم دێت کە ڕێژەکەی (٤٦.٥%) لەنێو ئامانجی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەفزیۆنیەکان لەرومالّی پرسی ئاشتەوای کۆمەلایەتی لای مشتەی توێژینەوەکە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەبەرنامە بنکۆلکاریەکان مەبەستیانە چارەسەری میدیایی بدۆزنەوە بۆ لەباری ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لەهەرێمی کوردستاندا لەرێی تیشک خستنەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی لەچوارچێوەی ئاگاداری وهۆشیاری بەردەوام. بەلام سەبارەت بە بڕگەی دووەم کە پەروەردە فێرکردنە کاریگەری راستەخۆیی هەیە لەسەر پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی کە بە پلەی دووەم دێت ڕێژەکەی (١٤%) . تەنانەت بەشێک لە بەرتوێژان ئامانجی بەرنامە بنکۆلکارییەکان لە رێی رومالەکانیەوە لە پرسی ئاشتەوایی پشتدەبەستن بە بابەتە ریکلام و بانگەشەی بابەتە ترسناکەکانی کە ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بەرەو هەلّدێر دەبات کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە بە رێژەی (١٣%) . وەهەروەها برگەی بلاوکردنەوەی هەوال و زانیارییەکانی لە بەرنامەی بنکۆل دەخرێتەروو تا رادەیەک کاریگەری دروستدەکات

لەسەر پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی کە پلەی چوارەمی وەرگرتووە ڕێژەکەی (٥٠.١٠%)یە. بەشێزک لەبەرنامەکانی بنکۆل هەلدانە بە بابەتە مەرامییەکان بۆ پەردە پۆشکردن و خۆساخکردنەوە بۆ رازی هەستی جەماوەر کە ئەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی کە پلەی پێنجەمی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (٥٠.٧%)ە، تەنانەت برگەکانی پاساو هێنانەوە و هاندانی شەقام پلەکانی شەشەم و حەوتەمیان وەرگرتووە کە ڕێژەکانیان لە نێوان ( ٥٠%) بۆ برگەی پاساو هێنانەوە، وەهەروەها (٥٠.٣%) بۆ برگەی هاندان و جولاندنی شەقام . ئەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بەشێکی بەرتوێژان بۆچونیان وایە کە ئەو برگانەی کە لەپێشتر ئاماژەیان پێکراوە کاریگەری لەسەر پرسی ئاشتەوایی دروست دەکەن.

**خشتەی (٢٠) گرنگیدانی مشتەی توێژینەوەکە بەبەرنامە بنکۆلکارییە تەلەفزیۆنیەکان پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی**

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١١٧ | ٥٨.٥ | یەکەم |
| هەندێکجار | ٥٣ | ٢٦.٥ | دووەم |
| هەرگیز | ٣٠ | ١٥ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢٠) دەردەکەوێت کەزۆرینەی زۆری جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا گرنگی بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی دەدەن بەشێوەیەکی بەردەوام کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە ڕێژەکەی (٥٠.٥٨%)ە . بەلام بۆ برگەی دووەم کە هەندێکجار، بە پلەی دووەم دێت ڕێژەکەی (٥٠.٢٦%)ە، کە ئاماژەیە بۆ گرنگیدانی مشتەی توێژینەوەکە بەپێگە وشێوازی ڕومال وتیشک خستنەسەر ڕەهەندەکانی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لەلایەن بەرنامە بنکۆلکارییەکان. وەهەروەها بەشێک لەبەرتوێژان لە برگەی هەرگیز کەمترین ئاستی بەرکەوتووە کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە ڕێژەکەی (١٥%) کە کەمترین کاریگەری هەیە بۆ پرسەکانیئاشتەوایی کۆمەلایەتی .

## خشتەی( ٢١) بۆچونی مشتەی توێژینەوەکە سەبارەت بەبەرنامە بنكۆڵكارییە تەلەڤزیۆنییەکان و پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی

| پلەی پشت بەستن / بۆچوون | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی گرنگی ڕێژەیی | ئاستی ڕێژەیی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | | | | | |
| ئارەزووی تەماشاکردنی بەرنامە بنكۆلكارییەکان دەکەم کە تایبەتن بەرووماڵی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی. | ١٤٢ | ٧١.٥ | ٤٦ | ٢٣ | ١١ | ٥.٥ | ٢.٦٦ | ٠.٥٨٠ | ٠.٠٨ | بەرز | ١ |
| پێم باشە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسانەی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بکەم کە لە لەبەرنامە بنكۆلكارییە تەلەفزیۆنیەکاندا دەخرێنە ڕوو. | ١٣٦ | ٦٥.٥ | ٥٠ | ٢٥ | ١٩ | ٩.٥ | ٢.٥٦ | ٠.٦٦٢ | ٠.٠٨ | بەرز | ٢ |
| کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لەبەرنامە بنكۆلكارییەکاندا تیشک دەخەنە سەر پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی | ١٠٩ | ٥٤.٥ | ٦٤ | ٣٢ | ٢٧ | ١٣.٥ | ٢.٤١ | ٠.٧١٧ | ٠.٠٧ | بەرز | ٣ |
| بەرنامە بنكۆلكارییە تەلەفزیۆنییەکان ناتوانن ئامانجی ڕاستەقینە لەرووماڵی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بەدەستەبهێنن. | ٥٤ | ٢٧ | ١٠٥ | ٥٢.٥ | ٤١ | ٢٠.٥ | ٢.٠٧ | ٠٦٨٨. | ٠.٠٦ | مامناوەند | ٤ |
| کەناڵە کوردییەکان زۆربەی کات پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بۆ مەرامی سیاسی وئایدۆلۆژی بلاودەکەنەوە. | ٤٢ | ٢١ | ٦٨ | ٣٤ | ٩٠ | ٤٥ | ١.٧٦ | ٠.٧٧٨ | ٠.٠٥ | مامناوەند | ٥ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢١) دەردەکەوێت کە جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا بەپلەی یەکەم ڕایان وایە کەناڕەزووی تەماشاکردنی بەرنامە بنکولکارییەکان دەکەن کە تایبەتن بەرومالی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی بەنێوەندی ژمێرەیی (٢.٦٦) ولادانی پێوەرەی (٠.٥٨٠) وگرنگی ڕێژەیی (٠.٠٨) وئاستی گرنگی (بەرز)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەئاگایی وگرنگیدان وپەیوەست بونیان بەخودی بەرنامە بنکۆلکارەکان لەخستنەروی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتیدا.

# بەشی چوارەم : ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان و شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی

## بەشی چوارەم

## ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان

* **دەروازە:**

تویژەر لەم بەشەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکانی تویژینەوە دەخاتەڕوو، سەرەرای شیکردنەوەوراڤەکردنی ئەنجامی هەر یەک لەو گریمانانە بەجیا لەخوارەوە دەخاتە بەرباس.

* **گریمانەی یەکەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان تەماشاکردن وپلەکانی پشت بەستنی جەماوەر لەهەریمی کوردستان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە.**

**خشتەی ژمارە (٢٢) هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان تەماشاکردن وپلەکانی پشتبەستنی مشتەی توێژینەوەکە بەبەرنامەی بنکۆلکاری**

| تەماشاکردن / پشت بەستن | هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| بەرنامەی بنکۆلکاری | ٠.٧٨٩ | ٤.٠٨ | ١.٢٨ | ٠.٠٠٠ |

- ئەنجامی خشتەی (٢٢) نیشان دەدات کەهاوکێشەی پەیوەستی لەنێوان تەماشاکردن وپشت بەستنی جەماوەر بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی هەیە، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠.٧٨٩) وبەناوەندی ژمێرەیی (٤.٠٨) ولادانی پێوەری (١.٢٨) وبەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کە تاکو مشتەی توێژینەوە ئاست وقەبارەی تەماشاکردنیان بۆ بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی بەرەو زیادبون بڕوات بێشک پلەی پشتبەستنیان بەخودی ئەو بەرنامانە زیاتر دەبێت.

*** گریمانەی دوەهەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان پلەکانی پشتبەستن و ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان لای مشتەی توێژینەوەکە هەیە.**

**خشتەی ژمارە (٢٣) هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندیی ئاماریی لە نێوان پلەکانی پشتبەستن و ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان لای مشتەی توێژینەوەکە هەیە**

| پشتبەستن / ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی | هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان | ئاوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەفزیۆنی | ٠.٨٨١ | ١٩.٣ | ٦.٧٩٧ | ٠.٠٠٠ |

- ئەنجامی خشتەی (٢٢) نیشان دەدات کەهاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان پلەکانی پشت بەستن و ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان لای مشتەی توێژینەوەکە هەیە ، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠.٨٨١) وبەئاوەندی ژمێرەیی (١٩.٣) ولادانی پێوەری (٦.٧٩٧) وبەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە. لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی چوارەم ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەمشتەی توێژینەوە بەڕێژەیەکی باش پلەی

پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بۆ تەماشاکردنی رەهەندەکانی خودی بەرنامەکەیە.

*** گریمانەی سێیەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لەنێوان پلەکانی پشتبەستن و ئامانجی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەفزیۆنیەکان لەرومالّی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لای جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە.**

**خشتەی ژمارە (٢٤) هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندیی ئاماریی لە نێوان پلەکانی پشتبەستن و ئامانجی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەفزیۆنیەکان لەرومالّی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتیدا لای جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە**

| پشتبەستن / ئامانج | هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی | ٠.٨٣٧ | ٦.٤٧ | ٢.٣١٦ | ٠.٠٠٠ |

- ئەنجامی خشتەی (٢٤) نیشان دەدات کەهاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان پلەکانی پشتبەستن و ئامانجی بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەفزیۆنیەکان لەرومالّی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لای جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠.٨٣٧) وبەناوەندی ژمێرەیی (٦.٤٧) ولادانی پێوەری (٢.٣١٦) وبەهای ئاستی باوەری (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە. لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی چوارەم ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە مشتەی توێژینەوە

بەهۆی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی ئامانجی خودی بەرنامەکە لەرومالی پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەستبەردەکەن.

* **گریمانەی چوارەم: پەیوەندی ئامانژەی ئاماری لەنێوان پلەکانی پشتبەستن وبۆچونی مشتەی توێژینەوەکە هەیە سەبارەت بەبەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان وپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.**

**خشتەی ژمارە (٢٥) هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئامانژەکانی پەیوەندیی ئاماریی لەنێوان پلەکانی پشتبەستن و بۆچونی مشتەی توێژینەوەکە هەیە سەبارەت بەبەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان و پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی**

| پشتبەستن / بۆچون | هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی | ٠.٩٣٤ | ١٣.٢١ | ٣.٨٦٦ | ٠.٠٠٠ |

- ئەنجامی خشتەی (٢٥) نیشان دەدات کەهاوکێشەی پەیوەستی لەنێوان پلەکانی پشتبەستن و بۆچونی مشتەی توێژینەوەکە هەیە سەبارەت بەبەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان و پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان (٠.٩٣٤) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٣.٢١) ولادانی پیوەری (٣.٨٦٦) وبەهای ئاستی باوەری (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئامانژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی چوارەم ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە مشتەی توێژینەوە لەپشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بۆچونیان سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لەزیادبوندایە.

*** گریمانەی پێنجەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی: (ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.**

**خشتەی ژمارە (٢٦) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی: (ڕەگەز)**

| ڕەگەز | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٣٢ | ١١٨.٥٠ | -٧.٣٩٨ | ٣.٩٩ | ٠.٩٦٧ | ٠.٠٠٠ |
| مێ | ٦٨ | ٦٥.٥٦ | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٦) دەردەکەویت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکولکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی ڕەگەز، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-٧.٣٩٨)

وبەناوەندی ژمێرەیی (٣.٩٩) ولادانی پێوەری (٠.٩٦٧) وبەئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە بەبەهای ناوەندی ڕوتبی (١١٨.٥٠) بەرانبەر (٦٥.٥٦) بۆ ڕەگەزی مێ.

**خشتەی ژمارە (٢٧) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (تەمەن)**

| تەمەن | دووبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە 18–23 سال | ٢٠ | ٦٠.٩٠ | ١٦٢.٦٩٣ | ٥.٨٣ | ١.٧٧٦ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| لە 24 بۆ 29 سال | ٢١ | ٥٠.٦٧ | | | | | |
| لە 30 بۆ 35 سال | ٣٧ | ٥٠.٦٧ | | | | | |
| لە 36 بۆ 41 سال | ٦٣ | ٨١.٦٤ | | | | | |
| لە 42 سال زیاتر | ٥٩ | ١٦٦.٥٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٧) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: تەمەن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٦٢.٦٩٣) وبەناوەندی ژمێرەیی (٥.٨٣) ولادانی پێوەری (١.٧٧٦) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی

باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی تەمەنی (لە ٤٢سال زیاتر ) بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٦.٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی تەمەنەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٢٨) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری)**

| ئاستی خوێندەواری | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٢٩ | ١٦٦.٥ | ١٢٩.٨٣١ | ٥.٢٠ | ١.٦٣٨ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ناوەندی | ١٦ | ١٦٦.٥ | | | | | |
| ئامادەیی | ٧٠ | ١٠٠.٠٣ | | | | | |
| پەیمانگا یان زانکۆ | ٦٩ | ٦٧.٥٠ | | | | | |
| خوێندنی بالا | ١٦ | ٥٩.٢٥ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٨) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی ئاستی زانستی، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٢٩.٨٣١) وبەناوەندی ژمێرەیی (٥.٢٠) ولادانی پێوەری (١.٦٣٨) وبەپلەی ئازادی (٤)

وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ئاستی زانستی سەرەتایی وناوەندی بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٦.٥) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی ئاستە زانستیەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٢٩) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (پیشە)**

| پیشە | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بێکار | ٤٨ | ١٦٦.٦٥ | ١٧٨.٢٦٦ | ٥.١٣ | ٢.٠٨٤ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| چالاکوانی مەدەنی | ٢٥ | ١٤٦.٧٠ | | | | | |
| مامۆستا و فەرمانبەر لەکەرتی حکومی | ٣٢ | ٦٧.٥٠ | | | | | |
| فەرمانبەر لەکەرتی تایبەت | ٢٨ | ٦٧.٥٠ | | | | | |
| کاسبکار | ٦٧ | ٦٥.٥٣ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٩) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: پیشە، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٧٨.٢٦٦) وبەناوەندی ژمێرەیی (٥.١٣) ولادانی پێوەری (٢.٠٨٤) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی بێکار بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٦.٦٥) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی پیشەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٣٠) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (شوێن)**

| شوێن | دووبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٠ | ١٦٦.٥٠ | ١٤٦.٢٣٧ | ٤.٨٣ | ١.٦١٣ | ٣ | ٠.٠٠٠ |
| سلێمانی | ٥٠ | ١٠٣.١٤ | | | | | |
| دهۆک | ٥٠ | ٦٧.٥٠ | | | | | |
| هەڵەبجە | ٥٠ | ٦٤.٨٦ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٠) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی شوێن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٤٦.٢٣٧) وبەناوەندی ژمێرەیی (٤.٨٣) ولادانی پێوەری (١.٦١٣) وبەئاستی باوەڕی (٣)، بەڵام لەبەرژەوەندی پارێزگای هەولێر بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٦.٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی پارێزگاکانی دیکە.

- **گریمانەی شەشەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەپلەی پشت بەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی: (ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی زانستی، پیشە ،شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.**

**خشتەی ژمارە (٣١) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (ڕەگەز)**

| ڕەگەز | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٣٢ | ١٢٨.٠٦ | -١٠.١٣٦ | ٣.٤١ | ١.٢٦٣ | ٠.٠٠٠ |
| مێ | ٦٨ | ٤٧.٠٠ | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣١) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی ڕەگەز، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١٠.١٣٦) وبەناوەندی ژمێرەیی (٣.٤١) ولادانی پێوەری (١.٢٦٣) وبەئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر بەبەهای ناوەندی روتبی (١٢٨.٠٦) بەرانبەر (٤٧.٠٠) بۆ ڕەگەزی مێ.

**خشتەی ژمارە (٣٢) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (تەمەن)**

| تەمەن | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمیرەیی | لادانی پیوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە 18-23 سال | ٢٠ | ١٦٤.٤٩ | ١٦٢.٨٣٤ | ٥.٣٥ | ٢.٠٧٢ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| لە 24 بۆ 29 سال | ٢١ | ١٠٦.٨١ | | | | | |
| لە 30 بۆ 35 سال | ٣٧ | ٤٧.٠٠ | | | | | |
| لە 36 بۆ 41 سال | ٦٣ | ٤٧.٠٠ | | | | | |
| لە 42 سال زیاتر | ٥٩ | ٤٧.٠٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٢) دەردەکەویت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشت بەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: تەمەن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٦٢.٨٣٤) وبەناوەندی ژمیرەیی (٥.٣٥) ولادانی پێوەری (٢.٠٧٢) وبەپلەی ئازادی (4) وئاستی باوەری (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی تەمەنی (لە 18-23 سال) بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٤.٤٩) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی تەمەنەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٣٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشت بەستنیان بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری)**

| ئاستی خوێندەواری | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٢٩ | ١٧٩.٠٠ | ١٨٢.٠٤٢ | ٤.٦٢ | ١.٩٣٤ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ناوەندی | ١٦ | ١٧٢.٣١ | | | | | |
| ئامادەیی | ٧٠ | ١١٦.٥٣ | | | | | |
| پەیمانگا یان زانکۆ | ٦٩ | ٤٧.٠٠ | | | | | |
| خوێندنی باڵا | ١٦ | ٤٧.٠٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٣) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی ئاستی زانستی، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٨٢.٠٤٢) وبەناوەندی ژمێرەیی (٤.٦٢) ولادانی پێوەری (١.٩٣٤) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی ئاستی زانستی سەرەتایی وناوەندی بەبەهای ناوەندی روتبی (١٧٩.٠٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی ئاستە زانستیەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٣٤) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆڵکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (پیشە)**

| پیشە | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بێکار | ٤٨ | ١٧٣.٤٣ | ١٩٠.٥٤٦ | ٤.٥٥ | ٢.٣٨ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| چالاکوانی مەدەنی | ٢٥ | ١٢٥.٥٠ | | | | | |
| مامۆستا و فەرمانبەر لەکەرتی حکومی | ٣٢ | ١٢٥.٥٠ | | | | | |
| فەرمانبەر لەکەرتی تایبەت | ٢٨ | ٥٢.٦١ | | | | | |
| کاسبکار | ٦٧ | ٤٧.٠٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٤) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: پیشە، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٩٠.٥٤٦) وبەناوەندی ژمێرەیی (٤.٥٥) ولادانی پێوەری (٢.٣٨) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی بێکار بەبەهای ناوەندی روتبی (١٧٣.٤٣) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی پیشەکانی دیکە.

### خشتەی ژمارە (٣٥)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەپلەی پشتبەستنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی: (شوێن)**

| شوێن | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٠ | ١٧١.٥١ | ١٨٠.٠٧٢ | ٤.٢٥ | ١.٩٠٩ | ٣ | ٠.٠٠٠ |
| سلێمانی | ٥٠ | ١٢٥.٥٠ | | | | | |
| دهۆک | ٥٠ | ٥٧.٩٩ | | | | | |
| هەڵەبجە | ٥٠ | ٤٧.٠٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٥) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوە لەئاستی تەماشاکردنیان بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی هەیە بەپێی شوێن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٨٠.٠٧٢) وبەناوەندی ژمێرەیی (٤.٢٥) ولادانی پیوەری (١.٩٠٩) وبەئاستی باوەڕی (٣)، بەڵام لەبەرژەوەندی پارێزگای هەولێر بەبەهای ناوەندی روتبی (١٧١.٥١) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی پارێزگاکانی دیکە.

• گریمانەی حەوتەم: جیاوازی ئاماژەی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (رەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ،پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.

**خشتەی ژمارە (٣٦) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (رەگەز)**

| رەگەز | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٣٢ | ١٣٤.٥٠ | -١١.٩٠٠ | ١٩.٢١ | ٦.٤٨٤ | ٠.٠٠٠ |
| مێ | ٦٨ | ٣٤.٥٠ | | | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٦) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەهۆکارەکانی پشتبەستن بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی رەگەز، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١١.٩٠٠) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٩.٢١) ولادانی پێوەری (٦.٤٨٤) وبەئاستی باوەری (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی رەگەزی نێر بەبەهای ناوەندی روتبی (١٣٤.٥٠) بەرانبەر (٣٤.٥٠) بۆ رەگەزی مێ.

**خشتەی ژمارە (٣٧)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (تەمەن)**

| تەمەن | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لــە 18-23 ساڵ | ٢٠ | ١٦٤.٥٠ | ١٧٨.٦٦٧ | ٢١.١٥ | ٧.٢٩٣ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| لە 24 بۆ 29 ساڵ | ٢١ | ١١٤.١٨ | | | | | |
| لە 30 بۆ 35 ساڵ | ٣٧ | ٦٣.١٦ | | | | | |
| لە 36 بۆ 41 ساڵ | ٦٣ | ٢٨.٧٦ | | | | | |
| لـە 42 سـاڵ زیاتر | ٥٩ | ١٣.٠٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٧) دەردەکەویت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی تەمەن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٧٨.٦٦٧) وبەناوەندی ژمێرەیی (٢١.١٥) ولادانی پێوەری (٧.٢٩٣) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەری (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی تەمەنی (لە 18-23 ساڵ) بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٤.٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی تەمەنەکانی دیکە.

## خشتەی ژمارە (٣٨)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (ئاستی خوێندەواری)**

| ئاستی خوێندەواری | دووبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٢٩ | ١٦٤.٥٠ | ١٦٣.٥٦٢ | ٢٠.٤٢ | ٧.١٥٥ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ناوەندی | ١٦ | ١٦٤.٥٠ | | | | | |
| ئامادەیی | ٧٠ | ١٢٧.١١ | | | | | |
| پەیمانگا یان زانکۆ | ٦٩ | ٥٢.٠٥ | | | | | |
| خوێندنی بالا | ١٦ | ١٣.٠٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٨) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی زانستی، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٦٣.٥٦٢) وبەناوەندی ژمێرەیی (٢٠.٤٢) ولادانی پێوەری (٧.١٥٥) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ئاستی زانستی سەرەتایی وناوەندی بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٤.٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی ئاستە خوێندەوارییەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٣٩)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماری لە ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (پیشە)**

| پیشە | دوبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمیرەیی | لادانی پیوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بێکار | ٤٨ | ١٦٤.٥٠ | ١٨٩.٠٠٩ | ٢٠.٣٥ | ٧.٦٠١ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| چالاکوانی مەدەنی | ٢٥ | ١٦٢.٩٦ | | | | | |
| فەرمانبەر لەکەرتی تایبەت | ٣٢ | ١٠٨.٦١ | | | | | |
| مامۆستا و فەرمانبەر لەکەرتی حکومی | ٢٨ | ٨٤.٧٥ | | | | | |
| کاسبکار | ٦٧ | ٢٤.٠٥ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٩) دەردەکەویت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە ڕەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆلکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی پیشە، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٨٩.٠٠٩) وبەناوەندی ژمیرەیی (٢٠.٣٥) ولادانی پیوەری (٧.٦٠١) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام

لەبەرژەوەندی بێکار بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٤.٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی پیشەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٤٠)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (كا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی: (شوێن)**

| شوێن | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی كا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٠ | ١٦٤.٥٠ | ١٨٢.١٩٨ | ٢٠.٠٥ | ٧.١٣٠ | ٣ | ٠.٠٠٠ |
| سلێمانی | ٥٠ | ١٣٥.٨٦ | | | | | |
| دهۆک | ٥٠ | ٧٥.٩٨ | | | | | |
| هەڵەبجە | ٥٠ | ٢٥.٦٦ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤٠) دەردەکەویت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە رەهەندەکانی تەماشاکردنی بەرنامە بنکۆڵکاریە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی شوێن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (كا2) کە (١٨٢.١٩٨) وبەناوەندی ژمێرەیی (٢٠.٠٥) ولادانی پێوەری (٧.١٣٠) و پلەی ئازادی (٣) وبەئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی پارێزگای هەولێر بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٤.٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی پارێزگاکانی دیکە.

• **گریمانەی هەشتەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری، پیشە ، شوێنی نیشتەجێبون) هەیە.**

**خشتەی ژمارە (٤١)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (ڕەگەز)**

| ڕەگەز | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٣٢ | ١٣٤.٤٦ | -١١.٧٥٥ | ١٣.١٢ | ٣.٥٥٣ | ٠.٠٠٠ |
| مێ | ٦٨ | ٣٤.٥٨ | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤١) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی ڕەگەز، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١١.٧٥٥) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٣.١٢) ولادانی پیوەری (٣.٥٥٣) وبەئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر بەبەهای ناوەندی روتبی (١٣٤.٤٦) بەرانبەر (٣٤.٥٨) بۆ ڕەگەزی مێ.

**خشتەی ژمارە (٤٢)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (تەمەن)**

| تەمەن | دوبارە | ناوەندی رۆتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە 18-23 سال | ٢٠ | ١٦٨.٨٨ | ١٨٦.٠٠٢ | ١٥.٠٦ | ٤.٣٦٢ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| لە 24 بۆ 29 سال | ٢١ | ١١١.١٣ | | | | | |
| لە 30 بۆ 35 سال | ٣٧ | ٦١.٤٦ | | | | | |
| لە 36 بۆ 41 سال | ٦٣ | ٣٠.٨٣ | | | | | |
| لە 42 سال زیاتر | ٥٩ | ١٠.٦٨ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤٢) دەردەکەویت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی تەمەن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٨٦.٠٠٢) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٥.٠٦) ولادانی پێوەری (٤.٣٦٢) وبەپلەی ئازادی (٤)

وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی هەردوو تەمەنی (لە 18-23 سال) بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٨.٨٨) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی تەمەنەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٤٣)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (ئاستی خوێندەواری)**

| ئاستی خوێندەواری | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٢٩ | ١٧٩.٥٠ | ١٨٣.٧٢٩ | ١٤.٣٣ | ٤.٢٢٤ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ناوەندی | ١٦ | ١٧٤.٤٤ | | | | | |
| ئامادەیی | ٧٠ | ١٢٠.١٢ | | | | | |
| پەیمانگا یان زانکۆ | ٦٩ | ٥١.٤٧ | | | | | |
| خوێندنی بالا | ١٦ | ٨.٩٧ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤٣) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی ئاستی خوێندەواری، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٨٣.٧٢٩) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٤.٣٣) ولادانی پێوەری (٤.٢٢٤) وبەپلەی ئازادی (٤) وئاستی باوەری (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی ئاستی خوێندەواری سەرەتایی

بەبەهای ناوەندی روتبی (١٧٩.٥٠) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی ئاستە زانستیەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٤٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (پیشە)**

| پیشە | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بیکار | ٤٨ | ١٧٦.١٣ | ١٨٦.٧٠٣ | ١٤.٢٦ | ٤.٦٧٠ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| چالاکوانی مەدەنی | ٢٥ | ١٢٧.٠٤ | | | | | |
| مامۆستا و فەرمانبەر لەکەرتی حکومی | ٣٢ | ١١٩.٠٠ | | | | | |
| فەرمانبەر لەکەرتی تایبەت | ٢٨ | ٨٤.٧٩ | | | | | |
| کاسبکار | ٦٧ | ٣٤.١٥ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤٤) دەردەکەویت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی پیشە، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٨٦.٧٠٣) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٤.٢٦) ولادانی پێوەری (٤.٦٧٠) وبەپلەی ئازادی (٤)

وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی بێکار بەبەهای ناوەندی ڕوتبی (١٧٦.١٣) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕوتبی پیشەکانی دیکە.

**خشتەی ژمارە (٤٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بە بەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی: (شوێن)**

| شوێن | دوبارە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٠ | ١٧٥.١٨ | ١٨٥.٤٥٧ | ١٣.٩٦ | ٤.١٩٩ | ٣ | ٠.٠٠٠ |
| سلێمانی | ٥٠ | ١٢١.٦٨ | | | | | |
| دهۆک | ٥٠ | ٧٩.٠١ | | | | | |
| هەلەبجە | ٥٠ | ٢٦.١٣ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤٥) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان مشتەی توێژینەوەکە لەبۆچونیان سەبارەت بەبەرنامەی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی وپرسی ئاشتەوایی بەپێی شوێن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (١٨٥.٤٥٧) وبەناوەندی ژمێرەیی (١٣.٩٦) ولادانی پێوەری (٤.١٩٩) و پلەی ئازادی (٣) وبەئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلام لەبەرژەوەندی پارێزگای هەولێر بەبەهای ناوەندی ڕوتبی (١٧٥.١٨) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕوتبی پارێزگاکانی دیکە.

# دەرئەنجام و پێشنیارو  ڕاسپاردە

## * دەرەنجام:

**لەبەر رۆشنایی لایەنی تیۆرینامە و پراکتیکنامەکە توێژینەوەکە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی ناوەرۆکی بەرنامەکانی بنکۆڵ لە کەناڵی ئاسمانی K24 گەیشتووە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە**

1. بەرنامە بنکۆڵکارییە تەلەڤزیۆنییەکان بایەخ و گرنگیدانیان بەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی لەرومالی میدیاییاندا لاوازە.
2. ڕەچاوکردنی بنەما زانستیەکانی بەرنامە بنکۆڵکارییەکانی کە لە کەنالەی ئاسمانی K24 وەرگیراون بە پشتبەستن بە لایەنی فۆرمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ ٥ بەرنامەی وەرگیراو . و شیکردنەوەی تەواوی بەرنامەکانی کەلە سنوری توێژینەوەکە ئاماژەی پێکراوە.
3. بەرنامەکانی بنکۆڵ تارادەیەکی باش پرۆسەی بنکۆلکاریان بۆکراوە, رومالی رەهەندەکانی نێو بابەتەکانی بەرنامەکان کراوە بەپێی کات و سات بە پشتبەستن بە تیۆری پشتبەستن و وەرگرتنی داتا وزانیاری لە سەرچاوە و بەلگە رەسەکانی نێو رووداوەکانی بەرنامەکە.
4. بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان زیاتر کار لەسەر ئەرکی تۆماری زانیاریەکان دەکات لەکاتی رومالی میدیایی پەیوەست بەبەپرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.
5. هاندان و ڕایکردنی کردە زانستیەکانی نێو بەرنامەکان و ئاشکرا کردنی کردە نایاساییەکان نێو کۆمەلگا و دامەزراوەکان و پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەستەبەر بکات.

6. بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان زۆرتر زیاد لەدیدیک دەخەنەروو لەهوسەنگی رومالی میدیایی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کومەلایەتی.

7. جەماوەر لەهەریمی کوردستاندا پشت دەبەستن بەبەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ ئاشنابون بەبابەتی جۆراوجۆر.

8. مشتەی تویژینەوەکە بەپلەی یەکەم ئامانجی هۆشیاری وئاگادارکردنەوە لایان پەسەندە لەنیو بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان لەکاتی رومالی میدیایی پەیوەست بەپرسی ئاشتەوایی کومەلایەتیدا.

9. ئەنجامەکانی تویژینەوەکە گەیشتووە بە دەرئەنجامەی کە راگەیاندنی تەلەڤزیۆنی و بەرنامە بنکۆلکارییەکان لە هەریمی کوردستان نەگەیشتووە بە ئاستی کارامەیی بنکۆلکاری بەو ئاستەی کە ژینگەیەکی لەباری میدیایی برەخسنیت کە رۆژنامەکارو بەرنامەی بنکۆل بتوانیت بە ئازادی کاری رۆژنامەوانی خۆی بکات.

10. راگەیاندنی بنکۆلکاری هەندیکجار کاری لەسەر هۆشیاری کومەلایەتی و پرسی ئاشتەوایی کردووە.

11. جیاوازی هەیە لەنیوان جەماوەر لەهەریمی کوردستاندا لەپشت بەستنیان بەرنامە بنکۆلکارییە تەلەڤزیۆنییەکان وهۆشیاریان سەبارەت بەپرسی ئاشتەوایی کومەلایەتی بەپیی: (رەگەز - تەمەن - ئاستی خویندەواری – پیشە - شوینی نیشتەجیبون).

12. راگەیاندنی بنکۆلکاری تەلەڤزیۆنی لە هەریمی کوردستان ئاستەنگ و لەمپەر سازدانی بەرنامەکانی بنکۆل هاتونەتە ئاراوە کە ئەمەش بەشیکە لە کارنامەی و کاری دەستوەردانی سیاسی کە وا دەکات کەنالەکانی بەشیوەیک لەشیوەکان نەگەنە بەلگەنامەو و داتا و زانیاری تەندروست .

* راسپاردە:

1. زیاتر ئاشناکردنی دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بابەت بنکۆلکاری و ئاشتەواییەکان لە ژێر هەژموونی رۆژنامە نووس و دەزگا حکومی و ناحکومیەکان کە بەچ شێوەیەک کار لەسەر سەقامگیری ئاشتەوای خێزان و کۆمەلگا بکەن .
2. بە هاناوە چوونی کایە میدیایەکان بۆ زیاتر گرنگی دان بە پرسە کۆمەلایەتیەکان و بنکولکردنیان و رۆلی رۆژنامە نووسی بنکۆلکار لە رێکخستنەوەی پرسیە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی و ئابووری و تەندروستی و تەکنەلۆجی ، کە تاکی کۆمەلگا وابەستە ئەم جۆرە رەهەندانەن بۆ زیاتر فەراهەم کردنی پرسی ئاشتەوای کۆمەلایەتی .
3. دامەزراوە میدیاییە کوردییەکان زۆر تا کەم ئاستی کارکردنیان لە بابەتە بنکۆلکاریەکان لاوازە ، بەهۆی ئەوەی زۆربەی بابەتە بنکۆلکاریە هەستیارییەکان لە نێو کۆمەلگای کوردی زۆر بەزەقی بوونی هەیە، بەلام بەهۆی مەترسی کارکردن لەم جۆرە تیۆرەی میدیایی ئاستەنگ بۆ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامە بنکۆلکاریەکان دروست دەکات ، کە ئەوەش وا دەکات دامەزراوە میدیاییەکان کەمتر پەی بۆ ئەم جۆرە بابەت بنکۆلکاریانە ببەن ، بە هۆی دەستوەردانی چینی خاوەن هەژموونی دەسەلات وەک لایەنە حزبیەکان و پالپشتی نەکردنی داداگاکان لەم جۆرە کەیسانە ، کە ئەوەش وادەکات دامەزراوە میدیایی و رۆژنەمانووسان کار لەم جۆرە بەرنامە بنکۆلکاریانە نەکەن .
4. کارکردن بۆ زیاتر دەست والایی رۆژنامەنووسی بنکۆلکار بۆ ئەوەی ئازادانە رای هاولاتیان و کارە قیزەونەکان بخاتە روو . کە مکار لەسەر رەوشی تاکی کۆمەلگا و سەقامگیری ولات دەکات لە گشت کایەکانی ژیان .

5. دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە پارێزبەندی رۆژنامەنوسان بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر قولببنەوە لە بابەتە بنکۆڵکاریەکان بە بێ دودلی و دلەراوکێی . کەئەوەش کاری رۆژنامەنووس ئاسانتر دەکات .

* پێشنیار:

1. پێویستە لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری پشتگیری لە تەواوی رۆژنانوسانی بنکۆڵکار بکات بۆ زیاتر بەدەست هێنانی داتا و زانیاری کە زۆرترین کاریگەری لەسەر پرسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دروست کردووە.
2. دەزگا و دامەزراوە میدیاییەکان رۆژنامەنوسان کارامە بکەن کە چۆن مامەڵە لەگەل پرسەکانی ئاشتەوای و مەترسی داروخانی چین و توێژەکانی خێزان دەکەن . بۆ ئەوەی بەرنامە بنکۆلکاریەکان زیاتر نەبە هۆی پەرش بوونی هۆشیاری کۆمەلایەتی دوور لە هەموو پەیرەو پرۆگرامی هیچ تاقم و حزب و لایەنێک .
3. وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی گرنگی زیاتر بدات بەم جۆرە توێژینەوانە بۆ ئەوەی وەک تاکە پرۆگرامی زانستی مامەلەی لەگەل بکرێت لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندنی بالا . بۆ ئەوەی بۆ دواجار زۆربەی هەلگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا لە پسپۆری ڕاگەیاندن و میدیا و چین و توێژەکان هەلگری ئەو زانیارییانە بن کە چۆن مامەڵە لەگەل بابەت بنکۆلکاریەکان بکرێت.
4. توێژەران زیاتر گرنگی بە بابەتی بنکولکاری بدەن گشت کەمو کورییەکانی ئەو بابەت بخەنە روو لە دووتوێ توێژینەوەی دەرچوون بێت یان ماستەرنامە یان تێزی دکتورا
5. توێژەرانی خوێندنی بالا بنکۆلکاری بکەن بۆ چۆنیەتی نوسین و دارشتنەوەی دەقەکان و وەرگرتنی زانیارییە تایبەتە ناوەخۆی و نێودەولەتیەکان بکەن کە پێویستی بابەتی بنکولکاری بە تیۆری و پراکتیکی چۆن بکاتە دەست گشت تاکەکانی کۆمەلگا .

# لیستی سەرچاوەکان

## • لیستی سەرچاوەکان:


1-قورئانی پیرۆز.

2- سەرچاوە کوردیەکان.

- کتێب:

1. سەپان مغدید 2015: رۆژنامەنووسی بەدواداچوون ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،
2. سەپان مغدید 2009: مێژووی تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس هەنگاوێک بۆ نووسینەوەی مێژووی تەلەفزیۆن کوردی هەولێر ، چاپخانەی ئاراس
3. سەپان میخایلۆف ، سێرگی ؛ مغدید2013: پەیامنێری تەلەفزیۆن،چ1، چاپخانەی موکریان هەولێر
4. قانع مەم برهان 2012 ، لەبارەی راگەیاندنەوە (سلیمانی خانەی چاپ و بلاو کردنەوەی چوار چرا.

3- یاساکان :

1. پەرلەمانی کوردستان – عیراق ، یاسای ژمارە 11 ی هەولێر 2013

4- نامەی ماستەر وتێزی دکتۆرا:

1. أحمد: نیازعلی 2015.: پەیوەندی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بە ئاسایشی کۆمەلایەتی ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەددین
2. اسعد: ارشد خلیل 2016: پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچوون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ، نامەی ماستەر ، بەشی راگەیاندن ، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەددین.

3. خضر: شیلان یاسین 2014ز ،ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لە دروستکردنی ئاراستە سیاسیەکان،نامەی ماستەر، بەشی ڕاگەیاندن_ کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین،.

4. ڕەشید: دەشتی علی 2017، پێگەی ڕۆژنانووسی بنكولكاری ، بڕوانامەس ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن- ڕۆژنامەدا زانکۆی سلیمانی.

